# هەڵسەنگاندنی پەرتووکی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی لە ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالیێتی پەرتووکی فێرگەیی

ئەسعەد موهەنەد تورکی

ماستەرنامە

******


کەناڵی

(سەرچاوەی زمان و ئەدەب و ڕێگەکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی)

☟

https://t.me/Sercawe

لەم کەناڵەی تیلیگرامدا، ئەم سەرچاوانە هەیە:

١-زمانی کوردی

٢-ئەدەبی کوردی

٣-پەروەردە/ ڕێگەکانی وانەوتنەوە/ بوارەکانی دەروونزانی بە زمانی کوردی

٤- فەرهەنگی کوردی

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی بەغداد
کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی زمانی کوردی/ خوێندنی باڵا - ماستەر

# هەڵسەنگاندنی پەرتووکی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی لە ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی پەرتووکی فێرگەیی

نامەیەکە
**ئەسعەد موهەنەد تورکی ساڵح**

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی بەغدادی کردووە و بەشێکە لە پێویستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەری پەروەردە لە ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردیدا

بەسەرپەرشتی
پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر
**کەوسەر جاسم عوبێد**

خەزەڵوەر (2721)ی کوردی رەبیعەلئەووەڵ (1443)ی کۆچی تشرینی یەکەم (2021)ی زاینی

بسم الله الرحمن الرحيم




صدق الله العظيم

(سورة يوسف (آية ٧٦))

## بڕیاری سەرپەرشت

گەواهی دەدەم کە ئەم نامەیە بە ناونیشانی (هەڵسەنگاندنی پەرتووکی خوێندنەوەی کوردیی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی لە ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی پەرتووکی فێرگەیی) قوتابی (ئەسعەد موهەند تورکی ساڵح) بە سەرپەرشتیی من لە کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی بەغداد ئامادەی کردووە، بەشێکە لە پێویستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەری پەروەردە لە (ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی)دا.

**سەرپەرشت**

**واژۆ:**

**ناو و ناسناو: پ. ی. د. کوثر جاسم عبید**

**ڕێکەوت: / / 2021**

بە پێی پێشنیازی مامۆستای سەرپەرشت، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

**پ. عەلی داوود جوامێر**
**سەرۆکی بەشی زمانی کوردی**
**/ / 2021**

## بڕیاری شارەزای زمانەوانی

گــەواهی دەدەم کە ئەم نــامەیە بە ناونیشــانی (هەڵســەنگاندنی پەرتــووکی خوێندنەوەی کوردیی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی لە ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی پەرتووکی فێرگەیی) قوتابی (ئەسعەد موهەند تورکی ساڵح) لە کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی بەغداد ئامادەی کردووە، بەشێکە لە پێویســتییەکانی وەرگرتنــی بڕوانــامەی ماســتەری پەروەردە لە (ڕێگاکــانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی)دا، بینیم لە لایەنی زمانەوانی و دەربڕینەوە گونجاوە بۆ تاوتوێکردن، لەبەر ئەوە واژۆم کردووە.

**شارەزای زمانەوانی**

**واژۆ:**

**ناو و ناسناو: پ. ی. د. ازاد أمین فرج**

**زانکۆ و کۆلێژ: زانکۆی کەرکووک ـ کۆلێژی پەروەردەی**

**ڕێکەوت: / / 2021**

## بڕیاری شارەزای زانستی

گــەواهی دەدەم کە ئەم نــامەیە بە ناونیشــانی (هەڵســەنگاندنی پەرتــووکی خوێندنەوەی کوردیی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی لە ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی پەرتووکی فێرگەیی) قوتابی (ئەسعەد موهەند تورکی ساڵح) لە کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی بەغداد ئامادەی کردووە، بەشێکە لە پێویســتییەکانی وەرگرتنــی بڕوانــامەی ماســتەری پەروەردە لە (ڕێگاکــانی وانەوتــنەوەی زمــانی کــوردی) دا، بینــیم لــە لایــەنی زانســتییەوە گونجــاوە بــۆ تاوتوێکردن، لەبەر ئەوە واژۆم کردووە.

**شارەزای زانستی**

**واژۆ:**

**ناو و ناسناو: پ. د.نظام عبد الجبار حسين**

**زانکۆ و کۆلێژ: زانکۆی سلیمانی- کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی**

**ڕێکەوت: / /2021**

**شارەزای زانستی**

**واژۆ:**

**ناو و ناسناو: پ. ی. د. مناضل عباس قاسم**

**زانکۆ و کۆلێژ: زانکۆی گە رمیان - کۆلێژی پەروەردەی**

**ڕێکەوت: / /2021**

# بڕیاری شارەزای ئامار

گـــەواهی دەدەم کە ئەم نـــامەیە بە ناونیشـــانی (هەڵســـەنگاندنی پەرتـــووکی خوێندنەوەی کوردیی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی لە ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی پەرتووکی فێرگەیی) قوتابی (ئەسعەد موهەند تورکی ساڵح) لە کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی بەغداد ئامادەی کردووە، بەشێکە لە پێویســـتییەکانی وەرگرتنـــی بڕوانـــامەی ماســـتەری پەروەردە لە (ڕێگاکـــانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی)دا، بینیم لە لایەنی ئامارییەوە گونجاوە بۆ تاوتوێکردن، لەبەر ئەوە واژۆم کردووە.

**شارەزای ئامار**

**واژۆ:**

**ناو و ناسناو: پ. ی. رزکار مغدید أحمد**

**زانکۆ و کۆلێژ: زانکۆی سە لاحە ددین - بەشی ئامار**

**ڕێکەوت: / / 2021**

## بڕیاری لیژنەی تاوتوێکردن

ئـێمەی سـەرۆک و ئەنـدامانی لیـژنەی تـاوتوێکردن و هەڵسـەنگاندن، ئەم نامەیەمـان خوێنـدەوە، کە بە ناونیشـانی (هەڵسـەنگاندنی پەرتـووکی خوێنـدنەوەی کـوردیی بـۆ پـۆلی دووەمـی بنەڕەتـی لە ڕۆشـنایی پێوەرەکـانی کـوالێتی پەرتـووکی فێرگەیـی)، ولەگەڵ قوتـابییەکەدا گفتوگۆمـان لەبـارەی نـاوەرۆک و لایەنەکـانی کـرد و بڕیارمـان دا، کە شـایانی ئەوەیە بە پـلەی (        ) بڕوانـامەی ماسـتەری پەروەردەی لە (ڕێگاکـانی وانەوتـنەوەی زمانی کوردی)دا پێبدرێت.

**واژۆ:**
**ناو و ناسناو: پ.ی.د. صباح جلیل خلیل**
**ئەندام**
**ڕێکەوت:   /   /2021**

**واژۆ:**
**ناو و ناسناو: پ.ی.عمر عادل عباس**
**ئەندام**
**ڕێکەوت:   /   /2021**

**واژۆ:**
**ناو و ناسناو: پ.ی.د. کوثر جاسم عبید**
**ئەندام و سەرپەرشت**
**ڕێکەوت:   /   /2021**

**واژۆ:**
**ناو و ناسناو: پ.د. مهاباد عبد الکریم أحمد**
**سەرۆکی لیژنە**
**ڕێکەوت:   /   /2021**

لەلایەن ئەنجومەنی (کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی بەغداد)ەوە پەسند کرا .

**پرۆفیسۆر دکتۆر**
**پ.د. علاوي سادر جازع**
**ڕاگری کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان**
**ڕێکەوت:   /   /2021**

# پێشکەشە بە

**نێردراوی بە بەزەیی بۆ جیهان، پێغەمبەرمان محەمەد (درودی خودا لە خۆی و خانەوەدەکەی بێت)**

**ئەوانە خراپە و ناشیرینیان لێ درخراوە و بە پاکی پاکرانەوە (خانەوادەی شکۆمەند سڵاویان لێ بێت)**

**ئەوەی خودا بەهەشتی خستە ژێر پێیەکانی (دایکی ئازیزم) خۆشەویستی و ڕێزم بۆی هەیە**

**خێزانە بەخشندەکەم ...**

**توێژەر**

# سوپاس و ڕێز

سوپاس بۆ خودا چاکەکانی پێی بەخشیوم بێ پایانە و لە ژماردن نایەت، درودی خودێ لەسەر کۆتا پێغەمبەر و گەورەی نێردراوان محەمەد و خانەوادە چاك و پاك و هاوەڵە دڵسۆزەکانی بێت، سوپاس و ستایشی خودای میهرەبان دەکەم، لەسەر ئەوەی پێی بەخشیوم، هێز و ویست بۆ تەواوکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە پێ بەخشیم.

خودا دەڵێت: ( ومن يشكر فإنما يشكر لنفسه) سورة لقمان /12، هەروەها پێغەمبەری شکۆمەند محەمەد (د.خ) دەفەرموێت: (ئەوەی سوپاسی دروستکراوەکان نەکات، سوپاسی دروستکار ناکات)، لەسەر بنەمای فەرمودەی پێغەمبەری ڕێزدار، سوپاس و پێزانینم پێشکەشی پرۆفیسۆری یاریدەدەردکتۆرە (کەوسەر جاسم عوبید) دەکەم، کە بە گەورەیی خۆی سەرپەرشتی ئەم نامەیی کرد، سوپاسی چاودێری و ئامۆژگاری و ڕاستگۆیی یارمەتییەکانی، ڕێنماییە بە بایەخەکانی و سەرنجە ورد و ناوازە و جیاوازەکانی دەکەم، بێگومان کاریگەریان لەسەر دەوڵەمەندکردنی ئەم نامەیە هەبوو، ئەنجامی ئەم کارە بەرهەمی ئاڕاستەکردن و ڕێنماییەکانی خانمی دکتۆرە، ڕێز و سوپاس و بێ پایانمی ئاڕاستەدەکەم، لە خۆش و شادی ئەنجامی کارەکەم، سوپاس و ڕێزم پێشکەشی ئەندامانی لیژنەی (سمینار) دەکەم، پرۆفیسۆری دکتۆر عەلی داود جوامێر، پرۆفیسۆر دکتۆر مە هاباد عەبدولکەریم ئەحمەد، پرۆفیسۆری یاریدەدەر سەباح جەلیل خەلیل وەنداوی، پرۆفیسۆر دکتۆر کەوسەر جاسم عوبید، پرۆفیسۆر دکتۆرە یوسرا محەمەد عەبدوڵا، پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر حەمید قاسم غەزبان، مامۆستای یاریدەدەر فەیسەڵ غازی محەمەد، هەروەها سوپاسی ئەو شارەزا و داوەرانە دەکەم، کە تێبینی و دید و بۆچوونەکانیان کاریگەریان لە دەرچوونی لێکۆڵینەوەکە بە ئاراستەی ڕاست و دروست هەبوو، سوپاس و ڕێزم بۆ ئەو پرۆفیسۆر و مامۆستایانەم هەیە، کە تاکو ئەم ساتە بە بەردەوامی بەخشندەن لەگەڵم، بە تایبەتی سوپاس و ڕێزم بۆ پرۆفیسۆر و مامۆستایانی بەشی زمانی کوردی کۆلێژی پەروەردە ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان زانکۆی بەغداد هەیە، لە کۆتاییدا سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم هاوکار و یارمەتیدەرم بوونە لەسەر ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، داواکارم لە خودا هەمووان لە کاری چاك سەرکەوتوو بکات، لە کۆتاییدا سوپاس و ستایشی خودا دەکەم، درود بۆ چاکترین نێردراوان پێغەمبەرمان محەمەد و خانەوادە چاك و پاکەکەی.

توێژەر

# پوختەی لێکۆڵینەوە

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە هەڵسەنگاندنی پەرتووکی خوێندنەوەی کوردییە بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی لە ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی پەرتووکی فێرگەیی.

بۆ بەدیهێنانی ئامانجی لێکۆڵینەوەکە توێژەر پشتی بە پرۆگرامی وەسفی بەستووە، کە پرۆگرامێکە بۆ لێکۆڵینەوە، لەبەرئەوەی پرۆگرامێکی گونجاوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی لێکۆڵینەوەکە، کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوەی ئێستا مامۆستایانی زمانی کوردی بە هەردوو ڕەگەزی لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان لەخۆگرتووە، ئەو مامۆستایانەی بابەتی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی لە پارێزگای هەولێر لە هەرێمی کوردستان/ عێراق، بۆ ساڵی خوێندنی (2020 – 2021ز) دەڵێنەوە. بە لەبەرچاوگرتنی قەبارەی کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوەکە کە ژمارەیان (156) مامۆستایە لە هەردوو ڕەگەز، نموونەی لێکۆڵینەوەکە پێکهاتووە لە سەرجەم تاکەکان کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوەی ڕەسەن ژمارەیان (156) کەسە، بۆ نموونەی جێگیر لە کۆی کۆمەڵگەکە دوورخراوەتەوە، نموونەی لێکۆڵینەوەکە بووە بە (136) مامۆستایە، دوای سەرنج و زانیاری توێژەر لەسەر ژمارەیەك سەرچاوەی پەیوەست بە توێژینەوەکەی و لێکۆڵینەوەکانی پێشوو، توێژەر بڕیاریدا ڕاپرسی ئامرازێکی گونجاوە بۆ گەڕان و پشکنین، هەروەها لیستی پێوەری کوالێتی پەرتووکی قوتابخانەی ئامادەکردووە، کە پێویستە لە پەرتووکی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی، کە (86) ئاماژە لەخۆگرتووە، دابەشیکردووە بەسەر (17) پێوەر، دابەشکراوە بەسەر شەش بوار، بوارەکان (ئامانج، ناوەرۆکی خوێندن، چالاکی فێرکردن، وێنە و شێوە و نیگارەکان، پرۆسەی جێبەجێکردنی هەڵسەنگاندن، دەرهێنان و چاپکردن). هەروەها توێژەر چارەسەری داتا ئامارییەکانی بۆ دەرهێنانی ئەنجامەکان کردووە، بە بەکارهێنانی هاوکێشەی بەیەکەوەبەستنەوەی بیرسۆن و ناوەندی شیاو و کێشی سەدی، توێژەر پشتی بە نۆرمێك بەستووە بڕەکەی ( 80%) بۆ بڕیاردان لەسەر ئاستی کوالێتی پەرتووکی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی، دوای ڕاوێژکردن بە ژمارەیەك شارەزا لە پێوانە و هەڵسەنگاندن، ئەنجامەکان ئەمانەیان دەرخستووە:

1- بواری دەرهێنان و چاپکردن لە نێوان بوارەکان بە پلەی یەکەم هاتووە، ئەم بوارە بەدیهاتووە، ناوەندی شیاوی گە یشتووەتە (36. 2) بە کێشی سەدی (49. 78%).

2- بواری چالاکی و ئامرازەکان بە پلەی دووەم هاتووە، بوارێکی بەدیهاتووە، ناوندی شیاوی گەیشتووەتە (16. 2) بە کێشی سەدی (86. 71%).

3- بواری وێنەر و شێوە و نیگارەکان بە پلەی سێیەم هاتووە، بوارێکی بەدیهاتووە، ناوەندی شیاوی گەیشتووەتە (14. 2) بە کێشی سەدی (49. 71%).

4- بـواری ئامانجـەکان لـە پلـەی چـوارەم هـاتووە، نزیکـە لـە بـەدیهاتن، ناونـدی شـیاوی گەیشـتووەتە(96. 1) بـە کێشـی سـەدی (66.38%)، بـە جیاوازیـەکی زۆر کـەم لـە پێـوەری بەدیهاتن دەبینین، کە لە خاڵی سێیەم دیاریکراوە.

5- بواری ناوەڕۆکی خوێندن بە پلەی پێنجەم هاتووە یان دەتوانین ئەوە سەبارەتی بڵێین وەکو لە بواری چوارەم لە خاڵی سەرەوە گوتوومانە، بە جیاوازی گەورەتر لە پێوەری پێش خۆی، ناوەندی شیاوی گەیشتووەتە (91. 1) بە کێشی سەدی (75. 63%).

6- بـواری پرۆسـەی جێبـەجێکردنی هەڵسـەنگاندن بـە پلـەی شەشـەم هـاتووە، دەتـوانین ئـەوە سەبارەتی بڵێین وەکو لە بواری پێنجەمی پێشی گوتوومانـە، بـە جیاوازی گـەورەتر لـە پێوەری پێنجەم، ناوەندی شیاوی گەیشتووەتە (88. 1) بە کێشی سەدی (75. 62%).

**لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکان، توێژەر بەو ڕاسپاردانەی گەیشتە:**

1- بەستنی کۆنگرە و سیمیناری پەیوەست بـە کـوالێتی و ئاسـانکاری پێویست پێشکەشـی ئەوانـە بکرێت پرۆسەی پەروەردە بەڕێوەدەبـەن، بـە مەبەسـتی بەشداریکردنی نـاوخۆیی و نێودەوڵـەتی لە کۆنگرەکان لە پێناوی چەسپاندنی ڕۆشنبیری کوالێتی لـەلایان و کردنـەوەی خـولی پەیوەسـت بە کوالێتی بۆ پسپۆڕانی پـەروەردە و مامۆسـتایان بـە مەبەسـتی بەشداریپێکردنیان لـە پرۆسـەی هەڵسەنگاندنی پەرتووکی قوتابخانە.

2- - پێویستە پێوەری کوالێتی لەلایەن وەزارەتی پەروەردە دابنرێت، بواری دانـانی پەرتـووکی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی لەبەرچاوبگیریت، هـەروەها بابەتـەکانی دیکـەی خوێندنیش لەبەرچاو بگیرێن.

3- جەخت بکرێتە سەر دید و بۆچوونی مامۆستایان لە هەردوو ڕەگەز، لە بابـەتی خوێندنـەوەی کـوردی بـۆ پـۆلی دووەمـی بنـەڕەتی، بـە مەبەسـتی چـاککردنی لایەنـە بێهێزەکـانی تیایدایـە، هەروەها لێژنەکانی دانان و پەرەپێدان بەشداریان پێ بکرێن.

**توێژەر بۆ تەواوکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە، ئەم پێشنیارانە پێشکەش دەکات:**

1- هەڵسەنگاندنی پەرتووکی زمانی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر.

2- هەڵسەنگاندنی پەرتووکی زمانی کوردی لە قۆناغی بنەڕەتی لەبەر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی گشتگیر.

3- هەڵسەنگاندنی پەرتووکی زمانی کوردی لە قۆناغی بنەڕەتی لەبەر ڕۆشنایی کوالێتی پەرتووکی قوتابخانە.

4- هەڵسەنگاندنی پەرتووکی زمانی کوردی لە قۆناغی بنەڕەتی لەبەر ڕۆشنایی ئامانجەکانی بابەتەکە.

# پێرستی ناوەرۆک


| لاپەڕە | ناونیشانی بابەتەکان |
|---|---|
| II | قورئانی پیرۆز |
| III | بڕیاری سەرپەرشتیار |
| IVXII | بڕیاری شارەزای زمانەوانی |
| V | بڕیاری شارەزای زانستی |
| VI | بڕیاری شارەزای ئاماری |
| VII | بڕیاری لێژنەی گفتوگۆ |
| VIII | پێشکەشکردن |
| XI | سوپاس و ڕێز |
| XI -X | پوختەی توێژینەوەکە |
| XIII -XII | پێرستی ناوەرۆک |
| XV- XIII | پێرستی خشتەکان |
| XV | پێرستی پاشکۆکان |
| **22-1** | بەشی یەکەم:ناساندنی لێکۆڵینەوەکە |
| **2** | یەکەم: کێشەی لێکۆڵینەوەکە |
| **14-3** | دووەم: گرنگی لێکۆڵینەوەکە |
| **14** | سێیەم: ئامانجەکان لێکۆڵینەوەکە |
| **15** | چوارەم: سنووری لێکۆڵینەوەکە |
| **22-15** | پێنجەم: دیاریکردنی زاراوەکان |
| **66-23** | بەشی دووەم: باگراوەندی تیۆری و لێکۆڵینەوەکانی پێشوو |
| **24** | تەوەری یەکەم: باگراوەندی تیۆری |
| **37-24** | یەکەم:هەڵسەنگاندن |
| **53-38** | دووەم: پەرتووکی قوتابخانە |
| **60-54** | سێیەم: کوالێتی |
| **52-61** | تەوەری دووەم: خستنەڕووی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو |
| **66-63** | هاوسەنگی لە نێوان لێکۆڵینەوەکانی پێشوو |
| **78 -67** | بەشی سێیەم: پرۆگرامی لێکۆڵینەوە و ڕێکارەکانی. |
| **68** | کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوە و نموونەکەی |

| | |
|---|---|
| ئامرازی لێکۆڵینەوەکە | 71-69 |
| ڕاستگۆیی ئامرازی لێکۆڵینەوە | 73-72 |
| جێگیری ئامرازی لێکۆڵینەوە | 74 |
| جێبەجێکردنی ئامرازەکان لێکۆڵینەوە | 75 |
| ئامرازەکانی ئامارکردن | 78-76 |
| بەشی چوارەم: ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە | 117 -79 |
| خستنەڕووی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە | 80 |
| ڕاڤەکردنی ئەنجامەکە | 117-81 |
| بەشی پێنجەم: دەرئەنجامەکان و ڕاسپاردەکان و پێشنیارەکان | 120-118 |
| یەکەم: دەرئەنجامەکان | 119 |
| دووەم: ڕاسپاردەکان | 120 |
| سێیەم: پێشنیارەکان | 120 |
| سەرچاوەکان | 134 -121 |
| سەرچاوە کوردییـــەکان | 122 |
| سەرچاوە عەرەبییەکـان | 133-122 |
| سەرچاوە ئینگلیزییەکان | 133 |
| پاشکۆکان | 163-134 |
| پوختە بە زمانی عەرەبی | iv-i |
| پوختە بە زمانی ئینگلیزی | A-C |


## پێرستی خشتەکان


| ژ | ناونیشانی خشتەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | لێکۆڵینەوەکانی پێشوو | 61 |
| 2 | پێوەری کوالێتی پەرتووکی فێرگەیی بە شێوەی یەکەمی | 71 |
| 3 | پێوەری کوالێتی پەرتووکی فێرگەیی بە شێوەی کۆتایی | 73 |
| 4 | هاوکێشەی جێگیر بۆ ئامرازەکانی لێکۆڵینەوە | 75 |

| لاپەڕە | ناونیشانی خشتەکان | ژ |
|---|---|---|
| 81 | ناوەندەکانی شیاو بۆ بواری ئامرازەکان و کێشی سەدییان | 5 |
| 82 | ناوەندەکانی شیاو بۆ پێوەرەکانی بواری ئامانجەکان و کێشی سەدییان | 6 |
| 83 | دووبارە بوونەوەی دەستەبەری ئاماژەکانی پێوەری یەکەم و کێشی سەدییان لە بواری ئامانجەکان | 7 |
| 86 | دووبارە بوونەوەی دەستەبەری ئاماژەکانی پێوەری دووەم و کێشە سەدییەکانی لە بواری ئامانجەکان | 8 |
| 88 | دووبارە بوونەوەی دەستەبەری ئاماژەکانی پێوەری سێیەم و کێشی سەدییان لە بواری ئامانجەکان | 9 |
| 89 | ناوەندەکانی شیاو بۆ پێوەرەکانی تەوەری بواری ناوەڕۆکی خوێندن و کێشی سەدییان | 10 |
| 90 | دووبارە بوونەوەی دەستەبەری ئاماژەکانی پێوەری یەکەم و کێشی سەدییان لە بواری ناوەڕۆکی خوێندن | 11 |
| 92 | دووبارە بوونەوەی دەستەبەری ئاماژەکانی پیوەری دەووەم و کێشی سەدییان لە بواری ناوەڕۆکی خوێندن | 12 |
| 94 | دووبارە بوونەوەی دەستەبەری ئاماژەکانی پێوەری سێیەم و کێشی سەدییان لە بواری ناوەڕۆکی خوێندن | 13 |
| 96 | دووبارە بوونەوەی دەستەبەری ئاماژەکانی پێوەری چوارەم و کێشی سەدییان لە بواری ناوەڕۆکی خوێندن | 14 |
| 97 | ناوەندی شیاو بۆ پێوەری بواری چالاکییەکان و فێرکردن | 15 |
| 98 | دووبارە بوونەوەی دەستەبەری ئاماژەکانی یەکەم و کێشی سەدییان لە بواری چالاکییەکان و فێرکردن | 16 |
| 100 | دووبارە بوونەوەی دەستەبەری ئاماژەکانی پێوەری دووەم و کێشی سەدییان لە بواری چالاکییەکان وفێرکردن | 17 |
| 102 | دووبارە بوونەوەی دەستەبەری ئاماژەکانی پێوەری سێیەم و کێشی سەدییان لە بواری چالاکییەکان و فێرکردن | 18 |
| 103 | دووبارە بوونەوەی دەستەبەری ئاماژەکانی پێوەری چوارەم و کێشی سەدییان لە بواری چالاکییەکانی فێرکردن | 19 |

| لاپەڕە | ناونیشانی خشتەکان | ژ |
|---|---|---|
| 105 | ناوەندی شیاو بۆ پێوەری بواری وێنە و شێوە و نیگارەکان | 20 |
| 106 | دووبارە بوونەوەی دەستەبەری ئاماژەکانی یەکەم و کێشی سەدییان لە بواری وێنە و شێوە و نیگارەکان | 21 |
| 107 | دووبارە بوونەوەی دەستەبەری ئاماژەکانی پێوەری دووم و کێشی سەدییان لە بواری وێنە و شێوە و نیگارەکان | 22 |
| 109 | ناوەندەکانی شیاو بۆ پێوەری پرۆسەی جێبەجێکردنی هەڵسەنگاندن | 23 |
| 109 | دووبارە بوونەوەی دەستەبەری ئاماژەکانی پێوەری یەکەم و کێشی سەدییان لە بواری جێبەجێکردنی پرۆسەی هەڵسەنگاندن | 24 |
| 111 | دووبارە بوونەوەی دەستەبەری ئاماژەکانی پێوەری دووەم و کێشی سەدییان لە بواری جێبەجێکردنی هەڵسەنگاندن | 25 |
| 113 | دووبارە بوونەوەی دەستەبەری ئاماژەکانی پێوەری سێیەم و کێشی سەدییان لە بواری جێبەجێکردنی پرۆسەی هەڵسەنگاندن | 26 |
| 115 | دووبارە بوونەوەی دەستەبەری ئاماژەکانی پێوەری یەکەم و کێشی سەدییان لە بواری دەرهێنان و چاپکردن | 27 |


## پێرستی پاشکۆکان


| لاپەڕە | پاشکۆکان | ژ |
|---|---|---|
| 135 | نووسراوی ئاسانکاری ئەرکەکە | 1 |
| 136 | ناوی بەڕێزان و داوەران بەپێی نازناوی زانستی بیتی هیجائی | 2 |
| 138 | ڕاپرسی کراوە | 3 |
| 141 | ڕاپرسی پێوەری کوالێتی پەرتووکی فێرگەیی بە شێوەی سەرەتایی | 4 |
| 152 | ڕاپرسی پێوەری کوالێتی پەرتووکی فێرگەیی بە شێوەی کۆتایی | 5 |

# بەشی یەکەم

## ناساندنی لێکۆڵینەوەکە

- کێشەی لێکۆڵینەوەکە
- گرنگی لێکۆڵینەوەکە
- ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەکە
- سنووری لێکۆڵینەوەکە
- دیاریکردنی زاراوەکان

## كێشەی لێكۆڵینەوەكە:

لەگەڵ ئەوەی ئامرازەكانی پەیوەندی و مەعریفە و تەكنەلۆژیای نوێ پێشكەوتنی باڵایان بەخۆیانەوە بینیوە، بەڵام هێشتا وشەی نووسراو فراوانترین دەروازەی مەعریفەیە و پەرتووكیش لە هەموو كات و شوێنێك دەخوێندرێتەوە، هاوكات دەبینین ئامرازی دیكە فەرز و بەندی خۆی بەسەر خوێنەردا دەسەپێنێت، گرنگی خوێندنەوە و نووسین لەلای هەر كەسێك زانستی هەبێت ونابێت، ئەگەرچی دیاردەیەك هەیە ناكرێت فەرامۆشی بكەین، كە زۆربەی پەروەردەكاران هەست دەكەن منداڵەكانمان لە قوتابخانە بنەڕەتییەكان، لە ماوەی شەش ساڵی خوێندنیان ناگەن بە ئاستی دیاریكراو لە فێربوونی خوێندنەوە و نووسین، بۆیە ناتەواوی و دواكەوتنی زۆر لە قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی لە خوێندنەوە و نووسین دەكەوێتەوە و دەردەكەوێت (بالدار، 1983، ص5).

هەروەها لاوازی خوێندنەوە كاریگەری نەرێنی هەیە، تەنها كاریگەری لەسەر ژیانی كرداری قوتابی نییە، بەڵكو ڕیشەی لاوازی خوێندنەوە دەگات بە بوارەكانی مەعریفە، لە كۆتاییدا كاریگەرییەكان هۆكاری دواكەوتنی خوێندنە بە گشتی، زیاتر لەوەی خستمانەڕوو، هۆكارەكانی دواكەوتنی خوێندن و نووسین پەیوەستە بە سیستەمی پەروەردەیی، لەوانە بەیەكەوەبەستنەوە یان تەواوكاری لە ڕێكخراوی پرۆگرامەكاندا نییە، یان كارلێكردن لە ناو هەر پێكهاتەیەك لە پێكهاتەكاندا نییە، پێكهاتەكان بریتین لە (ئامانج، ناوەرۆك، ڕێگاكانی وانەوتنەوە، چالاكییەكان، هەڵسەنگاندن)، یان لە نێوان هەر پێكهاتەیەك و پێكهاتەكانی دیكەدا نییە، تاكو ڕێكخراوی پرۆگرامەكان واتای ڕاستەقینە و زانستی هەبێت، لە ئەنجامی ئەو ناڕێكخراوییەی پرۆگرامەكان نەوەیەك لە قوتابیان دەرچووە، لەلایەنە جیاوازەكانی فێربوون گرفتاری لاوازی و ئاستەنگ بووینەوە (الونداوي،1988، ص8).

لە دیدی توێژەر لەگەڵ ئەوەی دانەری پرۆگرامەكانی خوێندن جەختی كردووەتە سەر دانانی چەندین پێوەر بۆ پەرتووكی خوێندن، بە تایبەتی لە پرۆگرامی زمانی كوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی، لەوانە پێوەری پەیوەست بە پرۆسەی هەڵسەنگاندن، هەروەها گشتاندنی بۆ

کردووە، بەڵام پرۆگرامەکان پێویستیان بە پەرتووکی مامۆستایە، کە ڕادەی گونجاوی بابەتی پەرتووکی قوتابی لە ڕووی ئاستی قورسیەکەی دیاری دەکات، لەبەر کەمی پێوەری بابەتی کە لە سایەیدا ڕادەی گونجاوی ئەم کتێبە یان ئەو کتێبە دیاری بکات، بەڵکو پشتی بەستووە بە دید و بۆچوونی کەسی و هەڵبژاردنی خودی، ئەو ناتەواویانە لە کاتێکی درەنگ بدۆزرێتەوە، زیانی گەورەی لێ دەکەوێتەوە، لەبەرئەوەی کار و چالاکییەکانی لەسەری بونیاد دەنرێت، کە هەموو کار و چالاکییەکان هەڵە دەبن، لە بنەماوە پرۆگرام بینایەکی تەواوە، هەر ڕەگەزێکی ئەو بینایە پشت بە ڕەگەزەکانی دیکەی دەبەستێت، هاوشێوەی هەر بینایەکی ئەندازەییە، بەڵکو پرۆگرامی خوێندن لە حاڵەتی پەرەپێدان لە دوای تەواوکردنی بینایەکەی، لە بینای ئەندازەیی ئاڵۆزترە.

لەسەر بنەمای ئەو ڕوونکردنەوانەی خراوەتەڕوو، توێژەر ئەوەی هەڵهێنجاوە، مانەوەی پەرتووکی خوێندنەوەی کوردی وەکو ئەوەی هەیە، بەبێ ئەوەی بە پرۆسەی هەڵسەنگاندن تێپەڕێت، هەروەها بەبێ ئەوەی ڕادەی دەستەبەرکردنی ڕەگەزەکانی کوالێتی پەرتووکی خوێندن بزانرێت، دەبێتە هۆکاری دواخستنی پرۆسەی فێرکردن لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

لەسەر بنەمای ئەوەی خراوەتەڕوو، کێشەی ئەم لێکۆڵینەوە ئەم پرسانە لەخۆدەگرێت: (ئاستی دەستەبەرکردنی پێوەری کوالێتی پەرتووکی خوێندن لە پەرتووکی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق چەندە؟)

## گرنگی لێکۆڵینەوەکە:

پەروەردە پێگەی نەتەوەیی و ستراتیجی گەورەی لە هەموو دەوڵەتێك لە دەوڵەتانی جیهان هەیە، دەوڵەتان بارودۆخی شایستە و باڵا دەڕەخسێنن، بۆ ئەوەی بگەن بە ئاستی فێرکردنی شایستە، هەروەها پەروەردە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە و مەبەستی پێگەیاندنی مرۆڤێکی کۆمەڵایەتییە کە بتوانێت درکی ئەو واقیعە بکات کە تیایدا دەژیت، هەروەها توانای بینیی ڕۆڵی کاریگەری لە پێشکەوتنی کۆمەڵگە هەبێت، هەروەها لە کاروانی دۆزینەوەی زانستی نوێ

بەردەوام بێت، کە بۆ ژیان لە کۆمەڵگەکەی ئامادەی دەکات (جرادات واخرون، 1987، ص 28).

لە دیدی توێژەر پەروەردە ئامرازی گەشەپێدانی ئەقڵی مرۆڤە، ئەقڵی مرۆڤ بەبێ زمان پێناگات، ئەرکی زمان ئەرکی هزری و جوانییە، هاوکات بڕیارێکی نەتەوەیی و مرۆڤایەی گرنگە، ئەگەر زمان نەبووایە مرۆڤ شارستانییەت و ڕۆشنبیری نەدەناسی، هەروەها نەیدەتوانی لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگەکەی یان لەگەڵ کۆمەڵگەکانی دیکە بژیت، نە کاریگەر دەبوو و نە بە بیرۆکە و پرنسیپەکانی کاریگەری دەبوو.

زمان شایستەیترین و پێشکەوتووترین پرسێکە مرۆڤ پێی گەیشتووە، ئەگەر زمان نەبوون نەشارستانییەتەکان و نەپێشکەوتن و نەشارستانییەت و نەنیشتەجێبوون و نە هیچ شوێن دەستێك لە شوێندەستە نایاب و شایستەکانی مرۆڤایەتی دەبوو، مرۆڤ بە زمان جیاوازە و پێگەیەکی باڵای لە نێوان بوونەوەرەکان بەدەستهێنانەوە، زمان ئامرازێکی نەتەوەییە بۆ پەیوەندیکردن و کەڵکەکردنی ئەزموون و شارەزاییەکانی مرۆڤایەتی (دینیس، 1983،ص11).

هەروەها حاڵی زمانی کوردی هەمان حاڵی زمانەکانی دیکەیە، بنەما و جەوهەر و یاسا و ڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە، بە گرنگترین ڕایەڵەی بەیەکەوەبەستنەوە دادەنرێت، کە تاکەکانی کوردی بە یەکەوە بەستوەتەوە، هەروەها بەهێزترین فاکتەرە لە فاکتەرەکانی مانەوەیان، لەگەڵ هەموو ئەوانەدا، بازنەی بەیەکگەیشتنی نێوان ڕۆشنبیری ئێستا و کلتووری کۆنیانە، گەنجینەی گەل و مێژوو و پێگە و ڕۆشنبیری و هێما و یەکێتی نەتەوەی کوردە، زمانی کوردی لە بنەماوە ئامرازی پارێزگاریکردنی کلتوورە لە سوان و لەناوچوون و لەیادچوونەوە و ونبوون (الحیالي، 2000،ص3). هەروەها زمانی کوردی وەکو هەر زمانێکی دیکە ڕۆڵ و پێگەی خۆی هەیە، بۆئەوەی ئەرکەکانی خۆی بە شێوەیەکی دروست ئەنجام بدات، بێگومان دەبێت چەندین ڕەگەزی تیادبێت، لەوانە مامۆستای سەرکەوتوو، پرۆگرامی باش، شێواز و ڕێگاکانی وانەوتنەوەی گونجاو، هەروەها هۆکار و ئامراز و تەکنەلۆژیای فێرکاری (البیاتی، 1995،ص1).

پێویستە فێربوونی زمان لەسەر بنەمای ئەرکەکانی ژیانی ڕۆژانە دامەزرابێت، هەرچەندە زمانی پەیوەندی بەهێزتربێت بە ژیانی ڕۆژانەوە، قوتابی زیاتر هەوڵی بۆ دەدات و فێرکردنی کاریگەری زیاتری دەبێت، یان پێویستە فێرکردنی زمان لەسەر بنەمای ئەو ئەرکانەی بێت، کە ڕۆڵی ئاسانکاری لە پەیوەندی نێوان کۆمەڵەکانی مرۆڤ دەبینن، هەروەها ڕەچاوکردنی ئەو ئەرکە لە پرۆسەی فێرکردنی زمان، کە ڕێگایەکی نەتەوەییە بە ئاراستەی گەیشتن بە واقیعی ئەو زمانە (النعیمي، 2004،ص74). لەبەرئەوە فێرکردنی هەر زمانێك پێویستە بە یارمەتی خوێندنەوە و دەربڕین و ڕێسا و ڕێنوسی زمانەکە بێت، ئەگەر ئەو بنەمایانە نەبێت، ئەوە فێری زمان نەدەبووین، بۆ نموونە ئەگەر خوێندنەوە نەبووایە فێری زمان نەدەبووین، هاوکات لقەکانی دیکەی زمان، بە پاڵپشتی خزمەتکردنی ئامانجی بنەڕەتی دادەنرێن، کە فێربوونی زمانە (فاید، 1975،ص129).

بێگومان خوێندنەوە یەکێکە لە بوارەکانی چالاکی زمانەوانی و ئامرازێکە لە ئامرازەکانی بەدەستهێنانی مەعریفە، هەروەها ئامرازێکە لە ئامرازەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و زانستی، تاك لە ڕێگای زمان پێویستییە هزرییەکانی تێردەکات و گەشە بە توانا مەعریفییەکانی دەدات و شارەزاییە جیاوازەکانی دەوڵەمەند دەکات، لە بنەماوە خوێندنەوە دەرفەتی ئازادی هەڵبژاردنی ئەو بابەتە دەڕەخسێنێت، کە خزمەت بە پێویستییەکانی دەکات، بۆئەوەی سوودی لێ ببینێت و پێویستییە ئەقڵی و هزرییەکانی تێر بکات (حبیب الله، 2009،ص34). فێربوونی خوێندنەوە لە قۆناغی بنەڕەتی دەسپێدەکات، ئامانجی بنەمایی فێرکردن لەو قۆناغە فێرکردنی قوتابییە چۆن دەخوێنەوە، سەرنجڕاکێشانیانە بە خۆشەویستی خوێندنەوە و هاندانیانە لەسەر خوێندنەوە، بۆئەوەی منداڵەکان بە باشی بخوێننەوە، بێگومان دەبێت کاتی پێویستییان بۆ خوێندنەوە پێ بدرێت، هەروەها ڕێگایان پێ بدرێت وەڵامەکانیان سەبارەت بە بابەتی خوێندنەوە لە کاتی خوێندنەوە و دوای خوێندنەوە بخەنەڕوو (عاشور والمقدادي، 2009،ص 93).

گرنگیدان بە فێکردنی خوێندنەوە و تێگەیشتنی لە قۆناغی بنەڕەتی پرسێکی سروشتییە، پرسی گرنگیپێدان لە بنەماوە دەستپێکێکی سروشتییە بۆ فێربوون، لەبەرئەوەی سەرکەوتن و

پێشکەوتنی قوتابی لە بابەتەکانی خوێندی گشتی دەوستێتە سەر توانای خوێندنەوەی قوتابی، بۆیە دەبینین بابەتی خوێندنەوە ناوەرۆکێکی دیاریکراوی نییە، کە بتوانین وەکو زۆربەی بابەتەکانی دیکە بە دابڕاوی بیڵێینەوە، بەڵکو بابەتی خوێندنەوە بە شێکی بنەڕتی هەموو بابەتەکانی دیکەی خوێندنە، هەروەها ئامرازێکە ئاسانکاری بۆ جۆرەکانی فێربوون دەکات (زایر وعایز، 2011،ص385)، هەروەها خوێندنەوە ڕۆڵێکی گەورەی لەسەر هزر و ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی مەعریفە هەیە، خوێندنەوە گرنگترین ئامرازی وەرگرتنی مەعریفە و گەشەپێدانی درککردنە، هەرموو ئەو راستی و زانست و مەعریفانەی دەیزانین دەگەڕێتەوە بۆ خوێندنەوە، ئەگەر خوێندنەوە نەبووایە هەرگیز مرۆڤ نەدەگەیشت بەو ئاستە ڕۆشنبیری و مەعریفە و درککردنە جیاوازانەی کە پێیان گەیشتووە (الجبيلي،2009،ص9).

تویژەر هاوڕایە لەگەڵ دید و تێڕوانینی (عاشور والمقدادي)، کە خوێندنەوە سنووری ناسینی هێمای نووسراو تێدەپەڕێنێت، بەڵکو بە درککردنی زیاتر لە وشە و تێگەیشتن لە چەمك و زانیاری و بیرۆکەی دەقی خوێندراوەی دەدەنێن، یان خوێندنەوە چارەسەری وشەکان و چەمکەکان و زانیارییەکان و بیرۆکەکان دەکات، هەورەها وەکو نووسەر وەسفی دەکات، پرسی چارەسەرکردنی وشە و چەمك و زانیاری و بیرۆکەکان، پەیوەستە بە شارەزایی و مەعریفەی خوێنەر.

لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتنە خوێندنەوە پرۆسەی گۆڕینی هێمای نووسراوە بۆ واتا و بیرۆکەکانی لە ڕێگای دەربڕین بە بەکارهێنانی شێوازی شیکارکردن، هەروەها ڕەگەزە سەرەکییەکانی خوێندنەوە ئەمانەن: (هێمای نووسراو، واتای نووسراو، زارەکی لە خوێندنەوەی بە دەنگ)، هەروەها گەیشتن بە واتای ڕاستەوخۆ لە خوێندنەوەی بەچاو (أبو الضبعات، 2007،ص 106). بە لەبەرچاوگرتنی گرنگی خوێندنەوە، خوێندنەوە بووە بە چالاکی فێرکردن، هەروەها فێرکردنی خوێندنەوە لە قوتابخانەکان بووە بە پرسێك لەلایەن پەروەردەکاران لە هەموو جیهان بە گشتی گرنگی پێدەدرێت، خوێندنەوە لە قۆناغی بنەڕەتی گرنگی زۆری پێدراوە، بەو واتایەی دەستپێکێکی سروشتییە بۆ فێربوون، هەروەها ئامرازێکە ئاسانکاری بۆ ژمارەیەك لە جۆرەکانی فێربوون دەکات، خوێندنەوە یارمەتی قوتابی دەدات بە

وانەکانی دابچێتەوە و بە کاریگەرییەوە لێی تێبگات، هەروەها یارمەتی فرەکردنی تێگەیشتن لە خودی خۆی و ئەوانی دیکە دەدات، قوتابی بە خوێندنەوە دەبێت بە هاوڵاتییەکی گونجاو لە قوتابخانە و دەرەوەی قوتابخانە، هەروەها فێری خونەریتی چاکتر و ئاراستەی قوڵتر ڕووە و خوێندنەوە دەبێت (عطا، 2006،ص 167). پرۆسەی خویندنەوە زیاتر لە ئاستێك لە ئاستەکانی سیستەمی زمانەوانی لەخۆدەگرێت، ئاستەکانی ئەمانەن: ئاستی دەنگ: بریتییە لە ئاستی واتا بە دەهێنانی پیت لە دەرچە ڕاستەکەی، هەروەها دەرهێنانی برگەی درێژ و کورت، کە بێژە و وشەی لێ پێکدێت. ئاستی ڕێزمانی: بریتییە لە واتا بە حولە یان کۆتا وشە و پێکهێنانی ڕستە و ڕەچاوکردنی فاکتەرە ڕێزمانییەکان لە دەربڕینی ڕستەکاندا. ئاستی ئاماژەکردن: بریتییە لە واتا بە واتای ئەو وشانەی دەگەن بە بونیادی وشە و ئەو داڕشتنەی لێ دەرهاتووە، لەو بوارەدا ئامادەیی لە ئاستی وشەسازی و نووسین دەبێت (عطية، 2010،ص23). ئەگەر خوێندنەوە بە تێگەیشتنە ڕوونەکەی توانای ناسینی هێمای نووسراو و تێگەیشتن و ڕاڤەکردن و ڕەخنەگرتن و دانانی هەبێت، کە هێمایەکە ئاماژەی پێ دەکات، ئەوە لەگەڵ ئەو پێشکەوتنەی لە سەرجەم بوارەکانی فێربوون و فێرکردن بەدەستهاتووە، بەڵام نەمانتوانیوە بابەتی نووسراو بگۆڕێن بۆ بابەتی بیستراو، تەنانەت کۆمپیوتەریش کە بە پەرەسندوترین هۆکار و ئامراز و تەکنەلۆژیای فێرکردن دادەنرێت، تاکو ئێستا نووسین وەکو ئامرازی گواستنەوەی زانیاری بۆ خوێنەر دادەنرێت (السيد، 2010،ص97).

لە دیدی توێژەر پرۆگرامی خوێندنە ئامرازێکی گونجاوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکانمان، هەروەها چاکترین سەرچاوەیە بۆ مەعریفە، لەگەڵ ئەوەی تەکنەلۆژیای مەعریفە و ئامرازەکانی زۆربووینەوە و پەرەیانسەندوە، بەڵام کتێب پاشایە لەسەر ئامرازەکانی ڕۆشنبیری بۆ مرۆڤ، کە هەموو توێژەرێك دەتوانێت بە ڕۆشنبیری و خۆشەویستی بۆ کتێب بە ئازادی لە کات و هەوڵدا بە کتێب بگات.

لەبەرئەوەی پەرتووکی خوێندنگە بە تێگەیشتنە فراوانەکەی بەشێکە لە پرۆگرام، ژمارەیەك ڕەگەزی گرنگ بۆ هەر پرۆگرامێکی فێرکردن پێویستە، گرنگی ڕەگەزەکان لەو ڕۆڵەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لە بەدیهێنانی ئامانجی دیاریکراو لە سیستەمی ناوەندی دەیبینێت، کە لە

پەرتووکی یەکگرتوو پشتی پێ دەبەسترێت، بەوشێوەیە کتێب دەبێت بە ڕێبەری بنەڕەتی بۆ ناوەرۆکی پرۆگرام و ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پرۆسەکان و چالاکییەکانی ناوپۆل و دەرەوەی پۆل و چالاکییە بەردەوامەکانی لە کاتی فێرکردن لە ناو قوتابخانە و دەرەوەی قوتابخانە و چالاکییەکانی هەڵسەنگاندنە (رالف، 1983،ص 35). هەروەها پەرتووکی قوتابخانە ئامرازێکی کاریگەرە، کە مامۆستا لە وانەوتنەوە پشتی پێ دەبەستێت، لەگەڵ ئەوەی پەرتووکی قوتابخانە سەرچاوەیەکی گرنگی مەعریفەی زانستییە لە سەرجەم بوارەکانی کە مەبەستە قوتابی تێی بگات و لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا جێبەجێی بکات. هەموو ئەو ئامرازانەی لە وانەوتنەوە پشتی پێ دەبەسترێت، پاشکۆی پەرتووکی قوتابخانەن و بۆ تێگەیشتنی قوتابی دانراون (روبرت، 1967،ص76). لەسەر بنەمای ئەم تێگەیشتنە دەتوانین بڵێین: پەرتووکی قوتابخانە یارمەتی چاککردنی فێربوون دەدات، هەروەها یارمەتی قوتابیان دەدات هەریەکەیان بەپێی توانای خودیان و بە ئاستی وروژانی گرنگیدانیان لە قوتابخانە پێشبکەون، لە پرسی گرنگیدان بە کتێب، چونکە ئەوەی کتێب بە قوتابی دەدات، بریتییە لە هەڵوێستێکی بایەخدار و ئاراستەی پەروەردەیی پوخت، کە دەیەوێت بە شێوەیەکی مەبەستدار بیخاتە دەروونی قوتابییان (مرعي والحيلة، 2000،ص211). هەروەها بە خاڵی دەستپێکی پەرەسەندنی بیرکردنەوەی قوتابی دادەنرێت، بە تایبەتی بە دەستپێکی ڕێکخستنی بیرۆکە نوێیەکان لە بونیادی مەعریفییان بۆ فێربوون بونیادنراو لەسەر دۆزینەوە، لە بری ئەوەی هەموو شتێك بە ئامادەکراوی پێشکەشی قوتابی بکرێت، هەروەها یارمەتی قوتابی دەدات فێری پەرتووکی قوتابخانە ببێت، لەسەر ئەو بنەمایەی شێوە و شێوازی پەرتووکی نووسراوە بە ڕێگایەکی نوێی و ڕوون بەشداری لە پەرەپێدانی پاڵنەری قوتابی بۆ فێربوون دەکات (فريديك،1986،ص 122). پەرتووکی قوتابخانە بە یەکێك لە سەرچاوەکانی فێربوون دادەنرێت کە قوتابی پشتی پێ دەبەستێت، لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم تاکە سەرچاوەی بنەڕەتییە، کە قوتابیان لە فێربوون پشتی پێ دەبەستن (اكرم، 2001،ص3)، لەسەر ئەو بنەمایەی ئامرازی پەروەردەیە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی و ئامرازێکی قوتابخانەیە بۆ ڕوودانی فێربوونی ویستراو لە قوتابخانە (حلس، 2007،ص 165)، لەگەڵ ئەوەی ئامرازێکی فێرکردنی گرنگە، پێویستە ئەو ئامرازە گونجاو و دروست بێت، لەبەرئەوە پێویستە تەنها گەیاندنی پەرتووکی قوتابخانە بە

دەستی قوتابیان و مانەوەی وەکو ئەوەی هەیە بەس نەبێت، بەڵکو پێویستە لە کاتی بەکارهێنانی لە پرۆسەی پەروەردە بە بەردەوامی بەدواداچوونی بۆ بکرێت (الوكيل، 1983،ص179 - 180)، دیاریکردنی خاڵی لاوازی پەرتووکی قوتابخانە چییە؟ تەنها هەنگاوێکە بە ئاراستەی چاکترکردن و پەرەپێدانی (الشبلي، 1982.ص135)، لەبەرئەو هۆکارە پێویستە پەرتووکی قوتابخانە بە پرۆسەی هەڵسەنگاندن تێپەڕێت، لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتنە، لە دیدی فرید چاکترین ڕێگا بۆ چاکترکردنی پرۆگرام هەڵسەنگاندنە(Fred,1971,p324)، کە دەتوانرێت لە ڕێگایەوە تێبینی ئەو لایەنانە بکرێت کە پرۆگرام تیایاندا کاریگەرە، هەروەها تێبینی ئەو لایەنانە بکرێت کە پێویستیان بە چاککردنە (رالف 1983،ص 194)، هەروەها هەڵسەنگاندن پارێزبەندێکی متمانەپێکراو و کلیل و پارێزەری بەرهەمی پرۆسەی فێرکردنە، ئەو ناتەواویەی لە کاتی تێپەڕبوو دەدۆزرێتەوە، زیانی گەورەی دەبێت، هەروەها ئەو کار و چالاکییانەی لەسەر ناتەواوییەکان بونیاد دەنرێن، هەموویان هەڵە دەبن، پرۆگرام بیانیایەکی تەواوە و هەموو ڕەگەزەکانی پشت بە ڕەگەزی دیکە دەبەستێت.(الشبلي، 1986،ص 48 - 49)

هەروەها پەرتووکی قوتابخانە یەکەم ئامرازی مەعریفەیە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان، پەرتووکی قوتابخانە بەردی بنەڕەتییە سەبارەت بە پرۆگرامی خوێندن و قوتابی و مامۆستایان، لەبەرئەوە بەشێکە لە چالاکییەکانی ڕۆژانەی مامۆستایان و قوتابیان فەرامۆش ناکرێت، لەبەرئەوە پەرتووکی قوتابخانە بەخت پاوەریەتی لەلایەن ئەو کەسانەی گرنگی بە پەروەردە و فێرکردن دەدەن، لە سەردەمە جیاوازەکان گرنگی پێ بدەن، لەبەرئەوەی شایستەی گرنگی پێدانە، لێژنەکانی پەروەردە سەرنجیانداوە و یاسایان داناوە و بڕیاریان دەرکردەوە و بڵاوکردوەتەوە و هەوڵی بەردەوامیان بۆ چاکترکردنی پەرتووکی قوتابخانە و ڕێکخستنی دابەشکردنی بەسەر قوتابیان داوە. (Wolly,2011,p76).

سەبارەت بە مامۆستا یارمەتیدەری دەستەڕاستە، مامۆستا بۆ بەدیهێنانی فێربوونی قوتابی و یارمەتیدانی لەسەر بەدەستهێنانی مەیل و ئاراستە ویستراوەکانیان و گەشەپێدانیان دیاریدەکات و دایدەنێت، لەگەڵ هەموو ئەوانەدا لە ڕێگای کتێبەوە مامۆستا ڕێنمایی قوتابیان بۆ چالاکییە جۆراوجۆرەکان دەکات، کە خزمەت بە بابەتەکە دەکات، هەروەها پەرتووکی قوتابخانە

پێشنیاری شێواز و ئامرازەکانی هەڵسەنگاندن دەکات، بۆ پێوانەی ئەو ئاستەی کە پێویستە قوتابی پێی بگات، پەرتووکی قوتابخانە بڕیار لەسەر دراوەکانی خوێندنن، کە بابەتەکانی تیادا ڕێزبەنکراوە، لەگەڵ هەموو ئەو گرنگییانە، پەرتووکی قوتابخانە لە پرۆسەی فێرکردن هەموو شتێك نییە، لەبەرئەوەی ڕەگەزەکانی پرۆسەی فێرکردن زۆر و جۆراوجۆرن، بەڵام پەرتووکی قوتابخانە، یەکێکە لە گرنگترین ڕەگەزەکانی، لەوانەیە ڕەگەزێکی هاوبەش بێت و هەموو ڕەگەزەکانی دیکە پێی کاریگەر بن.(العزاوي، 2009،ص 284).

بەڵام ئامانجەکان لە پەروەردەی نویَ، ڕۆڵی بنەڕەتی و بونیادی لە ئاراستەکردنی پرۆسەی فێکردن دەبینێت، ئامانج مامۆستا لە ماندوبوون و شەکەتی وتنەوەی شتی زۆر دوور دەخاتەوە، هەروەها پابەندی هەڵسەنگاندنی وانەکەی دەکات، واتا وادەکات مامۆستا بڕیار لەسەر فێربوونی قوتابیان بدات، ئامانجی پەروەردە بە سروشتی ئەنجامی لێکۆڵینەوەی شیکاریی ئەو پێویستییە پەروەردەییانەیە کە کۆمەڵگە ئامانجیەتی قوتابیان بەدەستی بهێنن.

(الموسوي، 2011،ص 147)

پرۆسەی هەڵسەنگاندنی پەرتووکی قوتابخانە پەرە بە پرۆگرام دەدات و لە ڕێگای لادان و فرەکردن و هەموارکردنەوەی بابەتەکان ناوەڕۆکی کتێب چاکتر دەکات، هەروەها سوودی بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی پەرتووکیەکە و چاکترکردنی پرۆسەی وانەوتنەوە دەبێت، هەروەها ئامراز و هۆکارەکانی فێرکردنی ناو کتێبەکە و چالاکییەکان ڕوون دەکاتەوە، بەو شێوەیە کاریگەریان چاکتر دەکات، هەروەها پرۆسەی هەڵسەنگاندنی پەرتووکی قوتابخانە، بە گرنگترین فاکتەری چالاکی پرۆسەی فێرکردن دادەنرێت، هاوکات پرۆسەی هەڵسەنگاندن زیاتر پەیوەستە بە پەرەپێدانی پەروەردەیی، لەبەرئەوەی ئامرازێکە دەتوانێت بڕیار لەسەر کارایی فێربوون و بنەما جیاوازەکانی بدات، لە لایەکی دیکەوە ڕۆڵی بنەڕەتی لە "پێشکەشکردنی زانیاری وردە بە پێشەوا و سەرکردنەکانی پەروەردە دەگێڕێت، لە ڕووی ئاستی کارایی و کاریگەری سیستەمی فێرکردن بە گشتی، تاکو پێشەوا و سەرکردەکانی پەروەردە بتوانن بڕیار دەربکەن و ستراتیجیەتی تایبەت بە چاکترکردن و نوێکردنەوە و

پەرەپێدانی سیستەمی فێرکردن دیاری بکەن، هەروەها بتوانن نەخشەی هەنگاوەکانی زانستی بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانیان بکێشن، هەروەها بۆ ئەو کەسانەی پرۆسەی فێرکردن ئاراستە دەکەن، لە خزمەتی قوتابییان بن (ابراهیم والكناني، 2008،ص10). هەروەها هەڵسەنگاندن پایەیەکە لە پایە بنەڕەتییەکانی پرۆسەی فێرکردن و بەشێکی جیانەبووەوەیە لە پرۆسەکە، هەڵسەنگاندن لە پرۆسەی پەروەردە یەکەم هەنگاوی پێش پرۆسەی فێرکردنە، هەروەها هەڵسەنگاندن لە هەر پرۆگرامێکی پەرەپێدانی پرۆسەی پەروەردە پێویستە، لەبەرئەوەی لە ڕێگایەوە دەتوانرێت ئاستی بەدیهاتنی ئامانجەکان بزانرێت، هەروەها ئاستی گونجاوی ئەنجامەکان لەگەڵ هەوڵ و کۆششی جیاوازی ئاستی تاکەکان و توانانی بەکارهاتوو بزانرێت. (الطناوي، 2009،ص 235)، لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتنە، دەستنیشانکردنی کێشە و ئاستەنگ و دیاریکردنی لایەنی لاواز و بەهێزی پرۆگرامەکان و پەرتووکی قوتابخانە، تەنها هەنگاوێکە بە ئاراستەی چاکترکردن و پەرەپێدانی ئەو پرۆگرامانە، لەبەرئەوە پێویستە پەرتووکی قوتابخانە بە پرۆسەی هەڵسەنگاندا تێپەڕێت، بۆ زانین و دیاریکردنی ئەو بابەتانەی پێویستیان بە هەموارکردنەوەیە یان لادانە یان بۆ زانین و دیاریکردنی ئەو بابەتانەی زیاتر گرنگیدانی قوتابییان لە بابەتەکانی دیکە دەوروژێنن، بۆئەوەی مامۆستایان گرنگی زیاتریان پێ بدەن، بۆئەوەی پرۆسەی فێربوون چاکتر بکەن و زیاتر پەرەپێبدەن، ئەمەش لە ڕێگای ئەو ئەنجامانە دەبێت، کە لە هەڵسەنگاندن دەستدەکەوێت، پرۆسەی چاکترکردن و پەرەپێدانی پرۆسەی فێربوون لە ڕێگای گۆڕینی پەرتووکی بڕیارلەسەردار یان لادانی هەندێك بابەت یان فرەکردنی هەندێك بابەتی نوێ دەبێت (ملحم، 2006،ص 524).

جوڵەی پێوەری مێژوویی بەستراوەتەوە بە جوڵەی کوالێتی و یەك جوڵەیان پێکهێناوە، پێوەرەکان ئامانجیان بەدیهێنانی کوالێتییە، نەك کوالێتی بەبێ پێوەر، هەروەها گەڕان بە دوای کوالێتی، هاوکات گەڕانە بەدوای پێوەر (البيلاوي واخرون، 2008،ص 28). هەروەها کوالێتی ڕاستی و دروستی سەدەی بیست و یەکی لە بەڕێوەبردنی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزارییەکان بە گشتی سەلماند، هەروەها ڕاستی و دروستی فێرکردن و سیستەمەکەی بە تایبەتی سەلماند، بەوشێوەیە کوالێتی بووە بە ژیان و ڕۆشنبیری سەردەمەکە،

بۆیە پێویستە کوالێتی لە سیستەمی فێرکردن و ڕۆشنبیری کۆمەڵگەدا هەبێت، بۆئەوەی ببێت بە بەشێك لە بیروباوەڕی خەڵك و ڕۆشنبیریان، لەگەڵ هەموو ئەوانەدا فێرکردن لە خۆیدا پرۆسەیەکە بەرهەمەکەی لەگەڵ مرۆڤ هەڵسوکەوت دەکات، هاوکات ڕەگەزێکی سەرەکی لێ پێکدەهێنێت، هەروەها پێویستە مرۆڤ ببێت بە بەرهەمی کۆمپانیایەکی پیشەسازی بەرهەمهێنانیان خزمەتگوزاری نایاب، لەسەر بنەمای ئەم تێگەیشتنە پێویستە دەرچووی دەزگای فێرکردن کەسێکی جیاواز و نایاب بێت، ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشی قوتابییان و کۆمەڵگەی دەکات جیاواز و نایاب بێت (عطیة، 2008،ص 19). کوالێتی لە سایەی کاراکردنی پێوەرەکان بە چاکترین شێوەی لە تواناداپە بەدەیدەهێنرێت، کەواتە پێوەرەکان دەروازەن بۆ بڕیاردان لەسەر کوالێتی فێرکردن، مەبەستی بنەڕەتی لە پشتبەستان بە پێوەرەکانم، گەیشتنە بە کوالێتی لە فێرکردن، لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین: کوالێتی لە فێرکردن دوو ڕووی یەك پرۆسەن، پێوەرەکان و ئاماژە لاوەکییەکانی پەیوەست بە بەدیهێنانی کوالێتی بەدیدەهێنن (زایر وحسین، 2020،ص 23). هەروەها پێوەرەکان هاوتای بڕیار و مەرجە نوێیەکانی کۆمەڵگەن، پێوەر واتا بڕیاری مەرجی، نەك تەنها لە نێوان دەستەڵاتی پەروەردە و قوتابیان، بەڵکو لەلایەك لە نێوان قوتابیان و باوك و دایکیانە، لە لایەکی دیکە لە نێوان قوتابیان و دەستەڵاتی پەروەردەییە (الدرادکة، 2015،ص 60).

لەبەرئەوە دەبێت پرۆسەی پەرەپێدانی پرۆگرامەکان لە ژێر ڕۆشنایی پێوەرەکان و بەپێی قۆناغەکان بێت، بۆئەوەی هەموو ڕەگەزەکانی پرۆگرام و بنەما و پرۆسەکانی بگرێتەوە، پرۆسەی پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی پەروەردەیی، پرۆسەیەکی بەردەوامە، هاوکات پێویستە لەگەڵ پێشکەوتن و بەردەوامی ژیان بەردەوام بێت و نەوەستێت، لەبەرئەوەی پرۆگرامەکان ناتەواو دەبن و لە کاروانی پێشکەوتنی کۆمەڵگە دوادەکەون (جري، 2018،ص 33).

لە دیدی توێژەر مەبەست هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی پێوەری کوالێتی لە فێرکردن، دیاریکردنی کۆمەڵێك بنەما و پێوەرە، کە هەوڵ و کۆششەکانی لەلایەن دەستەی بەڕێوەبردنی پرۆسەی پەروەردە دراوە لە دەزگا و ناوەندەکانی فێرکردن پشتی پێ دەبەستن، بۆ بەرزکردنی ئاستی قوتابییان، بۆ ئەوەی ئاستیان لەگەڵ داواکاری و پێویستییەکانی کۆمەڵگە بگونجێت، لە ڕێگای

ئەو پێوەرانەی لە پێشدا دیاریکراون، هەروەها لە ماوەی دیاریکراو و بە کەمترین هەوڵ و بە تێچوی لە توانادایە بەدیبهێنرێت.

لە دیدی تویژەر پێویستە پەرتووکی خوێندنەوە بۆ قوناغی بنەڕەتی هەڵبسەنگێنرێت، لەبەر گرنگی ئەو قۆناغە و گرنگی بابەتی خوێندنەوەی کوردی، هەروەها توێژەر پرسی هەڵسەنگاندنی پەرتووکی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی لە ژێر ڕۆشنایی پێوەری کوالێتی پەرتووکی قوتابخانە هەڵبژاردووە، لەوانەیە لەگەڵ قۆناغی تەمەنی قوتابییان بوەستێت، کە قوتابییان بە قۆناغی بنەڕەتی تێدەپەڕن، هەروەها لایەنی بەهێز و لاوازی پەرتووکی خوێندنەوەی کوردی بزانێت.

**لەبەرئەوە گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەمانەی خوارەوە بەرجەستە دەبێت:**

1- گرنگی زمانی کوردی، لە بنەڕەتەوە زمانی کوردی زمانی لێکتێگەیشتنی نێوان گەلی کوردە، لەگەڵ ئەوەی زمانی فەرمی یەکەمە لە هەرێمی کوردستان.

2- گرنگی بابەتی خوێندنەوە لە ژیانی قوتابییان، لە بنەڕەتەوە دیاریکراوە و ناگۆڕێت، کە تاك دەتوانێت بە خوێندنەوە لە کاروانی پەرەسەندنەکان لە مەیدانە گشتییەکان بەردەوام بێت، هەروەها بگات بە کۆتا دەستکەوتی زانستی، لەگەڵ ئەوەی گرنگی خوێندنەوە سامانی زمانەوانی فرە دەکات، هەروەها ئەوەی بە بیر و خەیاڵی دادێت کە تێی بگات دەستی دەکەوێت.

3- گرنگی پەرتووکی فێرکردن لە قوتابخانە، لەوانە پەرتووکی قۆناغی بنەڕەتی، ڕۆڵی لە پرۆسەی فێکردندا هەیە.

4- گرنگی هەڵسەنگاندن، کە ڕێگایەکی ڕاستە بۆ دۆزینەوەی لایەنی بەهێز و ناتەواوییەکان، بۆ تەواوکردنی ناتەواوییەکان و پاڵپشتی کردنی لایەنی بەهێز، بە ئامانجی چاکترکردنی پرۆسەی پەروەردەیی و پەرەپێدانی.

5- گرنگی کوالێتی، کە نمرەی تێگەیشتن و قوڵبوونەوە دەگرێتەوە، هەمووان هەوڵی گەیشتن پێی دەدەن.

6- گرنگی پێوەری کوالێتی پەرتووکی قوتابخانە، کە پسپۆڕان دەتوانن لە ئامادەکردنی پرۆگرامی خوێندن سوودی لێ ببینن.

7- گرنگی قۆناغی بنەڕەتی، لە بنەماوە قوناغێکە توانستی درککردنی قوتابی لێ بونیاد دەنرێت، لەو قۆناغەدا قوتابی پشت بە خودی خۆی دەبەستێت و بونیادی زمانەوانی پێدەگات و تەواو دەبێت، هەروەها بە خێرایی توانای خوێندنەوەی گەشە دەکات.

8- بەپێی زانیارییەکانی توێژە، هیچ لێکۆڵینەوەیەك لە پێشدا نییە، لە ژێر ڕۆشنایی پێوەری کوالێتی پەرتووکی قوتابخانە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، هەڵسەنگاندنی بۆ پەرتووکی خوێندنەوەی کوردی پۆلی دەووەمی بنەڕەتی کردبێت.

## ❖ ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەکە:

1- ئامادە کردن پێوەری هەڵسەنگاندنی پەرتووکی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

2- ئاستی دەستەبەرکردنی پێوەری کوالێتی پەرتووکی قوتابخانە لە پرۆگرامی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق چەندە؟

## ❖ سنووری لێکۆڵینەوەکە :

**ئەم لێکۆڵینەوەیە بەمانە دیاری دەکرێت:**

1. سنووری مرۆڤایەتی: مامۆستایانی بابەتی خوێندنەوەی کوردی بە هەردوو ڕەگەز بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی.
2. سنووری جۆگرافی: قوتابخانە بنەڕەتییەکانی بەیانیان لە هەرێمی کوردستان/ پارێزگای هەولێر.
3. سنووری بابەتی: پرۆگرامی خوێندنەوەی کوردی بڕیاردراو بۆ وتنەوە بە قوتابیانی پۆلی دووەمی سەرەتایی (بنەڕەتی)، چاپی هەشتەم.
4. سنووری کاتی: ساڵی خوێندنی (2020 - 2021) ز.

## ❖ دیاریکردنی زاراوەکان Determine The terms :

تویژەر ئەو زاراوانە بەو شێوەیەی خوارەوە دیاری دەکات لە لێکۆڵینەوەکە :

## ❖ هەڵسەنگاندن Evaluating:

هەریەك لەمانە پێناسەیانکردووە:

1- **(میخائیل، 2015)**، "پرۆسەیەکی ڕێکخراوە بۆ کۆکردنەوە و شیکارکردنی زانیارییەکان، پێکهاتووە لە بڕیاردان لەسەر بەها، داوای دیاریکردنی پێش وەختەی ئامانجی پەروەردەیی دەکات، مەبەستی بنەڕەتی بەدی دەهێنیت، کە هەڵسەنگاندنی زانیارییە گرنگ و بەسوودەکانە، بۆ دروستکردنی بڕیارە پەروەردەییەکان (میخائیل، 2015،ص 38).

2- **(السلطاني والجبوري، 2016)**، "پرۆسەی بەدواداچوون یان دڵنیا بوونە یان بڕیاردانە لەسەر بەها یان بڕی شتێك، لە ڕێگای بەکارهێنانی پێوەری خەملاندن، هەروەها لە ڕووی بونیادی ناوخۆیی و پێوەری دەرەکی بڕیار دەستەبەردەکات".

(السلطاني والجبوري، 2016،ص 103)

3- **(سعادة والعميري، 2019)**، "پرۆسەی دەستنیشانکردنی چارەسەری و خۆپارێزییە، بە پلەی بنەڕەتی ئامانجی دۆزینەوەی لایەنی بەهێزی شتێکە دەیەوێت لە پیناوی کارکردن لەسەر پاڵپشتی کردنی هەڵی بسەنگێنێت، دواتر خالە لاوازەکانی دیاری بکات، کە لە پێناوی چاکردنی هەوڵدەدات، بۆئەوەی کار بۆ بڕیاردان لەسەر ئەو شتە بکات کە هەڵیدەسەنگێنێت"؟

(سعادة والعميري، 2019،ص 41)

4- **(زايرو حسين، 2020)**، "پرۆسەیەکی ڕێکخراوە بۆ سەرجەم داتاکان، لە دوایدا ڕاڤەیان دەکات و جێبەجێیان دەکات، بڕیاریان لەسەر دەدات، لە دواییدا ڕێکاری کرداری بەپێی توانا دەگرێتەبەر، بە ئامانجی گۆڕین و پەرەپێدان، هەروەها هەڵسەنگاندن پرۆسەی پەروەردەییە، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی سەرکەوتوو لێکۆڵینەوە و تێڕوانین و سەرنجدان و بەدیهێنان و ڕاستکردنەوە و دەوڵەمەندکردنی ئەو بابەتانەیە کە دەیەوێت هەڵیانبسەنگێنێت".

(زاير وحسين، 2020،ص 97)

**توێژەر ڕێکاریانە پێناسەی هەڵسەنگاندن دەکات:** بریتییە لە پرۆسەیەکی ڕێکخراو کار لەسەر سەرجەم داتا و زانیارییەکانی سەبارەت بە ڕەگەزەکانی پەرتووکی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی دەکات، لە ڕێگای ڕاپرسی تایبەت بەم لێکۆڵینەوەی ئێستا، کە توێژەر ئامادەی کردووە، بۆ گەیشتن بەو ئەنجامەی کە دەتوانێت بە پێی ئەنجامەکەی ئاستی وردەکاری و لێهاتوویی ڕەگەزەکان و پێویستی پەرەپێدانی ئەوانەی ڕاست و دروست نین بزانێت.

## ❖ پەرتووکی قوتابخانە Textbook:

هەریەك لەمانە پێناسەیان کردووە:

1- **(الخريشا، 2012)** : " بەڵگەنامەیەکی فەرمی ئاراستەکراوی نووسراوە و ڕێکخراوە، وەکو دەستپێکێك بۆ بابەتی خوێندن، هەروەها دیزاین کراوە بۆئەوەی لە پۆلی خوێندن بەکاربهێنرێت، زاراوە و دەقی گونجاو و وێنە و ڕاهێنان و نموونە لە پرۆسەی فێربوون بۆ قوتابییان لەخۆدەگرێت، هەروەها نموونە بۆ مامۆستا لە وانەوتنەوە لەخۆدەگرێت".

(الخريشا، 2012،ص 209)

2-**(القضاة وآخرون،2014)**:"سیستەمێکی چەندایەتییە، ڕەگەزەکانی لەخۆدەگرێت، کە بریتین لە ئامانج، ناوەڕۆك، چالاکی، هەڵسەنگاندن، بە ئامانجی یارمەتیدانی مامۆستایان و قوتابیان، لە بەدیهێنانی ئامانجی دیاریکراو لە بابەتی خوێندن، لە پۆلێك، بە جێبەجێکردنی زانستیانەی پرۆگرام، کە ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی کۆمەڵگە و سروشتی قوتابیان و ئەو مەعریفەیەیە لە نێوان لاپەڕەکانی دەیخوێننەوە .(القضاة واخرون، 2014،ص 262) .

3-**(الزهيري، 2015)**: "سیستەمێکی تەواوکارییە ڕەگەزەکانی ناوەرۆکی پرۆگرامەکان دەگرێتەوە، ڕەگەزەکانی بریتین لە: ئامانج و ناوەرۆك و چالاکی و هەڵسەنگاندن، ئامانجی یارمەتیدانی مامۆستا و قوتابیانە لە پۆل و بابەتی خوێندن، بۆ بەدیهێنانی ئامانجی دیاریکراو، کە پرۆگرام دیاریکردووە" (الزهيري، 2015،ص 175).

4-**(هادي وجاسم، 2019)**:" پەرتووکی ئاراستەکراوە بۆ خزمەتی بڕیاردراوی خوێندنی دیاریکراو، خوێندنی بڕیاردراو هەقیقەتە بنەڕەتییەکان دەگرێتەوە، کە لە بوارەکاندا جێگیرکراوان، بۆئەوەی ببن بە بواری زانین لە بوارەکاندا، ئامانجی کتێب لە بنەڕەتەوە فێرکردنی ئاراستەکراوە" (هادي وجاسم، 2019،ص20).

**توێژەر لە ڕووی ڕیکاری پێناسەی دەکات:** کە پەرتووکی خوێندنی کوردی، بە پۆلی دووەمی بنەڕەتی دەوترێتەوە، لە هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ساڵی خوێندنی (2020 - 2021) بڕیاری وتنەوەی دراوە، پێکهاتووە لە کۆمەڵێك ئەزموون و شارەزایی، کە یارمەتی قوتابی دەدات، لە بەدیهێنانی ئامانجی فێرکردنی سنووردار.

## ❖ خوێندنەوە Reading:

هەرێك لەمانە پێناسەیانکردوە:

1- **(عطية، 2014)**: "پرۆسەی بەیەکەوە بەستنەوەی نێوان هێما نووسراوەکان و دەنگەکان و تێگەیشتنی واتاکانی نێوان دێڕەکان و پشتی هێماکانە، یان مەبەست لە خوێندنەوە بەستنەوەی قسەی نووسراوە بە بێژە و تێگەیشتنە لە واتاکەی، لەسەر ئەو بنەمایەی زمان واتادارە، قسەی خوێندراوە پێکهاتووە لە هێما و بێژە و واتا، کە بە بێژە دەردەبڕدرێت".
(عطية، 2014،ص 21)

2- **(عبد الرحمن، 2018)**: "فرەکردنی توانای کارلێکردن و تێگەیشتنە لە زمانی نووسراو، کە پرۆسەیەکی ناخەکیی و ئەقڵییە، تێبینی ناکرێت یان ڕاستەوخۆ لێی ناکۆڵدرێتەوە".
(عبد الرحمن، 2018،ص4)

3- **(الوحيدي، 2019)**: "توانای بینینی دەنگییە، یان بێدەنگە، لە ڕێگای ئەو توانایەوە قوتابی تێدەگات و دەردەبڕێت، کاریگەری دەکاتە سەر کەسانی دەوروبەری، یان مەبەستی پوختەکردنی واتایە لە بابەتە نووسراوەکە و شیکارکردنی هێماکانی، هەروەها خوێندنەوە پێکهاتووە لە سەرنجدان، درککردن، بەیادهاتنەوە، تێگەیشتن، خۆشی بینین، هەڵچوون، یان خوێندنەوە توانای بەهێزکردنی هەستەکانە، یاردەوەرییە، ژیری، بۆ دەستکەوتنی

مەعریفەی زۆر، یان دووبارە هێنانەوەی لۆژیکییە، یان بەیادهێنانەوی ئەقڵیی زانیارییەکانە لە مێشك، زانیارییەکانی ناو مێشك بە شێوەی هێما و پیت، یان وێنەن".

(الوحيدي، 2019،ص 19)

4- **(زآير وخرون، 2020):** "پرۆسەیەکی هزری زۆر ئاڵۆزە و پەیوەندی بە چالاکییەکانی ئەقڵ و فسیولۆژیای مرۆڤ، هەروەها پەیوەندی هەستی بینین و ئامرازەکانی دەربڕین و حاڵەتی دەروونییەوە هەیە، خوێندنەوە لەسەر چوار ڕەهەندە: ناسین و دەربڕین – تێگەیشتن – رەخنە و بەراوردکردن – چارەسەرکردنی کێشە".

(زاير وآخرون، 2020،ص 92)

**توێژەر بە شێوەی ڕێکاری پێناسەی کردووە:** خوێندنەوە پرۆسەی ناسینی پیت و وشە و هێما نووسراوەکانە کە لە پەرتووکی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی هاتووە، هەروەها پرۆسەی تێگەیشتن و درککردنی مەبەستەکانە، هەروەها پرۆسەی زانینی واتای وشەکان و دەربڕینی زارەکی و واتایە.

## ❖ پۆلی دووەمی بنەڕەتی:

ئەو پۆلەیە قوتابییان تیایدا فێری بنەڕەتەکانی خوێندنەوە و نووسین دەبن، لە پۆلی دووەمی بنەڕەتی قوتابییان بەپێی ئەو توانایانە لە ساڵەکانی تەمەن نەوەکانی کوردستان بە چاکترین شێوە ڕادەهێنن (وزارة التربية، 2009،ص10).

**توێژەر ڕێکاریانە پێناسەی کردووە:** لە پۆلی دووەم لە قۆناغی بنەڕەتی، قوتابییان فێری بنەڕەتەکانی خوێندنەوە و نووسینی کوردی دەبن.

## ❖ پێوەرەکان Standards:

هەریەك لەوانە پێناسەیان کردووە:

1- **(حلس، 2007)**: "کۆمەڵێك مەرج و ئەحکامی ڕاست و دروستی زانستییە، وەکو ڕێسایەك یان بنەمایە بۆ بەراوردکردن بەکار دەهێنرێت، هەروەها بۆ بڕیاردان لەسەر بەهای جۆری یان چەندایەتی، بە ئامانجی پاڵپشتیکردنی لایەنی بەهێز بۆ بەهێزکردنی یان دەستنیشانکردنی لایەنە لاوازەکان و چارەسەرکردنیان (حلس، 2007،ص11).

2- **(العدوان والحوامدة، 2011)**: "ئامرازی قوتابییە کە دەبێت قوتابی لە ساتی پەیڕەوکردنی کۆتا ئامانجی ڕەفتاری پێی بگات، ڕەفتارەکە لەلایەن مامۆستا پەسند دەکریت و دەبیت بە بەڵگە لەسەر فێربوونی".(العدوان والحوامدة، 2011،ص73)

3- **(أبراهيم، 2011)**: "کۆمەڵێك تایبەتمەندی و مەرجە دبێت لە دیاردەیەکی دیاریکراودا هەبێت، ئەو تایبەتمەندیانە بنەمای ناوخۆیین بۆ بڕیاردان لەسەر پرۆگرامێك لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامدانی کردەیی بۆ بەشداریکردن تیایدا، ئەو تایبەتمەندیانە لەسەر شێوەی چەندایەتی دەبێت، لە ژێر ڕۆشنایی تایبەتمەندی واقیعی بۆ ئەو ئەنجامدانە دیاریدەکرێت".

(أبراهيم، 2011،ص6)

4- **(سعادة والعميري، 2019)**: پێوەر"ئەو نموونەیەیە کە ڕێکەوتنی لەسەرکراوە، ئامانج لە پێوەر پێوانەکردنی پلەی تەواوییە یان تەواوی شتێکە لە دەرەوە، لەسەر ئەو بنەمایەی دەستەواژەیەکی وسفییە وێنەی هاوشێوە دیاری دەکات، کە پێویستە لەو شتەدا هەبێت، کە پێوەرەکەی بۆ دانراوە، یان دەبێت کار لەسەر بەدیهێنانی ئەو شێوەیە لە داهاتوودا بکات" .

(سعادة والعميري، 2019،ص50)

**تـوێژەر ڕێكاریانــە پێناسـەی دەكـات:** ئـەو ڕاسـتەقینەیە پێویسـتە لـە پەرتـووكی خوێندنـەوەی كوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی هەبێت، ئامرازی لێكۆڵینەوەكە (ڕاپرسی) لەخۆدەگرێت، كـە تـوێژەر لـە شـەش بـوار ئامـادەیكردووە، لەسـەر ڕۆشـنایی ڕاپرسـییەكە بڕیـار لەسـەر ئاسـتی كوالێتی ئەو كتێبە دەدات.

## ❖ كوالێتی Quality:

هەریەك لەمانە پێناسەیان كردووە:

1- **(ڕێكخـراوی كـوالێتی بـەریتانیا TQM)**: "فەلسـەفەیە بـەڕێوەبردنی كۆمپانیایـە، كـە لـە ڕێگایــەوە دركــی بــەدەیهینانی هــەموو پێداویســتییەكانی بەكاربــەر دەكــات، هــەروەها ئامانجەكانی پرۆژەكەشی لەگەڵ بەدیدەهێنرێت"،(حمود، د. ت، ص 74).

2- **(عطیـة، 2009)**: " فەلسـەفەیەكە سیسـتەمی كـارگێڕی بەكاریـدەهێنێت بـۆ ئاراسـتەكردن و بەدیهێنانی ئامانجی كۆمپانیا، بـە ڕێگایـەك ڕەزامەنـدی بەكاربـەر دەستەبەردەكات، ئەمـەش لـە ڕێگـای چـاككردنی بـەردەوامی سیسـتەمی كـوالێتی، كـە لـە هەریـەك لـە سیسـتەمی كـارگێڕی، سیسـتەمی كۆمەڵایـەتی پێكهـاتووە، بەوشـێویە ئـەم سیسـتەمە دەبێـت بـە ڕێگـای ژیانی زانستی لە ناو ڕێكخراوەكە و تەواوی دەستەكانی"(عطیة، 2009،ص 66).

3- **(البــوهي واخــرون، 2018)**: " كۆمــەڵێك پێــوەر و ڕێكــارە، ئامــانجی بونیادنــان و جێبەجێكردنە، بۆ گەیشتن بە بەرزترین پلەی تێگەیشتن لە لێكەوتەكانی دەزگای فێركردن و چاككردنی بەردەوام لە ئاستی ئەنجامدان بەپێی ئامانجی دیاریكراو و تایبەتمەندی بابـەتی و باوەڕپێكراو، بە كەمترین تێچوون و كەمترین هەوڵ بەپێی توانا".

(البوهي واخرون، 2018،ص 254)

4- **(جري، 2018):** " کۆمەڵێك تایبەتمەندییە یان سیما و خاسیەتە، بە ورودی و گشتگیری جەوهەری پەروەردە و حاڵەتەکانی و ڕەهەندەکانی و ڕەگەزە بەشداربووەکانی و پرۆسەکانی و لێکەوتە نزیك و دوورەکانی و فیدباکەکەی دەخاتەڕوو، هەروەها ئەو کارلێکردنە بەردەوامانە دەخاتەڕوو، کە ئامانجی دیاریکراو و گونجاو لەگەڵ کۆمەڵگە} دیاریکراو بەدیدەهێنێت، لەسەر بنەمای پارێزگاریکردن لە جەوهەری پەروەردە، ئاستەکانی کوالێتی جیاواز دەبێت"(جري، 2018،ص26).

**توێژەر ڕێکاریانە پێناسەی دەکات:** بریتییە لە تەواوکاری چۆنایەتی و تایبەتمەندی پەرتووکی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی، سەبارەت بە قوتابییان و مامۆستایان، بەو چۆنایەتی و تایبەتمەندیانە پەرتووکی ڕەزامەندی قوتابییان و مامۆستایان بەدەستدەهێنێت، هەروەها پێویستییەکانیان تێر دەکات و ویستەکانیان بە شایستەیی بڵاوە پڕدەکاتەوە، بە ئامانجی بەدیهێنانی ئەنجامی باڵا.

## ❖ قۆناغی سەرەتایی Elementary stage:

قۆناغی بنەرەتی یەکەم قۆناغی خوێندنە و ماوەی خوێندن تیایدا شەش ساڵە، لە پلەکانی فێرکردن لە عێراق، بە قۆناغی بنەڕەتی دادەنرێت، فێرکردن لە قۆناغی بنەڕەتی یەکگرتووە و گشتییە بۆ هەمووان، قوتابی دەتوانێت ئامرازەکانی مەعریفەی بنەڕەتی و بنەمای ڕۆشنبیری و زەمینەی هاوڵاتی دروست بەدەست بهێنێت، قۆناغی بنەڕەتی دەکەوێتە دوای قۆناغی باخچەی منداڵان و پێش قۆناغی ناوەندی.(وزارة التعليم، 1989،ص 15).

**توێژەر ڕێکاریانە پێناسەی کردووە:** ،قۆناغی بنەڕەتی یەکەم قۆناغی خوێندنە و ماوەی خوێندن تیایدا شەش ساڵە، لە پلەکانی فێرکردن لە عێراق، بە قۆناغی بنەڕەتی دادەنرێت، فێرکردن لە قۆناغی بنەڕەتی یەکگرتووە و گشتییە بۆ هەمووان قوتابییان فێری بنەڕەتەکانی خوێندنەوە و نووسینی کوردی دەبن.

# بەشی دووەم

## باگراوەندەکانی تیۆری و لێکۆڵینەوەکانی پێشوو

### تەوەری یەکەم: باگراوەندەکانی تیۆری

**یەکەم: هەڵسەنگاندن**

**دووەم: پەرتووکی قوتابخانە**

**سێیەم: کوالێتی**

### تەوەری دووەم: لێکۆڵینەوەکانی پێشوو

# بەشی دووەم

## تەوەری یەکەم: باگراوەندەکانی تیۆری

### یەکەم: کورتەیەکی مێژووی سەربارەت بە هەڵسەنگاندن:

پرۆسەی هەڵسەنگاندن مرۆڤی لەکاتی پێگەیشتنەوە پەیوەست کردووە، لەگەڵ پێشکەوتنی مرۆڤ لە زانست مەعریفە پەری سەندوە، لەگەڵ سەرەتای خەلقبوونی ئادەم (د.خ) دەستی پێ کردووە، دوای ئەوەی خودا ئادەمی (د.خ) خەلقکرد، هەموو مەعریفە و زانستێکی فێرکرد، هەروەها لەگەڵ فریشتەکان خستییە هەڵوێستی هەڵبژاردن و خستییە سەروی فریشتەکان، خودا گوتی:{ **وَعَلَّمَ آدَمَ الْأَسْمَاءَ كُلَّهَا ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الْمَلَائِكَةِ فَقَالَ أَنبِئُونِي بِأَسْمَاءِ هَٰؤُلَاءِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ (31 (قَالُوا سُبْحَانَكَ لَا عِلْمَ لَنَا إِلَّا مَا عَلَّمْتَنَا ۖ إِنَّكَ أَنتَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ (32) قَالَ يَا آدَمُ أَنبِئْهُم بِأَسْمَائِهِمْ ۖ فَلَمَّا أَنبَأَهُم بِأَسْمَائِهِمْ قَالَ أَلَمْ أَقُل لَّكُمْ إِنِّي أَعْلَمُ غَيْبَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَأَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ وَمَا كُنتُمْ تَكْتُمُونَ(33)** } (سورة البقرة، الايات: ٣١-٣٣).

موسڵمانە پێشینەکان بە ڕوونی گرنگیان بە پرۆسەی هەڵسەنگاندن داوە، پرسی گرنگی پێدانیان لەبەر پەرەپێدانی پرۆسەی فێرکردن بووە، چەمکی هەڵسەنگاندن لە سەردەمی ئێستا جیاوازە لەگەڵ چەمکی هەڵسەنگاندن لە پێش ئێستا، لە ڕابردوو ئاراستەدەکار بۆ دۆزینەوەی لایەنی بەهێز و لاواز لە باوی دەستکەوتی فێربوون، بە پشت بەستان بە شێوازەکانی مەعریفە، بەڵام لە ئێستادا هەڵسەنگاندن بووە بە پرۆسەی دەستنیشانکردنی چارەسەر، ئامانجی زانینی ئەو پێشکەوتنەیە کە هەڵسەنگاندن دەتوانێت هەنگاوە پێویستەکانی دیاری بکات، بۆ چاککردنی پرۆسەی پەروەردە (زایر وعایز، 2014،ص193).

هەروەها زانا موسڵمانەکان گرنگی بەرچاویان بە پرۆسەی هەڵسەنگاندن داوە، بە تایبەتی کاتێك لە پەرەپێدانی پرۆسەی پەروەردە گرنگ بوو، هەروەها تێڕوانیان بۆ قوتابییان تێڕوانینێکی تەواو بووە، پرۆسەی هەڵسەنگاندن هەریەك لە مامۆستا و پەرتووکی گرتوەتەوە (الخوالدة واسماعیل، 2001،ص362).

هەروەها هەڵسەنگاندن لە ژیانی عەرەب لە پێش ئیسلام، بە ڕوون و دیاری دەرکەوتووە، عەرەبەکان کۆڕیان بەستووە، کۆڕەکانیان لە بازاڕ بەستووە، وەکو بازاڕی (عەکاز)، هەروەها لە وەرزی حەجکردن، کۆڕەکان لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی ئەنجامە هزرییەکان بووە، کە خۆیان لە شیعر و پەخشان دەبینیەوە، پرۆسەی هەڵسەنگاندن لەو کات لەلایەن شارەزایان بوو، بەپێی پێوەری بابەتی و بە ڕێککەوتن لەسەریان بووە، هەروەها زانایانی عەرەب بەشداری ڕوونیان لەو بوارەدا هەبووە، کە جیاوازیان لە نێوان تاکەکان داناوە، دەبین (الاصمعي) بەوشێوەیە وەسفی کردووە، دەڵێت: "تاکو ئێستا خەڵك باشە، جیاواز نەدەبوون ئەگەر یەکسانبان تووشی خراپە دەبوون"، گرنگیدانی عەرەبە موسلمانەکان لە ڕێگای بەکارهێنانی هەڵسەنگاندن بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەفتاری مرۆڤ بە پرۆسەی هەڵسەنگاندن زیادیکرد، هەڵسەنگاندن لەسەر بنەمای ئاستی کاریگەری زانستی ئیسلام لەسەر ڕەفتاریان بووە.(اليعقوبي، 2013،ص 26).

پرۆسەی هەڵسەنگاندن لە تۆماری چینیەکان لە دەوروبەریساڵی (617 پ. ز) بە شیوەیی فەرمی ناسراوە، لە کاتێك تۆمار کراوە، کە تاقیکردنەوەی خزمەتی شارستانییان لەسەر ئەو کەسانە ئەنجام داوە، بۆ کار و فەرمانبەری جیاواز لە دەوڵەتی باڵای ناوی خۆیان تۆمارکردووە، هەروەها لە یۆنان مامۆستایان سۆکرات و ئە فلاتۆن و مامۆستای دیکە، ئامرازی هەڵسەنگاندنی دیالۆگی زارەکییان بەکارهێناوە، بەپێی وەسفی ئەوان هەڵسەنگاندن بەشێکی دانەبڕاوە لە پرۆسەی فێربوون (الرشدان ومعنيني، 1994،ص319).

هەروەها یەکەم هەوڵی هەڵسەنگاندن لە بەریتانیا لە ساڵی (1864) لەسەر دەستی (جورج فیشر J.Fisher) دەرکەوتووە، کاتێك پەرتووکێکی نووسی و ناوینا (تەرازو)، هەروەها پێوانەیەکی بۆ نووسینی دەستی لەخۆگرتبوو، لەسەر بنەمای ئەو پێوانەیە دەتوانرا نموونەی نووسینی قوتابیانی پێی جیابکرێتەوە، هەروەها بواری پێوانە و هەڵسەنگاندن لە دوای جەنگی دووەمی جیهان لە ڕێگای بەکارهێنانی ئاماری چۆنایەتی و ئاماژەکردن و بەکارهێنانی کۆمپیوتەر پەرەی پێ درا، بەکارهێنانی کۆمپیوتەر زۆر لە وردی و ڕوونی و زانستی و گشتگیری بۆ هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی زیادکرد (حمدان،1988،ص20).

لە دیدی تویژەر پرۆسەی هەڵسەنگاندن هێندەی دێرینی مرۆڤ دێرینە، چەندین سەدە و سەردەم پێویست بووە پێوەری تایبەت بە خۆیان هەبێت، هەڵسەنگاندن پرۆسەی بڕیاردانە لەسەر ئاستی سازانی ئەو پێوەرانەی لە کاتێکی دیاریکراو دانراون، کەواتە لەگەڵ خەڵقبوون دەرکەوتووە، لە هەموو سەردەم و کاتێك تاکو سەردەمی ئێستا هاوەڵی مرۆڤە.

بەڵام لە سەردەمی ئێستادا، پرۆسەی هەڵسەنگاندن بووە بە پرۆسەی دەستنیشانکردن و چارەسەرکردن، ئامانجی زانینی پێشکەوتنی تاك و کۆمەڵی بنەڕەتییە لەو پەرەسەندنەی بەشداری لە دۆزینەوەی توانا و توانستی قوتابییان دەکات، بە شێوەیەك لێی دەڕواندرێت، کە بووە بە پرۆسەیەکی گشتگیر بۆ سەرجەم ڕەگەزەکانی (درکي،2017،ص202).

## چەمکی هەڵسەنگاندن:

مەبەست لە هەڵسەنگاندن دیاریکردنی ئاستی گەیشتنمانە بە سەرکەوتن لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی لە لایەنێك لە لایەنە جیاوازەکانی ژیان، هەوڵی بەدیهێنانی دەدەین، بۆئەوەی ببێت بە یارمەتیدەرمان لە دیاریکردن و دەستنیشانکردنی کێشەکان و زانینی ئاستەنگ و گرفتەکان، بە مەبەستی دانانی چارەسەری گونجاو بۆیان، کە پێویستە چاك بکرێن و بۆ ئاستی چاکتر بەرز بکرێنەوە، بۆئەوەی ئامانجی دیاریکراو بە سەرکەوتوویی بەدیبهێنرێت (کوافحة، 2010،ص35).

چەمکی هەڵسەنگاندن لە ئێستادا جیاوازە لەگەڵ چەمکی هەڵسەنگاندن لە ڕابردوو، لە ڕابردوو هەڵسەنگاندن ئاڕاستەدەکرا بۆ دۆزینەوەی لایەنی بەهێز و لاواز لە بوارەکانی دەستکەوت، بە پشتبەستان بە ئامرازی مەعریفە، بەڵام لە سەردەمی ئێستا، هەڵسەنگاندن بووە بە پرۆسەی دەستنیشانکردن و چارەسەرکردن، ئامانجی زانسنی ئەو پێشکەوتنەیە کە تاك و کۆمەڵ لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکان بەدەستیان دەهێنێت، دەتوانین هەنگاوەکان پێویستەکان بۆ چاکترکردنی پرۆسەی پەروەردە دیاری بکەین. کە بنەمای بنەڕەتی هەر هەنگاوێکی پەرەپێدان دەگرێتەوە، هەروەها بەشداری لە دۆزینەوەی توانا و توانستی قوتابییان دەکات، لەسەر ئەو

بنەمایە بەو شێوەیە لێی دەڕواندرێت، هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی گشتگیرە بۆ سەرجەم لقەکانی پەروەردە (زاير وعايز، 2014،ص343).

کەواتە هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی بەردەوامە، ئامانج لە هەڵسەنگاندن زانینی بەهای ئامانجی دیاریکراوە لە وانەکە، هەروەها زانینی ڕێگای فێرکردن و پرۆگرامی فێرکردن و کەرەسە و ئامرازەکانی فێرکردنە.(عەزیز، 2014،ل13).

لە دیدی توێژەر هەڵسەنگاندن پرۆسەی دەستنیشانکردنی و چارەسەرکردنە، ئامانجی زانینی ئاستەنگ و گرفتەکانە، لە پێناوی دانانی چارەسەری گونجاو بۆیان، بۆ مەبەستی چاککردنی پرۆسەی فێرکردن.

هەڵسەنگاندن بریتییە لە پرۆسەی" بڕیاردان لەسەر گونجاوی پرۆگرامی خوێندن، لە رێگای کۆکردنەوەی زانیاری تایبەت بۆ بڕیاردان لەسەری و شیکارکردن و شیکردنی پرۆگرامی خوێندنە، لەسەر ڕۆشنایی پێوەری بابەتی، کە یارمەتی بڕیاردانی گونجاو سەبارەت بە پرۆگرام دەدات. (القيسي، 2018،ص141) .

## گرنگی هەڵسەنگاندن:

هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی فیدباك پێشکەشی ئەو کەسانە دەکات، کار لەسەر پرۆگرامی فێرکردن دەکەن، هەروەها پێشکەشی ئەو کەسانە دەکات، بە جیاوازی پێگەکەیان سوودی لێ دەبینن، چ قوتابی بن یان مامۆستا یان کەسانی پەیوەست بە پەروەردە یان بەرپرسان یان ئەوانەی گرنگی بە پەروەردە دەدەن، هەروەها هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی بەشداری لە پەرەپێدانی پرۆگرامەکان دەکات، بۆ چاکترکردنی ئەو پرۆسانەی لە کاتی جێبەجێکردنی پرۆگرامەکان بەڕێوەدەچێت، کەواتە فیدباکی ڕاستەوخۆ بۆ ئەو کەسانە دەستەبەر دەکرێت، بەرپرسی پرۆگرامەکانن، بۆئەوەی بتوانن بە نهێنی پرۆگرامەکان لە کاتی جێبەجێکردن هەموارب‌کەنەوە، هەروەها فیدباکی کۆتایی بۆ سەرجەم ئەو کەسانەی گرنگی بە پەروەردە دەدەن دەستەبەر دەکرێت (علي، 2011،ص 269).

هەڵسەنگاندن ڕەهەندی گرنگ و پێویستە بۆ بڕێوەبردن و پێشەوایەتیکردنی پەروەردە هەیە، هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی ئاراستەکراو و مەبەستدار و داواکراوە، لە ڕێگای کەسانی پەیوەست بە سەرپەرشتیکردن و پەرەپێدان دادەنرێت، بۆ دڵنیابوون لە جۆر و کوالێتی پرۆگرام، هەروەها بۆ دڵنیابوون لە جۆر و کوالێتی لایەنەکانی دیکەی پرۆسەی فێرکردن، بە ئامانجی چاککردن و پەرەپێدانی، پرۆسەی هەڵسەنگاندن ئاستی بەدیهێنانی ئامانجی پرۆسەی فێرکردنمان بۆ ئاشکرا دەکات، هەروەها دەمانگەیەنێت بە هێما و ئاماژەکانی سەبارەت بە ئاستی توانای ئەو چاککردنە، هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی و پەرەپێدانی شێوازەکانی بە یەکێك لە دەروازە بنەڕەتییەکانی پەرەپێدانی فێرکردن دادەنرێت، هەڵسەنگاندن شێوازی زانستییە، لە ڕێگایەوە بە وردی پرۆسەی فێرکردن و هەمووارکردنەوەی ئاراستەکەی دەستنیشان دەکرێت، کەواتە بەشێکی تەواوکەری پرۆسەی فێرکردن و هەموارکردنەوەی ئاراستەکەیتی، هەروەها لە ڕێگایەوە ئاستی توانای ڕەگەزە بەشداربووەکانی پرۆسەی فێکردنی دیکە لە بەدیهێنانی ئامانجی پەروەردەیی دیاریکراو دەزانین. (الحريري، 2010،ص178).

پرۆسەی هەڵسەنگاندن گرنگی زۆری هەیە، لەبەرئەوەی لە ئەنجامەکانی زانیاری پێویست پێشکەشی بە هەریەك لە مامۆستایان و قوتابییان و بەرپرسان و کارگێڕییەکان و باوکان و دایکان و ئەندامانی دەستەی لۆکالی و هەریەك لەوانە گرنگی بە پرۆسەی پەروەردە دەدەن و چاودێری پەرەسەندنەکانی دەکەن، هەروەها پرۆسەی هەڵسەنگانی پەروەردەیی زانیاری پەیوەست بە مامۆستا پێشکەش دەکات، هەروەها زانیاری پەیوەست بە بابەت و پرۆگرامەکانی فێرکردن پێشکەش دەکات، هەروەها زانیاری پەیوەست بە کارگێڕی و بەرپرسان پێشکەش دەکات. (دروزة، 2005،ص58 ).

هەڵسەنگاندن لە ڕەگەزەکانی پرۆگرامە، ئەو ڕەگەزانە بەیەکەوە بەستراوەن، لەبەرئەوە هەر پەرەپێدانێکی شێوازەکانی هەڵسەنگاندن کاریگەری لەسەر ڕەگەزەکانی دیکە دەبێت، لەبەرئەوەی هەڵسەنگاندن ڕەگەزی کۆتا و کۆتاییە لە پرۆگرام و بڕیاری لەسەر دەدات، هەڵسەنگاندن کلیلی پەرەپێدان و چاککردنی ڕەگەزەکانی دیکەیە، لێرەوە گرنگی و پێویستی بەشداربوونی زۆرترین ژمارەی لە توانا دابێت لە کەسانی پسپۆڕ و مامۆستایانی مەیدانی و

بەرپرسانی ئامار و شارەزایانی پلاندانانی پەروەردەی دەردەکەوێت. (دعمس، 2015،ص 122)

## گرنگی هەڵسەنگاندن لەسەر پێناسەکردنی ئاستی قوتابییان کورت نابێتەوە، بەڵکو گرنگی هەڵسەنگاندن بە لەخۆگرتنی ژمارەیەك لایەن دیاری دەکرێت، لەوانە:

**أ- ئامرازێکە بۆ هاندانی قوتابییان لەسەر خوێندن و کارکردن:**

هەڵسەنگاندن بە هاندانی قوتابییان لەسەر بەدرەوامی خوێندن و کارکردن و کۆششکردن دادەنرێت، لەبەرئەوەی فیدباکی واقیعییان سەبارەت ئاستی دەستەکەوتیان بۆ دەستەبەر دەکات، هەروەها لایەنی بەهێز و لاوازیان دیاری دەکات، کە پاڵیان دەنێت بۆ هەوڵی پاڵپشتیکردنی لایەنی بەهێزیان و گەشەپێدانی تواناکانیان و رووبەڕووی لایەنی بێ هێزیان ببنەوە، لە پێناوی چاککترکردنی ئاستی خوێندنیان لە ناو قوتابخانەدا.

**ب- هەڵسەنگاندن یارمەتی بەدیهێنانی ئامانجەکان دەدات:**

لە بنەماوە پرۆسەی هەڵسەنگاندن لەسەر هەڵسەنگاندنی ماوەی گەیشتن و بەدیهێنانی ئامانجەکانی فێرکردنە جیاوازەکانی پرۆگرام دادەنرێت، هەروەها ئەنجامەکانی و ئاماژەکانی زانیاری گرنگ سەبارەت بە جۆری ئەو ئامانجەی بە کردەوە و بە سەرکەوتووی بەدیدەهێنرێت دەستەبەر دەکات، هەروەها سەبارەت بەوانەی بەدینەهێنراون دەستەبەر دەکات، هاوکات کار لەسەر بەدیهێنانیان دەکات، لەبەرئەوە هەڵسەنگاندن بە ئامرازێکی گرنگی یارمەتیدانی بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان و ئاراستەکردنی پرۆسەی فێرکردن دادەنرێت.

**د - هەڵسەنگاندن بەشداری لە پەرەپێدان و نوێکردنەوەی پرۆگرامەکان دەکات:**

لەبەرئەوەی پرۆسەی هەلسەنگاندن یارمەتی دیاریکردنی ئەو فاکتەرە گرنگانە دەدات، کە بەدیهێنانی ئامانجی دیاریکراوی پرۆگرامەکان پەکدەخەن، هەروەها لایەنی بەهێز و لاواز و پێکهاتە جیاوازەکانی پرۆگرام دیاری دەکات، وەکو ڕێگاکانی وانەوتنەوە، چالاکییەکانی

فێکردن، سەرچاوەکانی فێربوون، کەواتە پرۆسەی هەڵسەنگاندن جەخت دەکات سەر واقیع و گرنگترین کێشەکانی پەروەردە دیاری دەکات، لە هەنگاوی دواتر دەست بە پەرەپێدانی سیستەمی پرۆگرام و نوێکردنەوەی دەکات. (القرني، 2016،ص 173 - 175)

## ❖ بنەما و پرنسیپەکانی هەڵسەنگاندن:

هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی جەخت دەکاتە سەر ئەو بنەما و پرنسیپانە:

1- بەستنەوەی پرۆسەی هەڵسەنگاندن بە مەبەستی دیاریکراو.

2- هەڵبژاردنی کەرەسەی هەڵسەنگاندنی گونجاو بۆ مەبەستەکە.

3- هەڵسەنگاندن پێویستی بە جۆرێك لە کرەسەی بەکارهاتووە.

4- هەڵسەنگاندن پێویستە پرۆسەیەکی گشتگیر و بەردەوام بێت، تەنها کۆتایی نەبێت.

5- پرۆسەی هەڵسەنگاندن ملکەچی پلانی گشتگیر دەبێت، لە رێگای پلانی گشگیر کاری لە پێشینە و ئامراز و کەلوپەل و هەنگاوەکانی جێبەجێکردن دیاری دەکرێت و بەڕێوەدەچێت. (امطانيوس، 1997،ص 156)

6- دەستەبەرکردنی سیفاتی راست و نەگۆر و بابەتی لە کەرەسەکانی هەڵسەنگاندن.

7- بەردەوامی پێوانەکردن لە هەموو هەڵسەنگاندن، بۆ پاڵپشتیکردنی لایەنی بەهێز و دۆزینەوەی لایەنی لاواز و چارەسەرکردنی، پێویستە پلانی رێکاری جێبەجێکردن بۆ سودبینین لە ئەنجامەکانی هەڵسەنگاندن هەبێت.

8- پرۆسەی هەڵسەنگاندن ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی لە نێوان قوتابییان بە جیاوازی ئاستی ئەنجامدان لە نێوانیان دەکات.

9- پرۆسەی هەڵسەنگاندن گەشە بە هەشتی خۆشەویستی دەدات، لەبەرئەوەی پرۆسەی هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی مرۆڤانەیە.(مدکور،2001،ص264-265)

## ❖ جۆرەکانی هەڵسەنگاندن:

**یەکەم: هەڵسەنگاندن بەپێی لەخۆگرتن دابەشدەبێت بۆ:**

1- **هەڵسەنگاندنی گشتگیر (گەورە)**: ئەم جۆرەی هەڵسەنگاندن لە کۆتایی هەڵوێستی فێرکردن یان لە کۆتایی یەکەی خوێندن یان وەرزی خوێندن یان ساڵی خوێندن یان قۆناغی فێرکردن بەکاردەهێنرێت، ئەم جۆرەی خوێندن سەرجەم لێکەوتەکانی سیستەمەکە هەڵدەسەنگێنێت، لە ڕووی گشتگیری بۆ پرۆسەی پەروەردە پەیوەندی بە ئامانجەوە هەیە، ماوەیەکی درێژ دەخایەنێت و هەموو ئەوانەی پەیوەستن بە پرۆسەی پەروەردە بە شێوەی گروپ بەشداری تیادا دەکەن، لە هەموو داتاکان پشت بە زیاتر لە ئامرازێك دەبەستێت، ئامانجی خەملاندنی ئاستی توانا یان دەستکەوتی قوتابییە لە کۆتایی فێربوون، هەروەها نمرەی قوتابی دەخەملاێنێت و داتای ژمارەیی یان ناو پۆل بە قوتابی دەدات، کە لەسەر ڕۆشناییان دەتوانرێت ئاستی قوتابییان بخەمڵێنرێت.

2- **هەڵسەنگاندنی بەشەکی (بچووك):**ئەم جۆرەی هەڵسەنگاندن لایەنێکی دیاریکراو لە لایەنەکانی پرۆسەی پەروەردە وەردەگرێت، وەکو هەڵسەنگاندنی مامۆستا بۆ دەستکەوتی قوتابی و هەڵسەنگاندنی مامۆستا و هەڵسەنگاندنی پەرتووکخانەی قوتابخانە.

(الربيعي، 2016،ص263 - 264)

**دووەم: هەڵسەنگاندن بەپێی کاتی ئەنجامدانی:**

**1- هەڵسەنگاندنی پرنسیپی (دەسپێك):** ئەم جۆرەی هەڵسەنگاندن لە پێش جێبەجێکردنی پرۆگرامی فێرکردن یان پرۆگرام دەبێت، تاکو وێنەیەکی تەواو سەبارەت بە بارودۆخی خوێندن لە پێش جێبەجێکردن دەستەبەر بکرێت، بەو جۆرە دەگوترێت: هەڵسەنگاندنی دەستپێك.

2- **هەڵسەنگاندنی بونیادنان:** ئەم جۆرەی هەڵسەنگاندن لە پرۆسەی فێرکردن بە گرنگ دادەنرێت، لەبەرئەوەی فیدباك بۆ هەریەك لە مامۆستا یان قوتابی یان پلاندانەری پرۆگرام و پرۆگرامی فێرکردن دەستەبەردەکات، هەڵسەنگاندنەکە لە ماوەی جیاواز لە ساتی جێبەجێکردنی پرۆگرام یان بەرنامەی فێرکردن ئەنجام دەدرێت. (رسول، 2014،ل277)

3- **هەڵسەنگاندنی کۆتایی:** ئەم جۆرەی هەڵسەنگاندن لە کۆتایی کارکردن لەگەڵ پرۆگرام و بەرنامەی فێرکردن بەڕێوەدەچێت، بۆ هەڵسەنگاندنی کاریگەری و چالاکییەکانی، هەڵسەنگاندن لە دوای ئەوەی قوتابی پرۆگرام تەواو دەکات، خەملاندنی گشتگیرە، بەو هەڵسەنگاندنە دەگوترێت: هەڵسەنگاندنی کۆکردنەوە.(علي، 2011،ص372 - 373).

**سێیەم: هەڵسەنگاندن بەپێی جۆری زانیاری و داتاکان:**

1- **هەڵسەنگاندنی چەندایەتی:** ئەم جۆرەی هەڵسەنگاندن پشت بە زانیاری ژمارەیی دەبەستێت، وەکو ئەو هێمایانەی لە هەڵبژاردن یان خەملاندن دەستمان دەکەوێت، هەروەها لە ڕاپرسیش دەستمان دەکەوێت، ئەگەر ئامرازەکانی زانیاری چەندایەتی بەردەستبوون.

2- **هەڵسەنگاندنی جۆری:** ئەو هەڵسەنگاندنەیە پشت بەو زانیاریانە دەبەستێت، بە تێبینی و وەسفکردنی ڕەفتار بە وەسفێکی زارەکی دەبێت، هەروەها تێبینییەکان لەلایەن مامۆستا یان ڕێبەری پەروەردەیی یان بەخێوکەری قوتابی لە پرۆفایلی قوتابی تۆماردەکرێت.

(الربيعي، 2016،ص264)

## ❖ تایبەتمەندییەکانی هەڵسەنگاندن:

پرۆسەی هەڵسەنگاندن جەخت دەکاتە سەر کۆمەڵێك تایبەتمەندی، تایبەتمەندییەکان ئەمانەن:

1- هەڵسەنگاندن دەبێت پرۆسەی دەستنیشانکردن و خۆپاراستن و چارەسەرکردن بێت.

(الخليلي، 2014،ص28)

2- دەبێت هەڵسەنگاندن ئامانجدار بێت: هەڵسەنگاندنی ئامانجدار بە مەبەستی روون و دیاریکراو دەسپێدەکات، بەبێ دیاریکردنی ئەو ئامانجانە و وەرگرتنیان بە لۆژیکییانە بۆ هەر کارێکی پەروەردەیی، هەڵسەنگاندن ڕەمەکی دەبێت و یارمەتی بڕیاردانی دروست نادات یان یارمەتی چارەسەری گونجاو نادات.

3- دەبێت هەڵسەنگاندن گشتگیر بێت: هەڵسەنگاندنی گشتگیر پرۆسەی فێکردن بە سەرجەم پێکهاتە و ڕەهەندەکانی دەگرێتەوە، هەروەها هەڵسەنگاندنی گشتگیر ئەو بوارانە دەستەبەر دەکات:

أ- سەرجەم ئامانجە پەروەردەییە مەعریفی و ویژدانی و جوڵەییەکان.

ب- سەرجەم پێکهاتەی پرۆگرام، لەوانە بڕیار لەسەر دراوەکان یان ڕێگاکان یان ئامرازەکان یان چالاکییەکان یان ... بێت.

4- دەبێت هەڵسەنگاندن بەردەوام بێت، پێویستە پرۆسەی فێرکردن لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی بێت، بەڵکو لە بنەڕەتەوە دەست پێ بکات، بۆئەوەی لە ژێر ڕۆشنایی واقیعی قوتابییان، یارمەتی ڕەخساندنی بارودۆخێکی گونجاو بۆ فێربوون بدات.

5- پرۆسەی هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی دیموکراسییە، لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی دەستنیشانکردن قوتابی دادەمەزرێت، بۆئەوەی بەشداری لە درککردنی مەبەستەکەی بکات و باوەڕی بە گرنگیەکەی هەبێت و ئەنجامەکانی بە جوانی پەسند بکات،

هــەروەها بەشــداری لــە هەڵســەنگاندنی خۆیــدا بکــات، پێویســتە هەڵســەنگاندن لەســەر بنەمای ڕەچاوکردنی جیاوازی تاکایەتی لە نێوان قوتابیان بێت.

6- هەڵسەنگاندنی زانستی خاسیەت و سیمای دیاریکراوی هەیە، یارمەتی دەرکردنی بڕیاری دروست و بڕیاردانی گونجاو دەدات.(شبر وآخرون، 2014،ص299 - 300).

7- هەڵســــەنگاندن پرۆســــەیەکی تــــەواوە: لەبەرئــــەوەی هەڵســــەنگاندن ئامــــانجی دەستنیشــانکردن و چارەســەرکردن و خۆپاراســتنە، بۆیــە پرۆســەی هەڵســەنگاندن بــە تەواوکــەری لایەنــەکانی پرۆســەی پــەروەردە دادەنرێــت.(القیســي، 2018،ص142 - 143)

## ❖ مەرجەکانی هەڵسەنگاندن:

بۆئــەوەی پرۆســەی هەڵســەنگاندنی پرۆگــرام ســەرکەوتوو بێــت، پێویســتە ئــەو مەرجانە لە پرۆسەی هەڵسەنگاندندا هەبێت، مەرجەکان ئەمانەن:

أ- پـلان: پێویسـتە پرۆسـەی هەڵسـەنگاندن لەسـەر پلانـی ڕێکخـراو دانرابێـت، کـە پشـت بە بنەمای زانستی دیاریکراو و ڕوون دەبەستێت.

1- پرۆســەی هەڵســەنگاندن دەبێــت ئامانجــدار بێــت یــان لــە هــزری کەســی هەڵســەنگێنەر ئامانجدار و روون بێت.

2- دەبێـت کەرەسـە و ئـامرازە و شـێوازی پرۆسـەی هەڵسـەنگاندن لـە پێشـدا دیـاریکراو بێت، نابێت پرۆسەی گەڕانەوە بێت.

ب- بــەردەوامی: واتــا دەبێــت پرۆســەی هەڵســەنگاندن پرۆســەیەکی بــەردەوام بێــت بــۆ هــەموو چالاکییــەکانی پرۆگــرام، بــە پــلان و جێبــەجێکردن و هەڵســەنگاندن دەســت پــێ

بکـــات، بـــە پەرەپێـــدان کۆتـــایی بێـــت، تـــەنها کـــورت نەبێتـــە لەســـەر پرۆســـەیەك، بـــەبێ پرۆسەی دیکە.

ج- گشتگیر: واتا دەبێت پرۆسەی هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی گشتگیر بێت بۆ هەموو ڕەگەزەکانی پرۆگرام، لەوانە ئامانج و ناوەڕۆك و چالاکییەکان و ڕێگاکانی وانەوتنەوە و شێوازەکانی هەڵسەنگاندن. (عطية، 2013،ص 203)

## ❖ ئەرکەکانی هەڵسەنگاندن:

دەتـــوانین ئەرکـــەکانی پرۆســـەی هەڵســـەنگاندن لـــە پرۆســـەی پـــەروەردە بـــەو شـــێوەیە دیاری بکەین:

1- **دەستنیشـــانکردن:** فێرکـــردن پرۆســـەی کـــارلێککردنی نێـــوان مامۆســـتا و قوتابییـــە، هـــەروەها ژینگـــەی فێربـــوون کـــە مامۆســـتا لـــە هەڵوێســـتی فێرکـــردن ئامـــادەی دەکـــات، هـــەروەها پرسـیار بەشـێکە لـــە چالاکییـــەکانی هەڵســـەنگاندن و ڕێکارەکـــانی، مامۆســـتا بـــەو شێوەیە بەکار دەهێنێت:

أ- کـــار لەســـەر دەستنیشـــانکردنی لایـــەنی بـــەهێز و لاوازی پرۆســـەی فێرکـــردن دەکـــات، هەروەها کار لەسەر ڕاستکردنەوەی ئاراستەکەی دەکات، (قادر، 2018،ل 75).

ب- دیاریکردنی ئاستی ئامادەیی قوتابییان بۆ فێربوون.

ج- هەڵســـەنگاندنی ئامـــانج و دڵنیابوونـــەوە لـــە پرنســـیپی ڕەچـــاوکردنی تایبەتمەنـــدی قوتابییـــان و پێداویســـتییەکانی کۆمەڵگـــە و سروشـــتی بابەتەکـــە (القرنـــي، 2016،ص 173).

کەواتـــە مەبەســـت لـــە دەستنیشـــانکردن، جـــەختکردنی قوتابییـــە لەســـەر خوێنـــدن وکۆششکردن بۆ گەیشتن بە ئەنجامی پەسند و ڕازیکەر.

2- **چارەسەرکردن:** هەڵسەنگاندن بەشداری لە چارەسەرکردنی ژمارەیەك ڕەفتاری هەڵە دەکات، هەروەها چەمکە ناڕوونەکان (لە ڕێگای ڕاستکردنەوەی چەمکە هەڵەکان و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و پەرەپێدانی ئامانج و هەموارکردنەوەی ڕێکارەکان) ڕوون دەکاتەوە.

أ- ڕاستکردنەوەی چەمکە هەڵەکان: بە تایبەتی ئەو بڕگە و زاراوانەی زیاتر لە یەك واتایان هەیە.

ب- ڕاستکردنەوەی هەڵەکان: قوتابی بارودۆخی دیاریکراو فێردەبێت، بەڵام بە بەردەوامی ئەوەی فێری دەبێت لێی تێناگات، لەبەرئەوە پێویستی بەوەیە ئەنجامدانەکانی بۆ چاك بکرێتەوە و هەڵەکانی بۆ ڕاست بکرێتەوە.

ج- پەرەپێدانی ئامانج: ئامانجەکان بە یەکەوە بەدیناهێنرێن، بەڵکو پێویستییان بە کاتێکی درێژە.

د- هەموارکردنەوەی ڕێکارەکان: ئەوەش لە ڕێگای ئامادەکردنی هەڵوێستی ناو پۆل و ڕەخساندنی گەشی خوێندنە، بە دڵنیابوون لەوانە پێش دەستکردن بە پرۆسەی وانەوتنەوە (الساعدي، 2021،ص 40).

3- **پاراستن:** ئەو بۆ دیاریکردنی چارەسەری گونجاوە لە ڕێگای دیاریکردنی شێوازی چارەسەرکردن، فیدباك، پەرەپێدان و نوێکردنەوەی پرۆگرام، وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بە گرنگیدان بە پەروەردە. (قەرەچەتانی، 2013،ل198)، بەو شێوەیە دەبێت:

أ- دیاریکردنی شێوازی چارەسەر، هەروەها کەموکوڕی لە پرۆسەی وانەوتنەوە، بۆ نموونە کێشەی لە وانە وتنەوە هەیە.

ب- چۆنیەتی خوێندنەوە، دەتوانرێت هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ مامۆستای زمانی کوردی بکرێت. (الخوالدة ويحيى، 2001،ص315 - 355)

ج- پەرەپێدان و نوێکردنەوەی پرۆگرامەکان: پەرەپێدانی پرۆگرامەکان بەستراوەتەوە بە کۆمەڵێك بەهای فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و پەروەردەیی، کەواتە پرۆسەی پەرەپێدانی پرۆگرام پرۆسەیەکی مرۆڤایەتییە، تەنها پشت بە لێکۆڵینەوە و لێکۆڵینەوە نابەستێت، بەڵکو بەستراوەتەوە بە جۆری ئەو ڕەفتارانەی، کە گونجاوە لەگەڵ تاك. (المسعودي، 2013،ص 150)

**د-** وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بە گرنگیدان بە پەروەردە: بەشداریکردن لە چارەسەرکردنی کێشەکانی: کاتێك ئەنجامی هەڵسەنگاندن ڕادەگەیەنرێت، دەرفەت بۆ کۆمەڵگە دەڕەخسێت، درکی گرنگی ئەوە بکات کە قوتابخانە لە ڕووی هەوڵ و کۆششی پەروەردەیی پێی هەڵساوە، مەبەست لە ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان ڕاگەیاندنی ژمارەکان ن و ڕێژەی سەدی نییە، بەڵکو هەڵسەنگاندن ڕوودەکاتە چارەسەرکردنی چەمکە پەروەردەییەکان بۆ قوتابییان و کەسانی دیکەی پەیوەست بە پرۆسەکە، هەروەها هەڵسەنگاندن وادەکات زانیاری بە سوودمان دەست بکەوێت، بۆ ڕاستکردنەوە و چاکتر وشیارکردنەوە. (علي،2011،ص184)

## دووەم: پەرتووکی قوتابخانە

### چەمکی پەرتووکی قوتابخانە:

پەرتووکی قوتابخانە یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکانی پرسی فێرکردن، لە بنەماوە پێکهاتووە لە کۆمەڵێك زانیاری بنەڕەتی، زانیارییەکانی تیادا بەردەستە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی دیاریکراو، کە خۆی لە دەفرێك دەبینێتەوە، پێکهاتووە لە وردەکاری ناوەڕۆکی بابەتی خوێندنی هەر بوارێکی خوێندندا، هەروەها پەرتووکی قوتابخانە پێگەیەکی باڵای لە سیستەمی وانەوتنەوە و سیستەمی پرۆگرام و سیستەمی قوتابخانەدا هەیە. (ماهر، 2009،ص15)

هەروەها پەرتووکی قوتابخانە بە کاریگەرترین ئامرازی پرۆسەی فێرکردن دادەنریت، لە ڕێگایەوە ئامانجی پرۆگرام بەدیدەهێنرێت، لەگەڵ ئەوەی چالاکییەکان و هۆکار و ئامرازەکانی فێرکردنەکانی دیکە زۆر و جۆراوجۆرن، بەڵام پەرتووک یارمەتی مامۆستایان دەدات، ئەرکەکانیان لە قوتابخانە ئەنجام بدەن، بۆیە ناکرێت لە هیچ بەرنامەیەکی پەروەردەی دەستبەرداری ببین، پەرتووک ڕێبەری بنەماییە بۆ ناوەڕۆکی بەرنامە و ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پرۆسەی هەڵسەنگاندن، پەرتووکی ئاراستەی ئامانجەکانی پەروەردە کراوە، هەروەها نەخشەی سنووری گشتی و ئەو چەمك و بەهایانەی کێشاوە کە قوتابییان و کۆمەڵگە بە یەکەوە لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی فێرکردنە جیاوازەکان پێویستییان پێیانە.

(الزويني وآخرون، 2013،ص118)

پەرتووکی قوتابخانە سەبارەت بە مامۆستا بە بەڵگەنامەی فەرمی دادەنریت، کاتێك بابەتێکی زانستی دیارکراو بەپێی ئامانجی دیاریکراو بۆ ئەو قۆناغە دیاریکراوە لەخۆدەگرێت، مامۆستا بە پرۆسەی پەروەردە دەبەستێتەوە، پەرتووک بابەتەکە دیاری دەکات و یارمەتی مامۆستا دەدات دابەشی بکات و ڕێکی بخات و ئەو چالاکییە جیاوازانە دەستەبەر دەکات، کە

یارمەتی مامۆستا دەدات، مەعریفە بە قوتابییان بگەیەنێت، هەروەها زانیاری زنجیرەیی بەدەستبهێنن. (رضوان وآخرون، 1962،ص 8)

لەگەڵ ئەوەی پەرتووکی قوتابخانە ڕۆڵی لە پرۆسەی فێرکردن و پەروەردەدا هەیە، لە ڕابردوو و ئێستا دیاریکراوە، تاکو ئێستا لەلایەن توێژەران و مامۆستایان گرنگی زۆری پێ دەدرێت، لەسەر ئەو بنەمایەی پاڵپشتی بنەڕتییە، کە هەریەك لە مامۆستا و قوتابی لە فێرکردن پشتی پێی دەبەستن. کەواتە پەرتووکی قوتابخانە بە دەفرێك دادەنرێت، کە بابەتی فێرکردنی لەخۆگرتووە، بۆیە بە ئامرازێك لە ئامرازە گرنگەکانی بەدیهێنانی ئامانجی پرۆگرامی فێرکردن دادەنرێت، لەبەرئەوە گرنگی پەرتووکی قوتابخانە، ڕۆڵی کاریگەری بۆ سەرخستنی پرۆسەی فێرکردن بەرجەستە دەبێت، هەروەها لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی لە ڕێگای پێشکەشکردنی مەعریفەی ڕێکخراو و ئاراستەکراو بۆ ئامانجی دیاریکراو.

(عطية، 2009،ص313)

## گرنگی پەرتووکی قوتابخانە:

گرنگی پەرتووکی قوتابخانە لەمانە دەردەکەوێت و بەجەستە دەبێت:

1- فێرکردنی تاکانە: قوتابییەکان لە خێرایی خوێندنەوەیان بەپێی توانایان بە هۆی پەرتووك جیادەبنەوە، قوتابی دەتوانێت بابەتی وانەکە بە شێوەی تاك و بەپێی توانا زانستییەکەی بخوێنێتەوە.

2- چاککردنی فێرکردن، لەبەر دەرکەوتنی بەڵگەی تایبەت بە مامۆستایان، کە دەستەبەری چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ پەرتووکی قوتابخانە دەکات.

3- ڕێکخستنی فێرکردن، لەبەرئەوەی پەرتووك پێکهاتووە لە شارەزایی و چالاکی و شێواز و پرسیار، ئەو یارمەتی وەرگرتنی بابەتی زانستی بە شێوەیەکی ڕێکخراو دەدات.

4- گەشەپێدانی کارامەیی خوێندنەوە، لە ڕێگای پوختەکردنی واتا و بیرۆکە سەرەکییەکان دەردەکەوێت.

5- قوتابیان بڕێك لەو زانیاری و هەقیقەتانە پێشكەش دەكەن، كە ئامانجی دیاریكراوی لە ڕەفتاریان بەدیهێناوە.

6- پەرتووک بابەتی زانستی بە شێوەیەکی دروست چارەسەر دەکات، هەروەها دوور دەبێت لە ناڕوونی و تێچوون.

7- پەرتووکی قوتابخانە بە سەرچاوەی یەکەمی مامۆستا دادەنرێت، هەروەها بە بنەمای وەرگرتنی زانیاری قوتابی دادەنرێت، هەروەها خاڵی دەرچوونی قوتابییە بۆ جیهانی مەعریفە و لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوەی ڕێکخراو.

8- پەرتووکی قوتابخانە پێکهاتووە لە کۆمەڵێك هۆکار و ئامرازی فێرکردنی جۆراوجۆری وێنەیی و شێوەی ڕوون کردنەوە و نیگار، هەموو ئەوانە ڕۆڵیان لە دەوڵەمەندکردنی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون هەیە (زایر وحسین، 2020،ص68 – 69).

## ❖ ڕەهەندەکانی پەرتووکی قوتابخانە:

چەندین فاکتەر و ڕەهەند لە پەرتووکی قوتابخانە بەشداری دەکەن و خۆیان دەسەپێنن، لەوانە:

1- **ڕەهەندی ئابووری:** مەبەست بڕیاردانە لە سەرجەمی تێچوون لەبەر چەند فاکتەرێك لەوانە: زانینی جۆری کاغەزەکە و کێشی، پێوانەی یەك لاپەڕە، جۆری چاپ و ژمارەی وێنە و نیگار و هە ڵەکان، تیراژ و ڕەنگ.

2- **ڕەهەندی بینین:** واتا قوتابی بابەتی زانستی لە پەرتووکە بە چاو دەبینێت، ڕەگەزەکانی ئەمانەن: ماوەی نێوان چاوی قوتابی و دەستەکانی پەرتووکیان گرتووە، پێوانەی پیتە بەکارهاتووەکان، گونجاوی ڕەنگەکان، ماوەی نێوان دێرەکان و ستونەکان.

**3- ڕەهەنـــدی دەروونـــی و پـــەروەردەیی:** ئـــەم ڕەهەنـــدە پەیوەســـتە بـــە دیـــد و تێڕوانینـــی پەروەردەییـەکان بـۆ پەرتـووکی قوتابخانـە، لـە دیـد و تێڕوانینـی ئەوانـە، پەرتـووک لـوولەی هەڵبژاردن نییە، بەڵکو بـە پێچەوانـەی هۆکـار و ئامرازەکـانی دیکـە، بـە درێژایی کـات هـاوڕێی قوتابییـە، ڕەگــەزەکانی ئەمانــەن: بابــەتی زانســتی، ڕێگــای گشــتی، یــان بەشــەکی، ئامــانجی دیاریکراو.

**4- ڕەهەنـدی هونـەری و تەکنـەلۆژی:** ئـەم ڕەهەنـدە گرنگتـرین ڕەهەنـدی پەرتووکـە، ئـەو کەسـەی بـە هونـەری و تەکنـەلۆژیا پەرتـووک دەردەهێنێـت، ئایـا ئـەو کەسـە نووسـەرە یـان هونەرمەندی چاپکردنـە، یـان هەموویانـە، ئەگـەر بمانـەوێت پەرتـووک بـە نووسین و دەرهێنـان بکەین بە بەڵگەنامە بۆ خەڵکانی شایستە، پێویستە لە سێ لایەنی تێکهەڵکێش بڕوانین، بریتین لـە: لایـــەنی زانســـتی و لایـــەنی پـــەروەردەیی و لایـــەنی هونەری.(الســـاعدي وآخـــرون، 2021،ص173).

تویژەر لە پێشدا ئەوەی روون کردووەتـەوە، ئەو ڕەهەندانـە گونجاوە لەگـەڵ ئاستی ئـەقڵیی قوتابییان و گەشەپێدانی پاڵنەری قوتابیانە.

## ❖ ئامانجی پەرتووکی قوتابخانە:

بــەکارهێنانی پەرتــووکی قوتابخانــە، بــەکارهێنانێکی کاریگــەرە بــۆ بــەدیهێنانی ئامــانجی فێکردن، پەرتووکی قوتابخانە ئاستی فێربوونی قوتابی دەوڵەند دەکات و هانی فێربوون دەدات، هـەروەها یارمـەتی قوتـابی دەدات لەسـەر بـەڕێوەبردنی بونیـادی بابـەتی فێرکـردن و لۆژیـك و چەمکـەکانی، کـە پاڵنـەری قوتـابی دەسـتەبەر دەکـات و پاڵپشـتی دەکـات، هـەروەها ڕەچـاوی جیـاوازی تاکایـەتی لـە نێـوان قوتابیـان دەکـات، هـەروەها یارمـەتی بەدەسـتهێنانی خونـەریتی خوێندنی زانستی دەدات، کە گەشە بە توانـای قوتابیـان بۆ بیرکردنـەوە بـە هـەموو جۆرەکـانی و ئاستەکانی دەدات، بـە تایبـەتی زانیـاری مێژوویـی و شارسـتانی و سیاسـی و ئـەخلاقی و ئـایینی، هاوکات پێداویستییەکانی قوتابیان پڕدەکاتەوە، بە تایبەتی پەروەردەییەکان بۆ قوتابییان.

(مرعي والحيلة، 2009،ص271)

لـە دیـدی تـوێژەر پەرتـووکی قوتابخانـە یارمـەتی قوتابیـان دەدات، مەعریفـە و بـەهای دروسـت، هـەروەها ڕەچـاوی جیـاوازی تاکایـەتی لـە نێـوان قوتابیـان دەکـات و توانـای بیرکردنەوەیان بە هەموو جۆرەکانیەوە گەشە پێ دەدات، گەشە بە ئاستیان دەدات، پێداویستییە تایبەتەکان و فێرکارییەکانی قوتابییان پڕدەکاتەوە.

**❖ ئەو بنەمایانەی پەرتووکی قوتابخانەی لەسەر دادەنرێت:**

**1- بنەمای کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری:**

هـەموو کۆمەڵگەیـەك ناسنامەی خـۆی هەیـە، کـە جیـای دەکاتـەوە لـە کۆمەڵگەیـەکی دیکـە، هـەروەها بـارودۆخ و کێشـە و پێشـبینی و ئاسـتەنگەکان ڕووبـەڕوویان دەبنـەوە و ڕێگـای ڕووبەڕوونـەوەی تایبـەت بـە خۆیـان هەیـە، هـەموو ئـەو دۆخانـە بـە تایبەتمەنـدی کۆمەڵایـەتی دادەنـرێن، کـە کۆمەڵگەیـەك لـە کۆمەڵگەیـەکی دیکـەی هاوشـێوەی خـۆی جیادەکاتـەوە، لەسـەر بنەمای ئەو تایبەتمەندیانە پێویستە پرۆگرامـی فێرکـردن و پـەروەردەیی بونیـاد بنێت، بنـەماکانی کۆمەڵایـەتی گرنگتـرین بنەمایـە پرۆگرامـی لەسـەر بونیـاد دەنرێـت، لەبەرئـەوەی قوتابخانـە دەزگایەکی کۆمەڵایەتییە، تاکەکانی کۆمەڵگەی لێ پەروەردە دەکرێت و داهاتوویـان بـە داهاتوو کۆمەڵگـەوە دەبەسـتێتەوە، هـەروەها ڕەچـاوی پاڵپشـتی پرۆگـرام و پـەیڕەوکردنی سیسـتەمی سیاسـی کۆمەڵگـە دەکـات، لەسـەر ئـەو بنەمایـەی سیسـتەمێکی کۆمەڵایەتییـە، لەبەرئـەوەی قوتابخانە ناوەندی گواستنەوەی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەیە، کـە بـەو ڕۆشنبیرییە لـە کۆمەڵگەیـەکی دیکە جیا دەبێتەوە

**2- بنەمای فەلسەفی:**

تیۆری "مرۆڤ و گـەردوون و ژیـان" جیـاوازە بـە جیـاوازی فەلسـەفە، هـەر فەلسـەفەیەك دیدگای خۆی بۆ مرۆڤ هەیە، هەروەها ڕۆڵی لـە گـەردوون و ژیـان هەیـە، بـەپێی ئـەو دیدگا و تێڕوانینـە، پرۆسـەی بونیادنـانی پرۆگـرام و پەرتـووکی قوتابخانـە بـەڕێوەدەچێت، دەبێـت بـە

گرنگیەوە بڕیار بدەین، پەرتووک ئامرازیکە فەلسەفەی پەروەردەی دیاریکراو دەخاتەڕوو، جیهانی و دیدگای کۆمەڵگە، ئەو بنەمایەیە پرۆگرامی لەسەر بونیاد دەنرێت، پێویستە لەسەر نادەنرانی پرۆگرام، ئاگایی و وشیاری تەواو و ڕوونیان سەبارەت بە جیهانبینی و تێڕوانینی فەلسەفە هەبێت، لەبەرئەوەی نوێنەرایەتی تەواوی کۆمەڵگە دەکات، لەبەرئەوە پێویستە پرسەکە لەلایەن دانەرانی پرۆگرامەکان ڕوون بێت، لە کاتی دانانی پرۆگرام یان هەر زانیاریەك لەو بنەمایەوە دەستپێ بکەن، نەیتی زانست فراوان و گەورەیە، بە ڕەمەکی هەڵنابژێردرێت، بەڵکو ئەوانە هەڵدەبژێردرێن گونجاوە لەگەڵ فەلسەفەی کۆمەڵگە، کە لە هەڵبژاردنی بابەتی پەرتووکی قوتابخانە و ڕێگای پێشنیارکردن و خستنەڕووی بۆ قوتابییان وەردەگێڕدرێن. (القیسي، 2018،ص70)

**3- بنەمای دەروونی:**

بنەمای دەروونی بۆ پەرتووکی قوتابخانە، پرنسیپی هونەرییە کە زانستی دەروونی پەروەردە ئاماژەی پێکردوە، لە بنەماوە پەرتووکی قوتابخانە ئامرازی ڕۆشنبیرییە، کە ئامانج و ئەرکەکانی بە ئامانجی کۆمەڵگە دیاری دەکات، لەبەرئەوەی قوتابی مەبەستی پەروەردەیە و ئامانجی کۆتاییە، پرسێکی سروشتییە قوتابی تەوەری پرۆسەی پەروەردەیە، واتا پرۆگرامی قوتابخانە لەسەر بونیادی تایبەتمەندی قوتابی دانراوە، هەروەها لەسەر سروشتی گەشە و بنەمای فێرکردن و تیۆرەکانی لە ڕێگای لێکۆڵینەوە لە قوتابی لە هەموو لایەکەوە، لەبەرئەوەی بناغەیەکییان بۆ دیاریکردنی ئامانج بۆ پەرتووکی قوتابخانە و داڕشتنی ئامانجەکان بە شێوەیەك بەدیبهێنرێت دەستەبەر دەکات، هەروەها تایبەتمەندی قوتابی و هەڵبژاردنی شارەزایی فێرکردنی گونجاو و دیاریکردنی ڕێگای وانەوتنەوە و ستراتیجی گونجاو دیاری دەکات، هەروەها دانانی ڕێگایەکی مسۆگەر بە بەکارهێنانی وزەی قوتابییان، دیاریکردنی ئامرازی فێرکردنی کاریگەر، کە تایبەتە بە قوتابیان و زیادبوونی کارلێککردنیان و فێرکردنیان. (عطیة، 2015،ص272).

**4- بنەمای زانستی:**

ئەو بنەمایيە لە سروشتی هەمان بابەتی مەعریفی بووتەوە، یان لە سروشتی تەوەرەکە لە ڕووی ڕێگای بونیادنانی، ئەو بنەمایە ڕێگای دانانی پەرتووکی قوتابخانە و دەرهێنانی و بەدواداچوونی و هەڵسەنگاندنی تەبەنی دەکات، لەبەرئەوە پێویستە تاقیکردنەوەی پەرتووکی قوتابخانە پیش پرۆسەی چاپکردن بێت، بۆ دیاریکردنی لایەنی بەهێز و پاڵپشتیکردنی و لایەنی لاواز و لادانیان لە پەرتووکەکە، وەکو زمانی قوڕس و شێوازی ئاڵۆز، هەروەها ڕێگای خستنەڕووی ناڕوون، هەموو ئەوانە وادەکەن قوتابی لە بابەتەکە دوور بکەوێتەوە، کەواتە پێویستە کار لەسەر دۆزینەوەی ئامرازی ڕەوان و گونجاو بۆ هەموارکردن و گونجانی بابەتی پەرتووکەکە و دیاریکردنی شێوازی خستنەڕووی گونجاو بکرێت، تاکو قوتابی پانتایەکی فراوان بۆ تێگەیشتن و درککردن ببینێتەوە، لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتنە پرۆگرامەکان لە جەوهەرەوە جیاوازن، هەموو بابەتیك لە بابەتێکی دیکەی خوێندن جیاوازە، کەواتە بنەمای زانستی بنەمایەکی گرنگە و جیاوازە، بە شێوەیەك پێویستی بە دیاریکردنە و جەکردنە سەرە، لەبەرئەوەی هەر لقێك لە لقەکانی مەعریفە سروشتی تایبەت بە خۆی هەیە. (زیتون، 2010،ص 26).

لەسەر ڕۆشنایی ئەوانەی خراونەڕوو، لە دیدی توێژەر ئەو بنەمایەی بە بنەمای سەرەکی دادەنرێت، پیویستە لە واقیعی پرۆگرامەکە بێت، هەروەها توانای زانینی پەیوەندی نێوان پرۆگرام و تایبەتمەندی گەشەی قوتابیان بێت، هەروەها زانینی پەیوەندی نێوان پەرتووکی قوتابخانە و پێداویستی قوتابیانی هەبێت، هەروەها زانینی پەیوەندی نێوان پەرتووک و مەیل و ئاراستەی قوتابیان و خستنەڕووی جیاوازی تاکایەتی و توانای قوتابی و ئامادەییان.

### ❖ ئەرکەکانی پەرتووکی قوتابخانە:

ئەو ئەرکانەی پەرتووکی قوتابخانە دەخەینەڕوو، کە لە پاش دانانیدا هەیە، بەو دید و تێڕوانینە روونی دەکەینەوە، پرسیارێك سەبارەت بە داهاتوو گەلێك ئاراستەی سیاسیەك کرا، وەڵامی دایەوە، گوتی: پرۆگرامی خوێندنی ئەو گروبە پێ بدەن، سەرنجی دەدەم و

داهاتوویانتان پێ دەڵێم، ئەم پرسە گرنگی پرۆگرامی خوێندن لە ژیانی گەلان روون دەکاتەوە، چەندین دەوڵەتی گەورە هەیە، لە پێش هەموو شتێك بە ڕوونی گرنگی بەو بوارە دەدەن.

**أ- ئەرکی ئاگادارکردنەوە:** هەڵبژاردنی زانیاری لە بابەتی خوێندنی دیاریکراو و لە بابەتی دیاریکراوپێویستە بە هەنگاو هەنگاو لە ماوەی ساڵانی یەك لەدوای یەك لە ڕەوتی خوێندن بەدەست بهێنرێن، هەروەها پێویستە ئەو زانیاریانە لە بێژینگ بدرێن و سادەبکرێنەوە، بۆ ئەوەی لە ئاستی خوێندنی دیاریکراو بێت، لەگەڵ ئەوانەدا، پەرتووکی قوتابخانە مەعریفە بەپێی چوارچێوەی مێژوویی دیاریکراو و پێوەری زمانەوانی دیایکراو پێشکەش دەکات، ئەوە وادەکات مەعریفە مێژووییەکان بۆ ماوەیەکی دیایکراو گونجاوبن، بەبێ فەلسەفەی مەعریفی دیاریکراو، بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسی و ئابوورییەکانی هەیە.

**ب- ئەرکی پەیکەربەندی:** پەرتووکی قوتابخانە جۆرێك لە دابەشکردن و ڕیزبەندی بۆ یەکەکانی فێرکردن بۆ بەدەستهێنانی مەعریفە پێشنیار دەکات، بەو پێشنیارەی پەیکەری فێرکردن دادەنێت و بە شێوەی پیداگۆجی ڕێکیدەخات، هەروەها بەپێی ئاستی مەعریفی و ئەقڵیی بۆ قوتابیان بە چەند ڕێگایە دەبێت، ڕێگاکان ئەمانەن:

- لە ئەزموونی زانستی قوتابیان بۆ تیۆری زانستی.
- لە تیۆرەوە بۆ ڕاهێنانی جێبەجێکردن و هەڵبژاردنی بەدەستهێنان.
- لە ڕاهێنانی جێبەجێکردن بۆ ئامادەکردنی تیۆری.
- لە خستنەڕوو بۆ نموونە و وێنەی ڕوونکردنەوە.
- لە نموونە وێنەوەی ڕوونکردنەوە بۆ تێبینی و شیکارکردن.

**ج- ئەرکی ئاراستەکردن:** پەرتووکی قوتابخانە کاریگەری لە ئاراستەکردنی فێربوونی قوتابی لە پرۆسەی وەرگرتن و دەستکەوت هەیە، هەروەها کاریگەری لە ڕیکخستنی مەعریفەی

بەدەستهاتوو بە ڕێگای جیاواز هەیە، مەبەستی کۆنترۆڵکردنی شارەزاییەکانی تایبەت بە قوتابییانە، ئەوە ش بە یەکێك لەو دوو ڕێگایە دەبێت:

- دووبارەکردنەوە و ئەزبەرکردن و لاساییکردنەوەی نموونەکان.
- چالاکی زۆر کراوە و داهێنان بۆ قوتابیان، ئەوانە وادەکەن قوتابییان شارەزایی و تێبینی تایبەتی خۆیان بەکاربهێنن، لە لایەکی دیکەوە پەرتووکی قوتابخانە چەمکی دیاریکراو بۆ پەیوەندیکردن دەخاتەڕوو، هەروەها سەبارەت بە ڕایەڵەی بەیەکەوە بەستنەوەی نێوان منداڵان و پێگەیشتوان، هەروەها بە نێوان قوتابی و مامۆستایان، پەرتووک ناوەندی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییە بۆ قوتابی (الساعدي وآخرون، 2021،ص 177 - 179).

لە دیدی توێژەر ئەرکی پەرتووکی قوتابخانە، ئەرکی یارمەتیدانی قوتابییانە لەسەر بەدەستهێنانی خونەریتی دروست، هەروەها ئەرکی ڕوونکردنەوەی گرنگی پرۆگرامی خوێندنە لە ژیانی گەلان، هەروەها ڕۆڵی لە پرۆسەی فێربوون وئاراستەکردن و دەستکەوت هەیە.

## پێویستی هەڵسەنگاندنی پەرتووکی قوتابخانە:

زۆر هۆکار وادەکەن هەڵسەنگاندنی پەرتووک پرسێکی پێویست بێت، هۆکارەکان ئەمانەن:

1- بڕی ئەو مەعریفە زۆری جیهان بەخۆیەوەی بینوە و گەڵەکە بووە، ڕێکخستنی پەرتووکی قوتابخانە بە داڕشتنی نوێ، وەڵامی ئەو پێشکەوتنە زانستییە دەداتەوە، هەروەها بە هەڵبژاردن و دانانی مەعریفەی گرنگ و پێویست و گرنگترین مەعریفە بخرێتە پێش مەعریفەی گرنگ.

2- زانینی لایەنی ئەرێنی یان نەرێنی، لە پێناوی دیاریکردن و شارەزابوون لە هەڵسەنگاندن بۆ بەکارهێنانی بابەتەی پرۆگرام و تێبینیکردنی ڕەفتاری مامۆستا و زانینی کێشەکانی دروستبوونە و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان.

3- دانانی پلانی تەواو بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی خاڵە لاوازەکان و ڕێکخستنیان لە ناو پەرتووک یان دووبارە دانانەوەی پەرتووکەکە.

4- ڕۆیشتن لەگەڵ واقیعی ژیان و گۆڕانە کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەکنەلۆژییەکان، یان لەگەڵ پەرەسەندنی زانستی لە بوارە جیاوازەکان، لەبەرئەوە لە دیدی توێژەران و شارەزایان پێویستە پەرتووکی قوتابخانە هەموو پێنج یان دە ساڵ جارێك هەڵبسەنگێنرێت.

5- هیچ دەوڵەتێك ناتوانێت داوا لە پەروەردە بکات، ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان بەبێ گۆڕانکاری ئەرێنی سەلمێنراو لەگەڵ هەڵسەنگاندنی گشتگیر و دروستی پرۆگرامەکانی خوێندن بەدیبهێنێت. (زاير وحسين، 2020،ص 78)

## ئامانجی بەکارهێنانی پەرتووکی قوتابخانە:

بەکارهێنانی پەرتووکی قوتابخانە کاریگەرە لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی فێرکردن، بەو شێوەیەی خوارەوە:

1- دەوڵەمەندکردن و پاڵپشتیکردنی فێربوونی قوتابی..

2- دەستەبەرکردنی پاڵنەری بۆ فێربوون و پاڵپشتیکردنی.

3- یارمەتیدانی قوتابی لەسەر درککردنی لۆژیکیانەی ژینگەی دەروونی بابەتەکە.

4- توانای قوتابی لەسەر بیرکردنەوە بە هەموو جۆرەکانی و ئاستەکانی گەشەپێ دەدات.

5- ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی لە نێوان قوتابییان دەکات.

6- یارمەتی قوتابییان لەسەر بەدەستهێنانی خونەریتی خوێندنی دروست دەدات.

7- پێداویستییەکانی قوتابیان پڕدەکاتەوە، بە تایبەتی پەروەردەیی و فێرکارییەکان.

(زاير وعايز، 2013،ص271)

## ❖ پێوەرەکانی پەرتووکی باش:

پەرتووکی نوێ نوێنەرایەتی کاروانی فێربوونی ئەو پێکهاتە و تایبەتمەندیانە دەکات:

**یەکەم: ئامانج:**

1- ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی کۆمەڵگە بێت.

2- پێداویستییەکانی قوتابیان لەخۆبگرێت و ڕەچاوی تایبەتمەندییەکان بکات.

3- ئامانجی فێرکردن لە پەرتووک دەبەسترێتەوە بە ئامانحە گشتییەکانی پەروەردە.

4- ئاست و پرنسیپەکانی ئامانجی فێرکردن، لە فەلسەفەی پەروەردەی باوی کۆمەڵگە وەرگێراوە.

5- هەر یەکەیەك لە یەکەکانی پەرتووکی خوێندن کە لە پەرتووکەکەدا هاتووە، وەسفکراوە.

6- ڕەنگدانەوەی هەر ڕفتارێکی پێشبینیکراوی قوتابی، ئەو سێ ئەنجامەی فێرکردن دەگرێتەوە: مەعریفی و ویژدانی و دەروون جوڵەیی.

7- ئامانج بە ڕاستەوخۆیی بە ناوەڕۆکی یەکەی فێرکردن بەستراوەتەوە.

(زاير وحسين، 2020،ص 80)

**دووەم: ناوەڕۆك:**

أ- ڕەچاوی ئامانجی مەعریفی و ویژدانی و کارامەیی داوکراو لە واتنەوەی بابەت دەکات.

ب- دەبێت گونجاو بێت بۆ کۆنترۆڵکردنی ئامانجی وتنەوەی بابەت.

پ- دەبێت واتاکەی پەیوەست بێت بە پێداویستی و مەیلی قوتابییان.

ت- دەبێت تەواوکەری بونیادی مەعریفی و بایەخ و بەهای قوتابییان بێت.

ج- دەبێت سیما و خاسیەتی نوێی هەبێت و بە ئاراستەی پەرپێدانی زانستی بێت.

چ- کێشە و هەڵوێستەکانی پەیوەست بە ژیانی قوتابیان لەخۆدەگرێت.

ح- دەرفــەتی مەشــقکردن لەســەر کارامەییــەکان بیرکردنــەوە بــە هــەموو جۆرەکــانی دەستەبەردەکات.

خ- بەتاڵە لە هەڵەی زانستی.

د- ڕەچاوی جۆراوجۆری جیاوازی تاکایەتی دەکات.

ر- ڕەچاوی توانا بەردەستەکان و کاتی شیاو بۆ فێرکردن دەکات.

ع- ڕەچاوی پرنسیپی بەیەکەوە بەستنەوەی بونیادی بەشەکانی هەمان بابەت و بە بابەتەکە و بابەتەکانی دیکە دەکات(عطية، 2013،ص 252).

## سێیەم: چالاکییەکانی فێرکردن:

1- چالاکییەکان گونجاو بێت لەگەڵ ئاستی پێگەیشتنی قوتابی.

2- پاڵنەری قوتابییان بوروژێنێت و گەشە بە توانای مەعریفیان بدات.

3- فیدباك بۆ قوتابیان دەستەبەر بکات.

4- دەبێت پەیوەندی بە سروشتی ناوەڕۆکەوە هەبێت و بابەتەکان دەوڵەمەند بکات.

5- ڕەچاوی تایبەتمەندی قوتابییان بکات.

6- پرسیار و ڕاهێنانی جۆراوجۆر دەستەبەر بکات.

7- ڕەچاوی فاکتەری کاتی شیاو دەکات.

پێوانەی ماوەی بەدیهێنانی ئامانجی پەرتووکی قوتابخانە دەکات.

(الهاشمي و عطية، 2014: 99)

## چوارەم: هەڵسەنگاندن:

1- سەرجەم پرۆسەکانی هەڵسەنگاندن کە پەرتووکەکە دەستەبەری دەکات، بە ئاماژەکردن بە ئامانجی فێرکردن بەڕێوەدەچێت.

2- خاڵە سەرەکییەکان و بیرۆکەکان و چەمکەکان دەگرێتەوە، کە هەموویان لە پەرتووکەکەدا هاتوون.

3- دەستەبەرکردنی فیدباکی ڕاستەوخۆ لە ڕێگای وەڵامدانەوەی پرسیارەکان لە شوێنێك لە یەکەی فێرکردن.

4- شێوازەکانی فێرکردن جۆراوجۆر بێت، بۆ ڕەچاوکردنی جیاوازی تاکایەتی.

5- کەرەسەکانی هەڵسەنگاندن گشتگیر بێت و سەرجەم ئامانجەکانی فێرکردن و ئاستەکانی بگرێتەوە.

6- ئەو پرسیارانەی کەرەسەکانی هەڵسەنگاندن بەکاری دەهێنێت، دەبێت بوون بن.

7- شێوازی هەڵسەنگاندن بەشداری لە گەشەپێدانی توانای بیرکردنەوە و هەڵهێنجانی قوتابی دەکات (عطية، 2009،ص330).

## پێنجەم: دەرهێنان:

دەبێت پەرتووکی قوتابخانە لە شێوە گشتییەکەی دیمەنی جوان و شێوە سەرنجڕاکێش بێت، قەبارەی گونجاو و ماوەی نێوان دێڕەکانی گونجاو و ڕێك بێت، هەڵەی چاپی تیادا نەبێت، ناونیشانی روون بێت و بەرگەکەی جوان بێت، هەروەها چەرمی بەرگەکەی بەهێز و تۆکمە بێت و بۆ خوێندنەوە سەرنجڕاکێش بێت، بۆ خۆ ئامادەکردنی ڕۆژانە لە بابەتی خویندن پشتی پێ دەبەسترێت.(رضوان، 1962،ص244).

دەرهێنـانی هونـەری و شـێوەی لـە ڕەگـەزە گرنگـەکانی پێکهێنـانی پەرتـووکی قوتابخانەیـە، گرنگیدان بـە شێوەی پەرتـووک و دەرهێنـانی بـە پرسێکی گرنـگ دادەنرێت، لەبەرئـەوەی بـە ئاراسـتەی هـەوڵی پێشـوو دادەنرێـت، بۆئـەوەی پەرتـووکی قوتابخانـە سـەرنجڕاکێش بێـت، بەوشـێوەیە قوتابییـان گرنگـی پـێ دەدەن و بـە جۆشـەوە سـەرنجی دەدەن.(بحـري، 2012،ص238).

## ❖ تایبەتمەندییەکانی پەرتووکی خویندنەوە:

لەسـەر ڕۆشـنایی لـە پێشـدا خسـتمانەڕوو، دەتـوانین بگـەین بـە کۆمـەڵێك لـە چۆنایـەتی پەرتووکی خوێندنەوە، لەوانە:

أ- گونجاوبێت لەگەڵ شارەزاییەکانی پێشووی قوتابیان.

ب- ئامرازی یارمەتیدەر دەستەبەر بکات، وەکو تـابلۆی شـارەزایی و فلیم و ئـامرازی دیکـە، لەبەرئەوەی ناڕوونی لە هەندێك بابەت کەم دەکاتەوە.

ت- کارامەیی خوێندنەوەی بنەڕەتی جەخت لە هەریەك خوێندنەوەی بێ دەنـگ و بـە دەنـگ دەکات، هەروەها ناوەڕۆکەکەی فراوان دەکات.

ث- لـە ژووری خوێنـدن ئاراسـتە و گرنگیـدانی ویسـتراو دەوروژێنێـت، بـۆ گەشـەپێدانی نەریتی خوێندنەوە و گەشەپێدانی کاریگەر.

ج- شیاوی وەرگرتنـی جیاوازی تاکایـەتی لـە نێوان قوتابیـان و پێویستییەکانی خوێندنـەوەی لەگەڵ هەموو تەمەن و ئاستی پۆلی قۆناغەکان هەبێت.

ح- جـەخت بکاتـە سـەر کارامـەیی تێگەیشـتن و بیرکردنـەوە و ڕەخنـە و نـەرمی نوانـدن، هـەروەها لەگـەڵ توانـا و ئـارەزووی قوتابیـان گونجـاو بێـت، هاوکـات ڕێگـا بـە هـەر قوتابییەك بدات، بە سەرکەوتوویی و توانای باڵا تیایدا پێشکەوێت.

خ- بـەکارهێنانی بابـەتی گونجـاو و شێوازی گونجـاو بۆ چاکترکردنی خوێندنـەوە و ڕێگـای هونەری کارامە دەستەبەر بکات.

د- کار لەسەر گەشەپێدانی خوێندنەوە بکات، بۆئەوەی قوتابی هەموو جۆرەکانی بابەتی خوێندنەوە بخوێنێتەوە و بە خێرایی و وردی لەگەڵ هەڵسەنگاندنی واتاکان درە کی وشەکان بکات، لەبەرئەوەی ئە ئامانجی دەستکەوتنی زانیاری و کات بەسەربردن دەخوێنێتەوە.

ذ- دەبێت شێوازی باش و ڕاست بێت، زوو بە قسەکردن شێوازی باش و ڕەوان بەکار بهێنێت، دوور بێت لە شێوازی زانستی پەتی(عطا، 2006،ص 178 - 190) .

## ❖ ڕێگاکانی دانانی پەرتووکی قوتابخانە:

1- **ڕێگای داواکردن:** لایەنی یان دەستەی بەرپرس هەڵدەستێت بە داواکردن لە کەسێك یان لە ژمارەیەك کەس، پەرتووکێکی دیاریگرتو دابنێت یان ژمارەیەك پەرتووک لە ماوەیەکی دیاریکراو دابنێن، لە بەرانبەر پاداشتی دارایی گونجاو، دەبێت پرۆسەی دانان لە ژێر ڕۆشنایی پرۆگرامەکان بێت، بۆ دانەران ئەو پرنسیپانە دیاریدەکرێت کە پێویستە لە دانانی پەرتووکەکەدا هەبێت، ئەو ڕێگایە لە ڕێگا باش و کاریگەرەکان و خێراکانە، کە ڕێگا بە لایەنی بەرپرس دەدات، کەسێك یان کەسانی گونجاو بۆ ئەو پرۆسەیە هەڵبژێرێت، پێویستە دانەر ناسراوبێت بە توانای زانستی و پەروەردەیی، هەروەها شارەزایی و ئەزموونی زانستی لە بواری فێرکردن بە گشتی هەبێت، هەروەها شارەزایی لە وتنەوەی بابەتەکە بە تایبەتی هەبێت، لەگەڵ ئەوەی دەبێت شارەزایی لە دانانی پەرتووکی قوتابخانە هەبێت، ئامادەیی بۆ گۆڕینی دید و بۆچوونەکانی خۆی هەبێت، هەروەها توانای زانستی و پەروەردەیی و مەیدانی هەبێت (زایر وحسین، 2020،ص73).

2- **ڕێگای ڕاگەیاندن و پێشبڕکێ:** لایەنی پەروەردەیی پەیوەندار، پێشبڕکێی دانانی پەرتووکی دیاریکراو ڕادەگەیەنێت، لە ڕاگەیاندنەکە بابەتی خوێندن و پۆلی خوێندن و قۆناغ دیاری دەکات، لەگەڵ مەرج و چۆنایەتی داوکراو و کرێی تایبەتکراو بۆ دانانی(عطیة، 2013،ص 255).

3- **ڕێگای لێژنە:** دەزگای پەروەردە پشت بە پێکهێنانی لێژنەی دانانی پەرتووکی قوتابخانە دەبەستێت، لێژنەکە لە ژمارە یەك کەسانی پسپۆڕ و پەروەردەیی خاوەن شارەزایی ئەکادیمی و مەیدانی پێکدێت، کارەکان لە نێوان خۆیان دابەش دەکەن، لە دوای دانانی پەرتووکی قوتابخانە، پەرتووکە دانراوەکە دەخەنە بەر دەستی ئەوانەی پێیدادەچنەوە دەکەن، کە لە ناو دەزگا یان لە دەرەوەی دەزگای پەروەردە دا دامەزراون، بۆ هەر بابەتێك لێژنەیەکی پسپۆڕ هەیە، لێژنەی زمان و لێژنەی بیرکاری و لێژنەی زانست ... هەیە. (ابراهیم، 2013،ص 179)

4- **ڕێگای هەڵبژاردن:** لایەنی بەرپرس ئەرکی هەڵبژاردنی پەرتووکی دیاریکراو لە نێوان پەرتووکە پێشنیارکاوەکانی لە بازاردایە دەخاتە ئەستۆی خۆی، بەڵام ئەو هەڵبژاردنە توانای دانەرانی بەشداربوو لە دانانی پەرتووکی قوتابخانە دەستەبەر ناکات.

ئێستا لە دانانی پەرتووکی قوتابخانە ڕوودەکرێتە بەشداری پێکردن چەند کەسێك:

- بەشداریکردنی پسپۆڕان لە زانست یان بابەتی خوێندن، بۆ تێگەیشتن و زانینی پەرەسەندنەکان و زانین و تێگەیشتن لە چۆنیەتی دانانی پەرتووکی قوتابخانە.

- بەشداریکردنی بەکارهێنەرانی پەرتووکی قوتابخانە لە مامۆستایان و سەرپەرشتیاران لەبەر پەیوەندیان بە قوتابییان، ریزگرتنی ئەوانەی توانا و حەزیان گونجاوە، بۆئەوەی بتوانن بابەتەکە پەسند بکەن و لە کاتی خوێندنی ڕووبەڕووی ئەو ئاستەنگانە ببنەوە کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

- بەشداریکردنی پسپۆڕان لە پەروەردە و دەروونزانی بۆ زانینی تایبەتمەندی قوتابیان و بنەماکانی فێکردن و ڕێگاکانی وانەوتنەوەی دروست و هۆکار و ئامرازەکانی خستنەڕووی گونجاو و هۆکار و ئامرازەکانی فێرکردنی گونجاو، هەروەها دەرهێنان و چاپکرنی پەرتووکەکە. (زایر وحسین، 2020،ص 74 - 75)

## سێیەم: کوالێتی

## چەمکی کوالێتی

### ❖ کورتەیەك سەبارەت بە کوالێتی:

سیستەمی فێرکردن و پرۆگرامەکانی لە نیوەی دووەمی سەدەی رابردوو ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە بووەوە، کە لە پەرەسەندنی مەعریفی نایاب کەوتبوونەوە، هەروەها شۆڕشی تەکنەلۆژیا لە بواری پیشەسازی و تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن بوو بە هۆکاری دەرکەوتنی ئاراستەی نوێ لە بواری پەروەردە و فێرکردن، کە پرۆگرامی فێرکردن و ئامانجەکان و ڕێگاکانی وانەوتنەوە و ئامادەکردنی مامۆستایانی لەخۆگرتبوو، لەسەر ئەو بنەمایەی فێرکردن ئامرازی کۆمەڵگەیە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی پەرەسەندنەکان و ئاڵۆزییەکانی، لە ڕەوتی بەردەوامبوون داوای تەبەنی کردنی ئامانجی ڕەفتاری لە وانەوتنەوە دەکرا، هەروەها داوای چۆنایەتی فێرکردن و کارامەیی ئەنجامدان لە ئامادەکردنی مامۆستایان و چالاکی لە وانەوتنەوە دەکراو، نوێترین ئاراستەکان، داواکاری تەبەنیکردنی کوالێتی گشتگیر بوو لە فێرکردن و تێچوونی فێرکردن.

بەوشێوەیە لە ساڵانی کۆتایی چەمکی کوالێتی گوازرایەوە بۆ بواری پەروەردە، پرسی گرنگیدان بە کوالێتی لە سەرەتای نەوە تەکان بووە، کە تایبەتمەندییەکەی دیالۆگی باوە سەبارەت بە سیاسەتی فیرکردن و ئەو تێچوونەی کە پێویستبوو بکرێت، بۆ بەردەوامبوون لەگەڵ کاروانی گۆڕانە جیهانییە نوێیەکان(Hixon, 1992,p 120).

کوالێتی گشتگیر دەنگ و بانگەشەی سەدەی بیست و یەك بوو، لە کارگێری کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری بە شێوەیەکی گشتی، لە فێکردن و سیستەمەکەی بە شێوەیەکی تایبەتی، تاکو کوالێتی هەموو ژیانی سەردەم و ڕۆشنبیرییەکەی گرتەوە، بۆیە لە ئێستادا

پێویستە کوالێتی لە سیستەمی فێرکردن و ڕۆشنبیری کۆمەڵگەدا هەبێت، بۆئەوەی ببن بە بەشێك لە بیروباوەڕ و ڕوشنبیری تاکەکان، ئەگەرچی فێرکردن بۆ خۆی پرۆسەی بەرهەمهێنانە کار لەگەڵ مرۆڤ دەکات، هەروەها مرۆڤ ڕەگەزێکی سەرەکی فێرکردنە، هەروەها پێویستە بەرهەمەکانی ئەو کۆمپانیا بەرهەمهێنە پیشەسازییە یان خزمەتگوزارییە نایاب بێت، ئەوە دەبێت دەرچووانی دەزگای فێرکردن نایاب و جیاواز بێت، ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشی قوتابیانی و کۆمەڵگەی دەکەن، نایاب و جیاواز بێت، لەسەر بنەمای ئەوەی خستمانەڕوو، چەمکی کوالێتی گشتگیر لە بواری پیشەسازی و خزمەتگوزاری و کارگێڕییەکەی بۆ فێرکردن و بەڕێوەبردنی فێرکردنەوە(عطية، 2015،ص19 - 20).

### ❖ پێوەرکانی کوالێتی پەرتووکی قوتابخانە:

دەتوانین کوالێتی گشتگیری پەیوەست بە پێوەری کوالێتی پەرتووکی قوتابخانە جێبەجێ بکەین، لە ڕێگای دامەزراندنی دەزگا یان کۆمپانیای تایبەت بە پیشەسازی پەرتووک بەپێی تایبەتمەندی جیهانی و هەرێمی، بە تایبەتی تایبەت بە پەرتووکی قوتابخانە، هەروەها گرنگیدان بە فیدباك بەردەوامە بۆ پەرەپێدانی پرۆگرام هەر پێنج ساڵ جارێك، لەگەڵ بەردەوامی کاروانی پێشبڕکێی گۆڕانە جیهانییەکان، بۆئەوەی لەگەڵ سروشتی کۆمەڵگە و ڕۆشنبیرییەکەی بسازێت، بۆئەوەی گرنگی بڕیارەکانی جێبەجێکردن بدرێت و لایەنی جێبەجێکردن بەسەر لایەنی تیۆری لە کاتی وتنەوەی بڕیار لەسەر دراوەکان سەروەر بێت، هەروەها جەخت بخرێتە سەر پەرتووکی قوتابخانە، کە ڕەچاوی هەموو جۆرەکانی گەشەی قوتابیان دەکات و مەعریفە و کارامەیی و ئاراستە و بەهای گونجاویان پێشکەش دەکات، هەروەها چۆنایەتی کوالێتی بۆ دەرهێنان و چاپکردن و دانانی پەرتووک، پرۆسەیەکی باوەڕپێکراوە، هەروەها نەبوونی هەڵەی ڕێنووسی و ڕێزمانی وپێکهێنانی لێژنەی چاودێری بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنانی پەرتووکی قوتابخانە، قوتابی پاڵدەنێت بۆ پەسندکردنی فێربوون بەبێ ڕەتکردنەوە و رق لێ بوونەوە.(زاير وحسين، 2020،ص55).

## ❖ بنەمای بەدیهێنانی کوالێتی لە پەروەردە و فێرکردن:

ڕووبەڕوو بوونەوەکانی ئێستا و داهاتوو، کە پێشنیارکراوە بۆ فێرکردنی گشتی، پێویستی بە توانا نەیتی ڕاستگۆیانە لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ واقیع بۆ پەرەپێدانی لە ڕێگای ئامراز و شێواز و کەرەسەکانی کە زۆربەی توێژەران لەسەری ڕێککەوتوون، ئەوە پێویستی بە ستراتیجیەتە بۆ کوالێتی لە پەروەردە بۆ خوێندن:

1- دانانی مامۆستایان و توانای بە کوالێتی کردنی ئەنجامدانیان، هەروەها پەرپێدانیان لە ڕووی کارامەیی و زانیاری.

2- دانانی بڕیاردراوەکانی خوێندن، تاکو چەند گونجاون لەگەڵ زانیارییە نوێیەکان و پێویستییەکانی بازاڕی کار و تایبەتمەندی قوتابییان.

3- دانانی قوتابییان، ئاستی کارلێکردنیان لەگەڵ پەرەسەندنی هاوچەرخ لە ڕووی کارامەیی و زانیاری (جري، 2018،ص31)..

## ❖ تایبەتمەندی کوالێتی گشتگیر لە فێرکردن:

کوالێتی جەخت دەکاتە سەر ئەنجامدان بە شێوەیەکی ڕاست و دروست لە ڕێگای گەشەدان بە توانای بیرکردنەوەی ئاست باڵا، هەروەها گەشە بە بیرکردنەوەی داهێنەرانە و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی قوتابیان دەدات، واتا گونجاوە لەگەڵ ئەو مەبەستەی دەزگای فێرکردنی هەوڵی بەدیهێنانی دەدات، هەروەها ئاماژە بە پرۆسەی گۆڕین دەکات، کە توانای هزری قوتابیان دەگەیەنێت بە پلەیەکی بەرزتر، بەو شێوەیە لە مامۆستا دەڕوانێت، کە ئاسانکاری لە پرسەی فێرکردن بۆ قوتابی دەکات، لەبەرئەوەی مامۆستا بەشدارێکی چالاکە لە فێرکردن.

هەروەها پەروەردە و فێرکردن بە پرۆسەیەکی بەردەوام لە ماوەی ژیان دادەنرێت، بە بەردەوامی هەوڵی چاکترکردنی لێکەوتەکانی پرۆسەی فێرکردن دەدات، هەروەها ئامانجی بەکارهێنانی باشترین دەرامەتی مادی و مرۆڤایەتی گونجاوە، لە سەروی ئەوانە، خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات، بۆ تێرکردنی پێویستی سوودمەندی ناوخۆیی و دەرەکی، هەروەها کەرەسە و پێوەر بۆ پێوانەکردنی ئەنجامدان دەستەبەر دەکات، هەروەها کوالێتی لەگەڵ بەدیهێنانی ئامانجەکانی پەروەردە لە داواکاری کۆمەڵایەتی، تێچوون کەم دەکاتەوە.

(البوهي واخرون، 2018،ص 18)

### ❖ تایبەتمەندییەکانی کوالێتی پرۆگرام:

1- **گشتگیری:** واتا کار لەسەر هەموو لایەنە جیاوازەکان دەکات، لە بونیادنانی پرۆگرام و دیزاینکردن و پەرەپێدان و جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندنی.

2- **بابەتی:** پێویستە لە کاتی بڕیاردان لەسەر ئاستی دەستەبەری ئامانج، لایەنی بابەتی دەستەبەر بێت.

3- **نەمری:** ڕەچاوکردنی سەرجەم ئاستەکان و سەرجەم ژینگەکان.

4- **کۆمەڵایەتیبوون:** واتا لەگەڵ پێداویستییەکانی کۆمەڵگە و بارودۆخ و پرسەکانی یەکبگرێتەوە.

5- **بەردەوامی و پەرەسەندن:** واتا توانای جێبەجێکردن و هەموارکردنەوەی هەبێت.

6- **بەدیهێنانی پرنسیپی** بەشداریکردن لە دیزاینکردن و بڕیاردان.

(زاير وحسين، 2020،ص41)

## ❖ سوودەکانی کوالێتی لە فێرکردن:

بەدیهێنانی کوالێتی فێرکردن ژمارەیەك ئامانج و سوودە، گرنگترینیان ئەمانەن:

1- ڕاستەوخۆ پێداچوونەوە بە دەستەکەوتی فێرکردن، قوتابی بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە درێژی یان بە کورتی پێیاندادەچێتەوە، ئەو پێداچوونەوەیە کاریگەری تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی دەبێت، کە کۆمەڵێك گۆڕانکاری ڕەفتاری و کەسی قوتابی دەخاتە ڕوو، وەکو بەها و لایەنگری و ئینتیما و پاڵنەری و دەستەکەوت و بەدیهێنانی خود.

2- ناڕاستەوخۆ پێداچوونەوە بە دەستکەوتی فێرکردن، وەکو گۆڕانی ڕۆشنبیری و ئابووری و تەکنەلۆژی و کۆمەڵایەتی و سیاسی، کە فێرکردن لە ڕێگای پێگەیاندنی تاکەکان لە کۆمەڵگەی دەکات، هەروەها کاریگەری لەسەر ئاستی پێشکەوتن و شارستانیبوونی کۆمەڵگە دەبێت.

3- دۆزینەوەی زنجیرەکانی جۆراوجۆرەکانی بە هەدەردان، وەکو بەهەدەردانی دارایی و مرۆڤایەتی و کات، هەروەها خەملاندنی ڕێژە و کاریگەری بەهەدەردان لەسەر شایستەیی فێرکردنی ناوخۆیی و دەرەکی.

4- پەرەدان بە فێرکردن لە ڕێگای هەڵسەنگاندنی سیستەمی فێرکردن و دەستنیشانکردنی کەموکوڕییەکان لە ڕەگەزانی بەشدار لە فێرکردن و پرۆسەکان و دەستەکەوتەکانی فێرکردن، بۆئەوەی هەڵسەنگاندن بگۆڕێت بۆ پەرەپێدانی هەقیقی و کۆنترۆڵکردنی کرداری کوالێتی خزمەتی فێرکردن(الربعي، 2013،ص 245).

## ❖ ڕەگەزەکانی کوالێتی لە دەزگای پەروەردە:

لە قوتابخانە ڕەگەزی بنەڕەتی بۆ کوالێتی هەیە، ئەمانەن:

1- کوالێتی ڕەگەزەکانی پرۆسەی فێرکردن پێکهاتووە لە قوتابی و ئەندامانی دەستەی فێرکردن.

2- کوالێتی بابەتی فێرکردن، وەکو بەرنامە و پەرتووک و ڕێگا و تەکنەلۆژیا.

3- کوالێتی شوێنی فێرکردن، پۆل و تاقیگەر و پەرتووکخانە و کارگە و ... دەگرێتەوە.

4- کوالێتی کارگێڕی لەگەڵ پشتبەستان بە یاسا و سیستەم و تابلۆکان و یاسا دانراوەکان و ئەو سیاسەت و فەلسەفانەی تەبەنی کراون، یان پشتبەستان بە پەیکەرەکان و هۆکار و ئامرازەکان و دەرامەتەکان.

5- کوالێتی دەستکەوتی دەرچووەکان و چالاکییەکانی لێکۆڵینەوە یان خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان.(زایر وحسين، 2020،ص 144).

## ❖ گرنگی کوالێتی لە پەروەردە و فێرکردن:

کۆنترۆڵکردن و پەرەپێدانی سیستەمی کارگێری لە دەزگای فێرکردن.

- بەرزکردنەوەی ئاستی قوتابیان لە هەموو بوارەکان.
- کۆنترۆڵکردنی سکاڵای قوتابیان و باوکان و دایکان و کەمکردنەوەیان و دانانی چارەسەر.
- زیادکردنی توانای فێرکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی ئەنجامدانی مامۆستایان لە دەزگای فێرکردن.
- وەفاداری لە بەرانبەر داواکاریەکانی قوتابییان و باوکان و دایکان و کۆمەڵگە و بەدەستهێنانی ڕەزامەندیان بەپێی سیستەم لەبەردەم دەزگای فێرکردن لە شیکارکردنی کێشەکان بە ڕێگا زانستییەکان.
- دەزگای فێرکردن بتوانێت کێشەکان بە ڕێگای زانستی شیکار بکات.
- بەرزکردنەوەی ئاستی قوتابیان و باوکان و دایکان لە بەرانبەر دەزگای فێرکردن، لە ڕیگای ڕێکاری پابەندبوون بە سیستەمی کوالێتی.
- بەیەکەوە بەستنەوە و تەواوکاری لە نێوان سەرجەم ئەوانەی وانە دەڵێنەوە و کارگێڕین لە دەزگاکە، هەروەها لە ڕێگای کارکردن بە تیم و بە گیانی تیم.

- جێبەجێکردنی سیستەمی کوالێتی، ڕێز و پێزانین و دانپێدانانی ناوخۆیی بە دەزگای فێرکردن دەبەخشێت.(هاغستروم، 2009،ص 59 - 60 ).

## ❖ ئامانجی بەدیهێنانی کوالێتی گشتگیر لە پەروەردە و فێکردن:

سیستەمی چاککردنی کوالێتی گشتگیر، ئەمانە بەدەیدەهێنێت:

1- بەدیهێنانی کوالێتی بە شێوەیەکی بەردەوام.

2- کەمکردنەوەی تێچوونی خزمەتگوزاری و بەرهەم.

3- دانانی سنورێك بۆ بەهەدەردانی کات بۆ کارکردن.

4- زیادکردنی توانای دەزگای فێرکردن لەسەر کێبڕکی و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خەڵك.

5- زیادکردنی جولە و چالاکییەکانی دەزگای فێرکردن.

6- بەرزکردنەوەی ژمارەی کارکەران لە دەزگای فێرکردن.

7- بونیادنانی متمانەی مامۆستایان بە خودی خۆیان و بەدیهێنانی بەختەوەری لەسەر ئەو دەستکەوتانەی بەدەستی دەهینن.

8- جەختکردنە سەر گیانی هەرەوەزی و هاوکای و کاری بە کۆمەڵ لە نێوان قوتابیان. (عطية، 2009،ص 109 - 110)

## تەوەری دووەم: لێکۆڵینەوەکانی پێشوو

### خشتەی(1)

| ز | لێکۆڵینەوە وساڵی خوێندن | ئامانجی لێکۆڵینەوەکە | شوێنی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکە | بابەتی خوێندن | قۆناغی خوێندن | پرۆگرامی خوێندن | ئامرازەکانی ئامارکردن | ئەنجام | لێکۆڵینەوەی ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | لێکۆڵینەوەی أبو عنزة (2009) | هەڵسەنگاندنی پەرتووکی زمانی عەرەبی بۆ پۆلی دوازدەی لە پارێزگای غزە لە دید و تێروانینی مامۆستایان لەبەر ڕۆشنایی پێوەری کوالێتی. | فەلەستین | پەرتووکی زمانی عەرەبییە | ئامادەیی | پرۆگرامی وەسفی | بەرنامەی بەستەی ئاماری (SPss)، ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوەری، ڕێژەی سەدی، فاکتەری بەیەکەوە بەستنەوەی بیرسۆن، تاقیکردنەوەی دووەم ئەلفا کرونباخ، دەرخستنی یەکایەتی، کولومجرف، | دەستەبەرکردنی پێوەری کوالێتی بە ئاستێکی باش، پلەیەکی گونجاوە بۆ پێوەری کوالێتی، ئەگەر بگات بە ناوەندی ژمێرەیی (70%)، بەڵام چاکترین پێوەری پەرتووکی لەلای مامۆستایان، پێوەری یەکەم(دەرهێنانی هونەری پەرتووکەکەیە) کە ڕێژەکەی (74،75%) لە دوای ئەو، پێوەری سێیەمە کە(ڕێگای خستنەڕووی بابەتەکەیە) ڕێژەکەی (26،70%) لە دوای ئەو پێوەری دووەمە کە (بابەتی خراوەڕوو) ڕێژەکەی (67,74%)، لەدوای ئەوە پێوەری چوارەمە (تایبەتمەندی بابەتی زمانی عەرەبییە) ڕێژەکەی (63,54%)، | هەڵسەنگاندی پەرتووکی خویندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی لەبەر ڕۆشنایی پێوەری کوالێتی پەرتووکی فێرگەیی. |
| 2 | لێکۆڵینەوەی جابر (2016) | هەڵسەنگاندنی پەرتووکی خوێندنەوە بۆ قۆناغی سەرەتایی لەبەر ڕۆشنایی پێوەری کوالێتی پەرتووکی فێرگەیی. | عێراق | پەرتووکی خوێندنەوە عەرەبی | قۆناغی سەرەتایی | پرۆگرامی وەسفی | فاکتەری بەیەکەوە بەستنەوەی بیرسۆن و هاوکێشەی فیشر و کێشی سەدی. | ١_ پەرتووکی خوێندنەوەی عەرەبی بۆ پۆلی چوارەمی سەرەتایی لە چاکترین سێ پەرتووکەکانە، - نموونەی لێکۆڵینەوەکە - بەدیهێنانی ئاستی پەسندە لە پێوەری کوالێتی.<br>٢_ پەرتووکی خوێندنەوەی عەرەبی بۆ پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لە ڕووی پێوەرەوە لە چوارچێوەی ئاستی پەسندندا نییە، ئەگەر نێوەی کوالێتییەکەی بەدەستهێنا.<br>٣_ پەرتووکی پۆلی شەشەمی سەرەتایی لە چوارچێوەی پێوەری کوالێتی نییە، لە حەوت بواردا، تەنها لە یەك بواردا لە ئاستی کوالێتییە. | |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 3 | لێکۆڵینەوەی السلماني (2018) | هەڵسەنگاندنی پەرتووکی زمانی عەرەبی بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی لەبەر ڕۆشنایی پێوەری کوالێتی پەرتووکی فێرگەیی. | عێراق | زمانی عەرەبی | یەکەمی ناوەندی | پرۆگرامی وەسفی | ناوەندی شیاو و کێشی سەدی. | تەوەری ئامانج لە نێوان تەوەرەکاندا لە پلەی یەکەم هاتووە، تەوەری ناوەڕۆکی خوێندن لە دوای ئەو بە پلەی دووە م دێت، پەرتووکی زمانی عەرەبی بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی پێوەرەی کوالێتی تیادا دەستەبەر نییە، لە ڕووی دەرهێنان و چاپ و پرۆسەی جێبەجێکردنی هەڵسەنگاندن و ڕێگاکانی وانەوتنەوە بە ئاستی داواکراو. | |
| 4 | لێکۆڵینەوەی المهداوي (2018) | هەڵسەنگاندنی پەرتووکی خوێندنەوە بۆ قوتابییانی پۆلی یەکەمی سەرەتایی لە ژمارەیەك وڵاتی عەرەبی لەبەر ڕۆشنایی پێوەری کوالێتی پەرتووکی فێرگەیی. | عێراق | پەرتووکی خوێندنەوە | پۆلی یەکەمی سەرەتایی | پرۆگرامی وەسفی | ناوەندی شیاو و کێشی سەدی. | پێوەری کوالێتی پەرتووکی قوتابخانە لە هەموو ئەو پەرتووکانەدا بەردەستە، کە شیکاریان بۆ کراوە، ئەگەر پەرتووکی قەتەر پلەی یەکەمی بەدەستهێنا، پەرتووکی میسر پلەی دووەمی بەدەستهێنا، پەرتووکی عێراق پلەی سێیەم، پەرتووکی ئوردن ڕێژەکەی جێگیر نییە. | |
| 5 | لێکۆڵینەوەی الحسيني (2020) | هەڵسەنگاندنی پەرتووکی زمانی عەرەبی بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی لەبەر ڕۆشنایی پێوەری کوالێتی پەرتووکی فێرگەیی . | عێراق | زمانی عەرەبی | سێیەمی ناوەندی | پرۆگرامی وەسفی (روپێوی) | ناوەندی شیاو و لادانی پێوەری و کێشی سەدی. | زمانی پەرتووکەکە و دەرهێنانی هونەری و چاپەکەی، لە پلەی یەکەم هاتووە، کێشی سەدی گەیشتووە بە (%83.27) بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە لە دوای ئەو لە پلەی دووەم هاتووە کێشی سەدەییەکەی گەیشتووە بە (99.77 %) پێوەری پەرتووکی زمانی عەرەبی بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی بە بەشەکی دەریخستووە (یەکەم پێکهاتووە لە نۆ یەکە، دووەم پیکهاتووە لە حەوت یەکە) | |

## هاوسەنگی لێكۆڵینەوەكانی پێشوو:

ئەوەی خوارەوە هاوسەنگی لێكۆڵینەوەكانی پێشووە، بۆ خستنەڕووی ئاستی هاوڕایی و ناكۆكیان و پەیوەندیان بەو لێكۆڵینەوەی ئێستاوە.

### ❖ شوێنی لێكۆڵینەوە:

لێكۆڵینەوەكانی پێشوو جیاوازن لە ڕووی ئەنجامدانی لێكۆڵینەوەكان، هەندێكیان لە عێراق ئەنجامدراون، وەكو لێكۆڵینەوەكەی (جابر 2016)، لێكۆڵینەوەكەی (المهداوي 2018)، لێكۆڵینەوەكەی (السلماني 2018)، لێكۆڵینەوەكەی (الحسيني 2020)، بەڵام لێكۆڵینەوەكەی (أبو عنزة 2009)، لە فەڵەستین ئەنجامدراوە، هەروەها لێكۆڵینەوەكەی ئێستاش لە عێراق ئەنجام دراوە.

### ❖ ئامانج:

ئامانجی لێكۆڵینەوەكانی پێشوو جیاوازن بە جیاوازی كێشەكانیان، هەندێك لە لێكۆڵینەوەكان ئامانجی هەڵسەنگاندنی پەرتووكی زمانی عەرەبی پۆلی دوازدەیە لە پارێزگای غزە، لە دید و تێڕوانینی مامۆستایان لەبەر ڕۆشنایی پێوەری كوالێتی، وەكو لێكۆڵینەوەكەی (أبوعنزة 2009)، هەروەها لێكۆڵینەوەیەك ئامانجی هەڵسەنگاندنی پەرتووكی خوێندنەوەیە بۆ قۆناغی سەرەتایی لەبەر ڕۆشنایی پێوەری كوالێتی پەرتووكی فێرگەیی، كە لێكۆڵینەوەی (جابر 2016)، لێكۆڵینەوەیەك ئامانجی هەڵسەنگاندنی پەرتووكی خویندنەوە بۆ قوتابییانی پۆلی یەكەمی سەرەتاییە، بۆ ژمارەیەك دەوڵەتی عەرەبی، لەبەر ڕۆشنایی پێوەری كوالێتی پەرتووك (المهداوي 2018)، لێكۆڵینەوەیەك ئامانجی هەڵسەنگاندنی پەرتووكی زمانی عەرەبی بۆ پۆلی یەكەمی ناوەندی لەبەر ڕۆشنایی پێوەری كوالێتی پەرتووكی فێرگەیی (السلماني 2018)، لێكۆڵینەوەیەك ئامانجی هەڵسەنگاندنی پەرتووكی زمانی عەرەبی بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی لەبەر ڕۆشنایی پێوەری كوالێتی پەرتووكی فێرگەیی (الحسيني 2020)، بەڵام

لێکۆڵینەوەی ئێستا، هەڵسەنگاندنی پەرتووکی خویندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی وەرگرتووە، لەبەر ڕۆشنایی پێوەری کوالێتی پەرتووکی فێرگەیی.

## ❖ قەبارەی نموونەکە:

زۆربەی نموونە توێژنەوەکانی پێشوو پەرتووکی پرۆگرامی خوێندن و قوتابییان و مامۆستایانن، لێکۆڵینەوەی (أبو عنزة 2009)، نموونەکەی 200 مامۆستا بووە، لێکۆڵینەوەی (جابر 2016) نموونەکەی 200 مامۆستا لە هەردوو ڕەگەز بووە، لێکۆڵینەوەکەی (السلماني 2018) نموونەکەی 188 مامۆستا لە هەردوو ڕەگەز بووە، لێکۆڵینەوەکەی (المهداوي 2018) نموونەکەی 22 وڵات بووە، لەوانە عێراق و میسر و ئوردنی تیادابووە، لێکۆڵینەوەکەی (الحسيني 2020) نموونەکەی 100 مامۆستا لە هەردوو ڕەگەز بووە، بەڵام لێکۆڵینەوەی ئێستا 165 مامۆستا لە هەردوو ڕەگەز.

## ❖ قۆناغی لێکۆڵینەوەکە:

قۆناغی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو جیاوازن، هەندێکیان بۆقۆناغی بنەڕەتیان وەرگرتووە، وەکو لێکۆڵینەوەکەی (أبو عنزة 2009)، هەندێکی دیکەیان قۆناغی سەرەتاییان وەرگرتووە، وەکو لێکۆڵینەوەی (جابر 2016)، لێکۆڵینەوەی (المهداوي 2018)، بەڵام لێکۆڵینەوەی (السلماني 2018) و لێکۆڵینەوەی (الحسيني 2020) ئەوی دیکە قۆناغی ناوەندیان وەرگرتووە، بەڵام لێکۆڵینەوەکەی ئێستا پۆلی دووەمی بنەڕەتی وەرگرتووە.

## ❖ کەرەسەکانی پێوانەکردن:

زۆربەی لێکۆڵینەوەکان پشتیان بە کەرەسەکانی ڕاپرسی بەستووە، هەروەها لێکۆڵینەوەکەی ئێستاش کەرەسەی ڕاپرسی بۆ لێکۆڵینەوە بەکارهێناوە.

## ❖ ئامرازەکانی ئامار:

زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو ناوەندی ژمێریاری و ناوەندی شیاو و لادانی پێوەری و کێشی سەدی و ڕێژەی سەدیان بەکارهێناوە، هەروەها هاوکێشەی فیشەر و ئامرازی ئاماری بۆ چارەسەرکردنی ئەو داتایانەی پێی گەیشتوون، هاوکات لێکۆڵینەوەی دیکە هەمان ئامرازیان بەکار هێناوە، بەڵام لێکۆڵینەوەکەی ئێستا ناوەندی شیاو وکێشی سەدی .

## ❖ ئەنجامەکان:

لێکۆڵینەوەکان گەیشتوون بە چەندین ئەنجام، لێکۆڵینەوەی (ابو عنزة 2009) گەیشتووە بە دەستەبەری پیوەری کوالێتی پەرتووک لە ئاستی باش، کە پلەیەکی گونجاوە بۆ پێوەری کوالێتی، ناوەندی ژمێرەیی گەیشتووە بە (70%)، چاکترین پێوەری پەرتووک لەلای مامۆستایان، پێوەری یەکەم (دەرهێنانی هونەری پەرتووکەکەیە) هەروەها ڕێژەی (75،74%)، پێوەری سێیەمی لەدوا دێت کە (ڕێگای خستنەڕووی بابەتەکەیە) ڕێژەکەی (67،74%)، پێوەری چوارمی لەدوا دێت کە (تایبەتمەندییەکانی بابەتی زمانی عەرەبییە) ڕێژەکەی (63،54%)، بەڵام لێکۆڵینەوەکەی (جابر 2016) بەپێی ئەنجامەکەی پەرتووکی خوێندنەوەی عەرەبی بۆ پۆلی چوارەمی سەرەتایی، لە چاکترین سێ پەرتووکەکانی نموونەی لێکۆڵینەوەکەیە، لە ڕووی بەدیهێنانی ئاستی پەسند لە پێوەری کوالێتی. بەڵام پەرتووکی خوێندنەوەی عەرەبی بۆ پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لە چوارچێوەی ئاستی پەسند نییە، بەپێی پێوەری کوالێتی، کەواتە نیوەی پێوەری کوالێتی بەدیهێناوە، هەروەها پەرتووکی پۆلی شەشەمی سەرەتایی لە چوارچێوەی پێوەری کوالێتی نییە، لە حەوت بوار تەنها لە یەك بواردا نەبێت. هەروەها لێکۆڵینەوەی (المهداوي 2018) لە ئەنجامەکانی پێوەری کوالێتی پەرتووکی قوتابخانە لە سەرجەم پەرتووکەکانی شیکاری کردوون دەستەبەرە، پەرتووکی وڵاتی قەتر پلەی یەکەی بەدەستهێناوە، هەروەها پەرتووکی مێسر لە پلەی دووەمە، پەرتووکی عێراق لە پلەی سێیەمە، پەرتووکی ئوردن ڕێژەکەی ناجێگیرە. لێکۆڵینەوەی (السلماني 2018) بە پلەی یەکەم گەیشتووە لە تەوەری ئامانج لە نێوان تەوەرەکاندا، لەدوای ئەو تەوەری ناوەڕۆکی

خوێندن لە پلەی دووەمە، لەبەرئەوەی پەرتووکی زمانی عەرەبی بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی پێوەری کوالێتی لە ڕووی دەرهێنان و چاپ و پرۆسەی جێبەجێکردنی هەڵسەنگاندن و ڕێگاکانی وانەوتنەوە لە ئاستی داواکراو دەستەبەر نییە. بەڵام لێکۆڵینەوەی (الحسيني 2020) بەپێی ئەنجامەکەی زمانی پەرتووک و دەرهێنانی هونەری و چاپەکەی لە پلەی یەکەم هاتووە، کێشی سەدییەکەی گەیشتووە بە (83،277%) لەدوای ئەوە بواری ڕێگاکانی وانەوتنە لە پلەی دووەم دێت، کە کێشی سەدییەکەی دەگات بە (77. 99%)، بەوشێوەیە پێوەرەکانی پەرتووکی زمانی عەرەبی بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی بە بەشەکانی جیاوازە (یەکەمیان لە نۆ یەکە پێکهاتووە، دووەمیان لە حەوت یەکە پێکهاتووە).

## ❖ کوالێتی سوودبینین لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوو:

دوای سەرنجدان و ڕوانین لەوانەی لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوو دەستەبەرن، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندیان بە بابەتی لێکۆڵینەوەکەی ئێستاوە هەیە، توانیومانە لایەنە بە سوودەکانی توێژەران لە لێکۆڵینەوەکانی اندا دەستیان کەوتووە، لەم خاڵانەدا پوختیان بکەین:

1- پاڵپشتیکردنی کێشەی لێکۆڵینەوەکە.

2- بەرجەستەکردنی گرنگی لێکۆڵینەوەکە و دەرخستنی پێویسبوون بە لێکۆڵینەوەکە.

3- ڕێکخستنی چوارچێوەی تیۆری بۆ لێکۆڵینەوەکە.

4- هەڵبژاردنی ڕەسەنترین پرۆگرامی لێکۆڵینەوە لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجی لێکۆڵینەوەکە.

5- هەڵبژاردنی سەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەکە و ئەدبیاتە عەرە بی و بیانییەکانی لێکۆڵینەوەکە.

6- پێناسەکردنی ئامرازەکانی ئامارکردنی گونجاو، لەگەڵ پێناسەکردنی بابەتی پرۆگرامەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی، کە توێژەر خوێندویەتی.

7- خستنەڕووی ئەنجامەکانی شیکردنیان بەپێی سەرنج و تێڕوانییەکانی توێژەر لە لێکۆڵینەوەکانی پێشوو داویەتی.

# بەشی سێیەم

# میتۆدی لێکۆڵینەوە ورێکارەکانی

**یەکەم: کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوە و نموونەکەی**

**دووەم: ئامرازی لێکۆڵینەوەکە**

**سێیەم: راستگۆیی ئامرازی لێکۆڵینەوەکە**

**چوارەم: جێگیری ئامراز**

**پێنجەم: جێبەجێکردنی ئامرازی لێکۆڵینەوە**

**شەشەم: ئامرازەکانی ئامارکردن**

# بەشی سێیەم

# میتۆدی لێکۆڵینەوە ورێکارەکانی

توێژەرە لەم بەشەدا ئەو ڕێکارە گرنگانە دەخاتە ڕوو بۆ گەیشتن بە بەدیهێنانی ئامانجی لێکۆڵینەوەکە بەپێی ئەو هەنگاوانەی خوارەوە پەیڕەوی کردوون:

## کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوە پەرتووکی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی لە ڕۆشنایی پێوەری کوالێتی فێرگەیی هەڵدەسەنگێنێت، توێژەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجی لێکۆڵینەوەکەی پشتی بە پرۆگرامی بۆ وەسفی بەستووە، لەسەر ئەو بنەمایەی پرۆگرامێکی گونجاوە بۆ ڕێکارەکانی توێژینەوەکەی هەڵبژاردووە، ئەم پرۆگرامە لە زۆربەی پرۆگرامەکانی دیکە باوتر و بڵاوترە، بە تایبەتی لە لێکۆڵینەوەی پەروەردەیی و دەروونی، شێوازی وەسفی تەنها لەسەر وەسفکردنی دیاردەکان و کۆکردنەوەی داتای دیاردەکات، بەڵکو ئەو تێدەپەڕێنێت، بۆ گەیشتن بە گشتاندنی واتادار شێوازی شیکارکردن و تەفسیرکردن و هەڵسەنگاندن پەیڕەودەکات. (العزاوي، 2008 ،ص79)

ئەم بەشە ئەو ڕێکارانە وەردەگرێت کە توێژەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجی لێکۆڵینەوەکە پشتی پێیان بەستووە، کە کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی ئامرازەکانی لێکۆڵینەوە و ڕێکارە گرنگەکان دەگرێتەوە، بۆ لێکۆڵینەوە لە راستی و جێگیری و ئامرازەکانی ئامارکردن، بەپێی ئەو هەنگاوانەی خوارەوە:

## ❖ ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوە

**یەکەم: کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوە و نموونەکەی:**

کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوەی ئێستا مامۆستایانی زمانی کوردی بە هەردوو ڕەگەزی لەخۆگرتووە، کە لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان بابەتی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ساڵی خوێندنی (2020 - 2021) دەڵێنەوە، بۆ ناسینی کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوەکە، توێژەر سەردانی بەرێوەرایەتی پەروەردەی هەولێر بەشی ئامادەکردن و ڕاهێنان/ هۆبەی لێکۆڵینەوە و لێکۆڵینەوەی دەروونی کردووە، پاشکۆی (1) ئەوە ڕوون دەکاتەوە.

بە لەبەرچاوگرتنی بچووکی قەبارەی کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوەکە، کە ژمارەیان (156) مامۆستایە لە هەردوو ڕەگەز، نموونەی لێکۆڵینەوەکە پێکهاتووە لە سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوەی ڕەسەن، کە ژمارەیان (156) مامۆستایە لە هەردوو ڕەگەز، توێژەر نموونەی نەگۆڕی لە سەرجەمی کۆمەڵگەکە دوور خستوەتەوە.

**دووەم:ـ ئامرازی لێکۆڵینەوەکە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە پەرتووکی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی لە ڕۆشنایی پێوەری کوالێتی پەرتووکی فێرگەیی هەڵدەسەنگێنێت، ئاستی دەستەبەری پێوەری کوالێتی لە کتێبەکە دەزانێت، بە لەبەرچاوگرتنی بچووکی نموونەی لێکۆڵینەوەکە و بڵاوبوونەوەیان لە ناوچەی دوور لەیەك، توێژەر بینی ڕاپرسی ئامرازێکی گونجاوە بۆ زانینی دید و بۆچوونی تاکەکانی نموونەکە، هەروەها ئامرازێکی زانستییە و بە ئاسنی جێبەجێ دەکرێت، دەرفەت بۆ وەڵامدەرەوە دەڕەخسێنێت، بە ڕوونی دید و بۆچوونی خۆی دەربېڕێت، ئازادی و کاتی بە تەواوی بۆ بیرکردنەوە لە وەڵامەکانی دەبەخشێت، هەروەها لە بارودۆخێك خۆی بۆ خۆی هەڵیدەبژێرێت، فشارەکانی سەری کەم دەبێتەوە و پاڵی دەنێت پێداچوونەوە بە زانیارییەکانی بکات. (العساف والوادي، 2011،ص 261)

**ئامادەکردنی ڕاپرسیەکە بەو ڕێکارانەدا تێپەڕیوە:**

1- زانیاری توێژەر لەسەر ئەو لێکۆڵینەوانەی هەڵسەنگاندنیان بەپێی پێوەری کوالێتی وەرگرتووە.

2- زانیاری توێژەر لەسەر ئەو لێکۆڵینەوانەی پێوەری کوالێتی پەرتووکی قوتابخانەیان وەرگرتووە.

3- زانیاری توێژەر لەسەر لێکۆڵینەوە و ئەدەبیات و سەرچاوەکانی پێوەری کوالێتی پەرتووکی قوتابخانەیان وەرگرتووە.

4- زانیاری توێژەر لەسەر ئامانجە گشتییەکانی فێربوونی زمانی کوردی لە عێراق و ئامانجەکانی بابەتی زمانی کوردی لە قۆناغی بنەڕەتی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی.

5- ئەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ ژمارەیەك لە مامۆستایانی زمانی کوردی لە هەردوو ڕەگەز ئەنجامی داوە، هەورەها گوێگرتن لە دید و بۆچوونیان سەبارەت بە پەرتووکی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی.

6- ئاراستەکردنی ڕاپرسی کراوە بۆ داوەران، بۆ ناسینی پێوەری کوالێتی پەرتووکی قوتابخانە بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی، پاشکۆی (3).

7- ئامادەکردنی لیستی یەکەم بۆ پێوەری کوالێتی پەرتووکی فێرگەیی، کە پێویستە لە پەرتووکی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی دەستبەر بکرێت.

8- لیستی پێوەرەکان بە وێنەی یەکەمی بخرێتە بەردەستی داوەران و پسپۆڕانی پرۆگرامەکانی زمانی کوردی و ڕێگاکانی وانەوتنەوە، پێوانە و هەڵسەنگاندن و مامۆستایانی زمانی کوردی لە هەردوو ڕەگەز و سەرپەرشتیارانی زمانی کوردی لە هەردوو ڕەگەز، پاشکۆی ژمارە (2)، لیستی (17) پێوەرێکی لەخۆگرتووە، دابەشکراوە بەسەر (6) بوار و (86) ئاماژە، پاشکۆی (4) ڕوونی دەکاتەوە.

توێژەر لەبەردەم هەر برگەیەك سێ شوێنگرەوەی داناوە، شوێنگرەوەکان ئەمانن:

شوێنگرەوەی یەکەم (بەردەستە بە پلەی گەورە)، شوێنگرەوەی دووەم (بەردەستە بە پلەی پەسەند)، شوێنگرەوەی سێیەم (بەردەستە بە پلەی لاواز).

**خشتەی (2)**

**پێوەری کوالێتی پەرتووکی قوتابخانە بە شێوەی یەکەمی.**

| ز | بوارەکان | پێوەرەکان | ژمارەی ئاماژەکان | کۆی ژمارەی ئاماژەکان |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئامانجەکان | ئامانجەکان لەگەڵ ناوەڕۆکی خوێندن دەگونجێن. | 8 | 17 |
| 2 | | گشتگیری و فراوانی و جۆراوجۆری ئامانجەکان | 5 | |
| 3 | | تایبەتمەندی پاڵنەری هەیە و شیاوی تێبینی و پێوانەکردنە | 4 | |
| 4 | ناوەڕۆکی خوێندن | ناوەڕۆکی ئامانجی پرۆگرامەکە دەخاتەڕوو | 6 | 21 |
| 5 | | لە خستنە ڕووی بابەتەکانی خوێندن و بونیادنانی چەمکە بنەڕەتییەکان بە هاوسەنگی وەسفدەکرێت | 6 | |
| 6 | | ڕەچاوی پێداویستیەکانی داهاتووی مامۆستایان و کۆمەڵگە دەکات | 5 | |
| 7 | | بە پێداویستییەکانی قوتابییان و کۆمەڵگە دەبەسترێتەوە | 4 | |
| 8 | چالاکییەکانی فێرکردن | چالاکییەکان لەگەڵ ئامانجەکانی پرۆگرام و ناوەڕۆك گونجاوە | 7 | 20 |
| 9 | | وروژاندنی پاڵنەری قوتبیان بۆ فێربوون | 5 | |
| 10 | | ڕەخساندنی ژینگەی فێرکردن، دەرفەتی بە ڕێگای فێربوونی چالاك بەدیدەهێنێت | 4 | |
| 11 | | شایستەی بەدیهێنان و جێبەجێکردنە | 4 | |
| 12 | وێنە وشێوە و نیگارەکان | گونجاوی لەگەڵ تەمەنی قوتابییان و ژینگەی واقیعییان | 4 | 8 |
| 13 | | سازانی لەگەڵ ئامانجی پرۆگرام و گشتگیری ناوەڕۆکەکەی | 4 | |
| 14 | پرۆسەی جێبەجێکردن وهەڵسەنگاندن | بەردەوامی هەڵسەنگاندن و گشتگیرییەکەی | 6 | 15 |
| 15 | | گونجاوی هەڵسەنگاندن لەگەڵ پێداویستییە جیاوازەکانی قوتابییان | 4 | |
| 16 | | پرسیارەکان ناوەڕۆکی پەرتووکەکە دەگرێتەوە | 5 | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 14 | 14 | لە دەرهێنانی پەرتووکەکە ڕەچاوی مەرجە پەروەردەییەکان و چاپکردن دەکرێت | دەرهێنـــــان وچاپکردن | 17 |
| 95 | کۆی گشتی | | | |

## سێیەم: ڕاستگۆیی ئامرازی لێکۆڵینەوە:

ڕاستگۆیی بە مەرجە پێویستەکان دادەنرێت، بۆیە دەبێت لە ئامرازەکانی لیکۆڵینەوە پشتی پێ دەبەستێت دەستەبەر بکرێت، هەورەها دەبێت ئامرازەکان راستبن، ئەگەر بتوانن بە کرداری پێوانە بکەین، کاتێك لە پێناوی پێوانەکردن دادەنرێن (عبد الرحمن وزنگنە، 2007،ص 69)، هەروەها (Eble) ئاماژە بەوە دەکات، چاکترین رێگا بۆ دڵنیابوونەوە لە ڕاستی دیاردیی، ئەوەیە کۆمەڵێك لە داوەران ئاستی نواندنی بڕگەیەك بۆ ئەو سیفاتەی پێویستە پێوانە بکرێت دیاری بکەن (Eble,1972,p667).

لەبەرئەوە توێژەر پێوەرێکی خستووەتە ڕوو، کە لەسەر کۆمەڵێك داوەر بونیادی ناوە، لەبەر ڕۆشنای دید و بۆچوون و تێبینییەکانیان لەسەری، توێژەر پشتی بەستووە بە ڕیژەی رێکەوتنی (80%)ی داوەران لەسەر توانای هەر پێوەر و ئاماژەیەك، هاوکات ئەو پێوەرانەی فەرامۆش کردووە، کە ڕێژەی ڕەزامەندی بەدەست نەهێناوە، لەبەرئەوەی ئەگەر بڕگەکە ڕێژەی ڕێکەوتنی نێوان داوەرانی بەدەستهێنا، بڕەکەی (75%) زیاتر دەبێت، بەوشێوەیە دەتوانین بە بڕگە یان بە پێوەر گونجاو بۆ بەیهێنانی ڕاستی هەژمار بکەین(Bloom،1977,p 512)، هەورەها ژمارەی داوەران گەیشتووە بە (19) داوەر، لەبەرئەوە توێژەر کاتێك ڕەزامەندی (14) داوەر زیاتر بەدەست دەهێنێت، ئاماژە و پێوەر بە گونجاو هەژمار دەکات، ڕەزامەندی (14) داوەر و زیاتر، یەکسانە بە ڕێژەی (80%) زیاتر، توێژەر هەمووانی بە تێبینی وەرگرتووە، کە پەیوەستن بە جێگیرکردنی هەموارکردنەوە و داڕشتنەوەی زمانەوانی، دوای هەڵگرتنی (6) نیشانە لە کۆی (95) ئاماژە، شێوەی کۆتایی پێوەرەکان، پاشکۆی ژمارە (3) لە (17) پێوەر و (86) ئاماژە پێکدێت.

## خشتەی (3)

## پێوەری کوالێتی پەرتووکی فێرگەیی بە شێوەی کۆتایی

| ز | بوارەکان | پێوەرەکان | ژمارەی نیشانەکان | کۆی ژمارەی نیشانەکان |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئامانجەکان | ئامانجەکان لەگەڵ ناوەڕۆکی خوێندن دەگونجێن. | 8 | 16 |
| 2 | | گشتگیری و فراوانی و جۆراوجۆری ئامانجەکان. | 4 | |
| 3 | | تایبەتمەندی پاڵنەری هەیە و شیاوی تێبینی و پێوانەکردنە | 4 | |
| 4 | ناوەڕۆکی خوێندن | ناوەڕۆک ئامانجی پرۆگرامەکە دەخاتەڕوو | 5 | 19 |
| 5 | | خستنە ڕووی بابەتەکانی خوێندن و بونیادنانی چەمکە بنەڕەتییەکان بە هاوسەنگی وەسفدەکرێت | 5 | |
| 6 | | ڕەچاوی پێداویستیەکانی داهاتووی مامۆستایان و کۆمەڵگە دەکات | 5 | |
| 7 | | بە پێداویستییەکانی قوتابییان و کۆمەڵگە دەبەسترێنەوە | 4 | |
| 8 | چالاکییەکانی فێرکردن | چالاکییەکان لەگەڵ ئامانجەکانی پرۆگرام و ناوەڕۆک دەبەسترێنەوە | 7 | 19 |
| 9 | | وروژاندنی پاڵنەری قوتبیان بۆ فێربوون | 5 | |
| 10 | | ڕەخساندنی ژینگەی فێرکردن ڕێگا بە بەدیهێنانی فێربوونی چالاك بەدەهێنێت | 3 | |
| 11 | | شایستەی بەدیهێنان و جێبەجێکردنە | 4 | |
| 12 | وێنە و شێوە و نێگارەکان | گونجاوی لەگەڵ تەمەنی قوتابییان و ژینگەی واقیعییان | 4 | 8 |
| 13 | | سازانی لەگەڵ ئامانجی پرۆگرام و گشتگیری ناوەڕۆکەکەی | 4 | |
| 14 | پرۆسەی جێبەجێکردنی هەڵسەنگاندن | بەردەوامی هەڵسەنگاندن و گشتگیرییەکەی | 4 | 12 |
| 15 | | گونجاوی هەڵسەنگاندن لەگەڵ پێداویستییە جیاوازەکانی قوتابییان | 4 | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 16 | | پرسیارەکان ناوەڕۆکی پەرتووکەکە دەگرێتەوە | 4 | |
| 17 | دەرهێنان و چاپکردن | لە دەرهێنانی پەرتووکەکە ڕەچاوی مەرجی پەروەردەیی و چاپکردن کراوە | 12 | 12 |
| کۆی گشتی | | | | 86 |

## چوارەم: جێگیری ئامرازی لێکۆڵینەوە:

مەبەست لە جێگیری ئامرازەکان، ئەوەیە کاتێك تاقیکردنەوە هەمان ئەنجام بەدەستەوە دەدات، ئەگەر دووبارە تاقیکردنەوەکە دوای ماوەیەکی کاتی لە ژێر بارودۆخی هاوشێوە، لەسەر هەمان ئەو کەسانە جێبەجێ بکرێتەوە، پێویستە ئامرازەکان بە جێگیری یان نەگۆڕی وەسف بکرێن، بۆئەوەی بتوانین پشتیان پێ ببەستین. (ملحم، 2011،ص257)

لەبەرئەوە نیشانەی جێگیری ئامرازەکان بە تایبەتمەندی سایکۆمتری گرنگ دادەنرێن، کە پێویستە لە تاقیکردنەوە یان پێوەرە باشەکان بۆ ئامادەکردن دەستەبەر بکرێن، چەندین ڕێگا بۆ دۆزینەوەی ڕێکاری جێگیری هەیە، وەکو دووبارە جێبەجێکردنەوە و شێوازی پاداشتکردن و دابەشکردن لە نیوە (الدليمي والمهداوي، 2005،ص 12).

توێژەر لەسەر دووبارە جێبەجێکردنەوەی ڕاپرسییەکە، پشتی بە ژمێرەی جێگیر بەستووە، لەبەرئەوەی نزیکترە لە بابەتی لێکۆڵینەوەکەی، توێژەر لە جێبەجێکردنی ڕاپرسییەکەی پشتی پێ بەستووە، ئەو ڕاپرسییەی لەسەر نموونەیەك لە مامۆستایانی زمانی کوردی لە هەردوو ڕەگەز کە بابەتی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی دەڵێنەوە جێبەجێ کردووە، نموونەکە پێکهاتووە لە (20) مامۆستا لە هەردوو ڕەگەز، توێژەر ئەو مامۆستایانەی بە ڕێگای هەڕەمەکی لە کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوەکە هەڵبژاردوە، لە ڕێگای ماوەی کاتی جێبەجێکردنی یەکەمی لە جێبەجێکردن دووەم

جیاکردووەتـــەوە، مـــاوەی کـــاتی نێوانیـــان لـــە دوو هەفتـــە تێناپـــەڕێت.(النعیمي وعمـــار، 2011،ص 25).

بـــۆ دۆزینـــەوەی هاوکێشـــەی بەیەکـــەوە بەســـتنەوەی جێگیـــر لـــە نێـــوان پلـــەکانی جێبـــەجێکردنی ڕاپرســـی یەکـــەم و پلـــەکانی جێبـــەجێکردنی ڕاپرســـی دووەم، بـــۆ هـــەر بوارێـــك لـــە (6) بوارەکـــەی ڕاپرســـی، تـــوێژەر هاوکۆڵکـــەی بەیەکـــەوە بەســـتنەوەی بیرســـۆنی بـــەکارهێناوە، لەبەرئـــەوەی لـــە زۆربـــەی هاوکێشـــەکانی بەیەکـــەوە بەســـتنەوە وردتر و باوترە(الشایب، 2009،ص 149).

لەدیـدی هەنـدێك شـارەزایان پێویسـتە هاوکێشـەی بەیەکـەوە بەسـتنەوە، لـە (0.80%) نزمتـــر نـــەبێت. (الضـــامن، 2009،ص 129)، هاوکێشـــەکان بەیەکـــەوە بەســـتنەوە بـــەو شێوەیەن کە لە خشتەی (4) دانراون.

**خشتەی (4)**

**هاوکێشەی جێگیر بۆ ئامرازەکانی لێکۆڵینەوە**

| ز | بوار | هاوکێشەی جێگیر | هاوکێشەی جێگیری هەمووکی |
|---|---|---|---|
| 1 | **ئامانجەکان** | **%0.82** | **%0.82** |
| 2 | **ناوەڕۆکی خوێندن** | **%0.81** | |
| 3 | **چالاکییەکانی فێرکردن** | **%0.82** | |
| 4 | **وێنە و شێوە و نیگارەکان** | **%0.85** | |
| 5 | **پرۆسەی جێبەجێکردنی هەڵسەنگاندن** | **%0.83** | |
| 6 | **دەرهێنان و چاپکردن** | **%0.79** | |

## پێنجەم: جێبەجێکردنی ئامرازی لێکۆڵینەوە:

دوای ئەوەی توێژەر بە شێوەی کۆتـایی لـە ئامـادەکردنی ڕاپرسییەکەی تـەواوبوو، جـەختی لە ڕاستی و جێگیری ئامرازاکان کردەوە، توێژەر ڕاپرسییەکەی جێبەجێکرد لەسـەر نموونـەی

بنــەڕەتی کــە لێکۆڵینەوەکــە دەیانگرێتــەوە، نموونــەی ڕاپرســییەکە مامۆســتایانی خوێندنــەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی لە هەردوو ڕەگەز، بۆ ساڵی خوێندنی (2020 - 2021)، لە ڕۆژی (4/ 11/ 2020) تـا ڕۆژی (25/ 2/ 2021)، لـە ڕێگـای سـەردانە مەیدانییـەکانی لـە قوتابخانــە بنەڕەتییــەکانی پارێزگــای هــەولێر، ڕاپرســییەکە پێشــەکی لــەخۆدەگرێت، تــوێژەر ئامـانجی لێکۆڵینـەوەکـە و شێوازی وەڵامدانـەوەی لـە ڕێگـای دانـی هێمـای (✔) لەبـەردەم هـەر بڕگەیەکی پێوەری و لەو شوێنەی بە گونجاوی دەبینن داناوە.

هـەروەها تـوێژەر لـە ڕێگـای چاوپێکـەوتن لەگـەڵ مامۆسـتایان لـە هـەردوو ڕەگـەز جـەختی لەسەر روونکردنەەی گرنگی لێکۆڵینەوەکە کردووە، هەروەها جەختی لەوە کردوە، وردی و دروستی ئەنجامەکان پشت بە وردی و دروستی وەڵامەکانیان دەبەستێت.

## شەشەم: ئامرازەکانی ئامارکردن:

توێژەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجی لێکۆڵینەوەکەی ئەو ئامرازانەی ئامارکردنی بەکارهێناوە:

1- **هاوکێشــەی پەیەکەوە بەســتنەوەی بیرســۆن:** تــوێژەر دەرهێنــانی هاوکێشــەی جێگیــری ڕاپرسییەکەی بەکارهێناوە.

$$\text{ھـ} = \frac{\text{ن كۆ س ص} - (\text{كۆ س})(\text{كۆ ص})}{\sqrt{\{\text{ن كۆ س}^2 - (\text{كۆ س})^2\}\{\text{ن كۆ ص}^2 - (\text{كۆ ص})^2\}}}$$

کەواتە:

هـ = هاوکێشەی بەیەکەوە بەستنەوەی بیرسۆن.

ن = ژمارەی تاکەکان.

س ص = بەهای گۆڕاوەکان.

(الربيعي، 2018،ص 39)

**2- ناوەنــدی شــیاو: تــوێژەر** بــەکاریهێناوە بــۆ دەرهێنــانی ئاســتی بــەدیهێنانی هــەر ئامــاژە یــەك لــە ئاماژەکــانی هــەر بوارێــك لــە بوارەکــانی هەڵســەنگاندنی پەرتــووکی خوێندن پڕدەکەنەوە، بەپێی ئەو یاسایانەی خوارەوە:

$$\textbf{ناوەندی شیاو} = \frac{\text{د}_1\times 3 + \text{د}_2\times 2 + \text{د}_3\times 1}{\text{کۆ د د}}$$

(هيكل، 1996،ص 231)

**کەواتە:**

د1 : دووبارەکردنەوەی وەڵامەکان لەسەر شوێنگرەوەی (بە پلەیەکی گەورە بەردەستە).

د2 : دووبارەکردنەوەی وەڵامەکان لەسەر شوێنگرەوەی (بە پلەی پەسند بەردەستە).

د3 : دووبارەکردنەوەی وەڵامەکان لەسەر شوێنگرەوەی (بە پلەی لاواز بەردەستە).

3- **کێشـەی سـەدی:** تـوێژەر بـۆ دەرهێنـانی ڕێـژەی سـەدی بـۆ هـەر پێوەرێـك لـە بوارەکـانی هەڵسەنگاندن بەکاری هێناوە.

$$\text{کێشەی سەدی} = \frac{\text{ناوەندی شیاو}}{\text{بەرزترین پلە}^{(*)}} \times 100$$

(الامام واخرون، 1990،ص 32)

* بەرزترین پلە = 3

# بەشی چوارەم

# خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامـەکان

- خستنەڕووی ئەنجامـەکان
- شیکردنەوەی ئەنجامەکان

# بەشی چوارەم

## خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەنجامەکان

ئەم بەشە خستنەڕووی ئەو ئەنجام و شیکردنەوەیانە لەخۆدەگرێت، کە توێژەر لەسەر نموونەی توێژینەکەی لە مامۆستایانی زمانی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی لە هەردوو ڕەگەز پێی گەیشتووە، توێژەر پەیڕەوی ئەم هەنگاوانەی خوارەوەی کردووە:

1- هەژمارکردنی دووبارەبوونەوەی نموونەی لێکۆڵینەوەکە بۆ هەر ئاماژەیەك لە ئاماژەکان، بەپێی سێ شوێنگرەوە بۆ دەرهێنانی بەهای ناوەندی شیاو و کێشی سەدییەکە، هەروەها ناوەندی پێوەر و کێشی سەدییەکەی، هەروەها ناوەندی بوارەکە و کێشی سەدییەکەی.

2- توێژەر بە مەبەستی هەژمارکردنی بەهای ناوەندی شیاو و کێشی سەدی بۆ هەر ئاماژەیەك لە ئاماژەکانی ئامرازەکە، پشتی بە سێ پێوەری بەستووە، شوێنگرەوەی یەکەم ئەوەی داوە (سێ نمرەی گەورە بەردەستە)، شوێنگرەوەی دووەم (دوو نمرە بەردەستە)، شوێنگرەوەی سێیەم (یەك نمرە بەردەستە).

3- هەژمارکردنی ناوەندی نمرەی پێوانەی سێ ڕەهەندی کە (2) نمرەیە، (2) پێوەرە بۆ جیاکردنەوەی نێوانی لایەنی بەهێز و لاوازی بڕگەکان، هەروەها بۆ هەژمارکردنی هەر بڕگەیەك کە ناوەنی شیاوی (2) ی دەستکەوتبێت، لە لایەنی بڕگە بەدیهاتووەکانە لە پەرتووکەکە، هەروەها هەر بڕگەیەك کەمتر لە (2) ی دەستکەوتبێت، لەلایەنی بڕگە بەدینەهاتووەکانە لە پەرتووکەکە.

4- توێژەر بڕگەکانی لە ناو هەر تەوەرێك لە سەرەوە بۆ خوارەوە لە ئامرازەکاندا ڕێکخستووە، واتا لە بەرزترین ناوەندی شیاو بۆ کەمترین ناوەندی شیاو ڕیزبەندی کردوون.

**ئەنجامەکان بەپێی بوارەکان:**

توێژەر بوارەکانی بەپێی ناوەندکانیان و کێشی سەدیان خستووەڕوو، خشتەی (5) ڕوونی دەکاتەوە.

**خشتەی (5)**

**ناوەندەکانی شیاو بۆ بواری ئامرازەکان و کێشی سەدییان**

| ڕێکخستن | بوارەکان | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | دەرهێنان و چاپکردن | 2.36 | %78.49 |
| 2 | چالاکییەکان و فێرکردن | 2.16 | %71.86 |
| 3 | وێنە و شێوە و نیگارەکان | 2.14 | %71.49 |
| 4 | ئامانجەکان | 1.96 | %66.38 |
| 5 | ناوەڕۆکی خوێندن | 1.91 | %63.75 |
| 6 | پرۆسەی جێبەجێکردنی و هەڵسەنگاندن | 1.88 | %62.75 |

**لە خشتەی (5) ئەمانە ڕوون دەکاتەوە:**

1- بواری دەرهێنان و چاپکردن لە نێوان بوارەکاندا بە پلەی یەکەم هاتووە، بوارێکی بەدیهاتووە، کە ناوەندی شیاوی کەیشتووەتە (2.36)، بە کێشی سەدی (%78.49).

2- بواری چالاکییەکانی فێرکردن و لە نێوان بوارەکاندا بە پلەی دووەم هاتووە، بوارێکی بەدیهاتووە، کە ناوەندی شیاوی گەیشتووەتە (2.16) بە کێشی سەدی (%71.86).

3- بواری وێنە و شێوە نیگارەکان لە نێوان بوارەکاندا بە پلەی سێیەم هاتووە، بوارێکی بەدیهاتووە، کە ناوەندی شیاوی گەیشتووەتە (2.14) بە کێشی سەدی (%71.49).

4- بواری ئامانجەکانی بە پلەی چوارەم هاتووە، نزیکە لە بەدیهاتن، کە ناوەندی شیاوی گەیشتووەتە (1.96) بە کێشی سەدی (66.38%)، دەبینین بە جیاوازییەکی زۆر کەم لە پێوەری بەدیهاتوو کەمترە، کە لە پێشدا دیاریمانکرد.

5- بواری ناوەڕۆکی خوێندن بە پلەی پێنجەم هاتووە، دەتوانین ئەوە بڵێین هەروەکو لە بواری چوارەم گوتمان، کە دەکەوێتە پێشی، بەڵام بە جیاوازی گەورەتر لە پێوەری بەدیهاتوو، کە ناوەندی شیاوی گەیشتووەتە (1.91) بە کێشی سەدی (63.75%).

6- بواری پرۆسەی جێبەجێکردنی هەڵسەنگاندن بە پلەی شەشەم هاتووە، دەتوانین ئەوە بڵێین هەروەکو لە بواری پێنجەم گوتمان، کە دەکەوێتە پێشی، بەڵام جیاوازییەکە گەورەترە لە پێوەری بەدیهاتووە، کە ناوەندی شیاوی گەیشتووەتە (1.88) بە کێشی سەدی (62.75%).

**ئەنجامەکانی بواری یەکەم:ـ ئامانجەکان**

ئەم بوارە (3) سێ پێوەری لەخۆگرتووە، ئەنجامەکانی ئەوەی خستووەتەڕوو، بەهای ناوەندی شیاو کەوتووەتە نێوان بەرزترین ناوەند (2.11). نزمترین ناوەند (1.82)، دەتوانین بەم ئەنجامە بڕیار بدەین پێوەرەکانی ئەو بوارە بەدینەهاتووە، خشتەی (6) روونی دەکاتەوە.

**خشتەی (6)**

**ناوەندەکانی شیاو بۆ پێوەرەکانی بواری ئامانجەکانی و کێشی سەدی**

| پلەکان | پێوەرەکان | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | تایبەتمەندی و پاڵنەری هەیە و شیاوی تێبینی و پێوانەکردنە | 2.11 | %70.47 |
| 2 | گشتگیری و فراوانی و جۆراوجۆری ئامانجەکان. | 1.96 | %65.38 |
| 3 | ئامانجەکان لەگەڵ ناوەڕۆکی خوێندن دەگونجێن. | 1.82 | %63.30 |
| | ناوەندی پێوەرەکە | 1.96 | %66.38 |

**لە خشتەی (6) ئەوانە خراوەتەڕوو:**

پێوەری بەدیهاتوو لە بواری ئامانجەکان بۆ پێوەری (1)، کە ناوەندی شیاوی گەیشتووەتە (2.11) بە کێشی سەدی (70.47%) ئاماژەکان بەپێی.

- واقعییەت و شیاوی تێبینی و پێوانەکردنە.

**بەڵام پێوەرەکانی بەدینەهاتووەکان:**

- (گشتگیری ئامانجەکان و فراوانی و جۆراوجۆی) کە ناوەندی شیاوی (1.96) و کێشی سەدی (65.38%) دەستکەوتووە، هەروەها پێوەری (ئامانجەکان دەگونجێن لەگەڵ ناوەڕۆکی خوێندن دەگونجێن) کە ناوەندی شیاوی (1.82) و کێشی سەدی (63.30%) دەستکەوتووە.

**پێوەری یەکەم: ئامانجەکان لەگەڵ ناوەڕۆکی خوێندن دەگونجێن:**

ئەم پێوەرە لەسەر (8)هەشت ئاماژە پێکهاتووە، ئامانجی لێکۆڵینەوەکە ئەوەی دەرخستووە، بەهای ناوەندی شیاو کەوتووەتە نیوان (2.34) وەکو بەرزترین ئاست، (1.49) وەکو نزمترین ئاست، هەروەها ناوەندی پێوەری (1.90)، بەپێی ئەم بەڵگەیە ئەو پێوەرە بەدینەهاتووە، خشتەی (7) روونی دەکاتەوە.

**خشتەی (7)**

**دووبارە بوونەوەی دەستەبەری ئاماژەکانی پێوەری یەکەم و کێشی سەدی لە بواری ئامانجەکان**

| ز.پرسیارەکان | پلە | ئاماژەکان | دووبارەبووەکان | | | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | بەنمرەی گەورە بەردەستە | بەنمرەی پەسەند بەردەستە | بە نمرەی لاواز بەردەستە | | |
| 3 | 1 | لەگەڵ تەمەنی ئەقڵی قوتابییان دەگونجێت | 74 | 34 | 28 | 2.34 | %77.94 |
| 1 | 2 | گرنگیپێدان و مەیلی قوتابیان پڕدەکاتەوە | 59 | 38 | 39 | 2.15 | %71.57 |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2 | 3 | پێداویستییە کردارییەکانی قوتابیان پڕدەکاتەوە | 25 | 89 | 22 | 2.02 | %67.40 |
| 6 | 4 | داڕشتنی دەستەواژەکان بۆ قوتابیان واتادار و ڕوونە | 32 | 84 | 29 | 1.96 | %65.20 |
| 5 | 5 | ڕەچاوی کاتی دیاریکراو بۆ وانەکە دەکات | 22 | 78 | 36 | 1.20 | %63.24 |
| 7 | 6 | ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی لە نێوان قوتابیان دەکات | 27 | 43 | 66 | 1.90 | %57.11 |
| 8 | 7 | لەگەڵ دابەشکردنی بەشەکان دەگونجێت | 20 | 45 | 71 | 1.63 | %54.17 |
| 4 | 8 | ڕەچاوی لایەنی مەعریفی و ویژانی و دەروون جوڵەیی بۆ قوتابیان دەکات | 16 | 35 | 85 | 1.49 | %49.75 |
| **ناوەندی پێوەر** | | | | | | 1.90 | %63.30 |

**لە خشتەی (7) ڕوونکراوەتە:**

ئاماژە بەدیهاتووەکان لە بواری ئامانجەکان، بەرزترین پلە ئاماژەی (3.1.2) بووە، کە ناوەندی شیاوی گەیشتووەتە (2.34)، (2.15)، (2.02)، بەو کێشانە کە بڕەگەیان (%77.94)، (%71.57)، (%67.40). ئاماژەکان بەپێی ڕێکخستنی سەربەرەوخوار ڕیزبەندکراون:

- لەگەڵ تەمەنی ئەقڵیی قوتابییان دەگونجێت.

- گرنگیپێدان و مەیلی قوتابییان پڕدەکاتەوە.

- پێداویستییە کردارییەکانی قوتابیان پڕدەکاتەوە.

**بەڵام ئاماژە بەدینەهاتووەکان:**

- ئاماژەی (6) کە بە دەستەواژەی و بۆ قوتابییان واتادارو ڕوونە داڕێژراوە، کە ناوەندی شیاوی (1.96) و کێشی سەدی (65.20%) ی دەستکەوتووە، ئەوە ئاماژەیە کە زۆربەی ئامانجەکان بە شێوەی ورد و دروست دانەڕێژراون، هەروەها ئەو مەبەستی پێویستە بەدیبهێنرێن، ئامانجەکە دیاری نەکردووە.

- ئاماژەی (5)، (ڕەچاوی کاتی دیاریکراو بۆ وانەکە دەکات)، کە ناوەندی شیاوی (1.20) و کێشی سەدی (63.24%) ی دەستکەوتووە، ئەوە ئاماژەیە کە زۆربەی ئامانجەکان ڕەچاوی سوودبینینی نموونەیی لە کاتی وانەکە نەکردووە، ئەوە وادەکات جێبەجێکردنی پرۆسەی وانەوتنەوە تووشی شێوان ببێت، هەروەها ڕەچاوی دیاریکردنی کاتی نەکردووە، کە هەر قوتابییەك بۆ فێربوون بابەتەکە پێویستی پێیەتی.

- ئاماژەی (7)، (ڕەچاوی جیاوازی تاکاکان لە نێوان قوتابیان دەکات)، کە ناوەندی شیاوی (1.90) و کێشی سەدی (57.11%) دەستکەوتووە، ئەو دەستکەوتە ئاماژە کە زۆربەی ئامانجەکان ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتییان لە نێوان قوتابیان نەکردووە، فەرامۆشکردنی جیاوازی تاکایەتی لێکەوتی نەرێنی لەسەر بەدیهێنانی ئامانجەکانی فێرکردن دەبێت.

- ئاماژەی (8)، (لەگەڵ دابەشکردنی بەشەکان دەگونجێت)، کە ناوەندی شیاوی (1.63) و کێشی سەدی (54.17%) دەستکەوتووە، ئەو ئاماژەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسانەی ئامانجەکانیان داناوە، گونجاوی ئامانجەکانیان بۆ دابەشکردنی بەشەکان بەپێی بابەتە بڕیار لەسەردراوەکان بۆ قوتابیانی پۆلی دووەمی بنەڕەتی وەرنەگرتووە.

- ئاماژەی (4)، (ڕەچاوی لایەنی زانینی و ویژدانی دەروون جوڵەیی بۆ قوتابیان دەکات)، کە ناوەندی شیاوی (1.49) و کێشی سەدی (49.75%)ی دەستکەوتووە، ئەم ئاماژەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامانجەکان زیاتر جەختیان کردووەتە سەر لایەنی مەعریفی لە لایەنی ویژدانی و دەروون جوڵەیی، ئەوەش لەگەڵ مەرجەکانی کتێبی باشی قوتابخانە ناگونجێت، کتێبی باشی

قوتابخانە جەخت دەکاتە سەر لایەنی زانینی و ویژدانی و دەروون جوڵەی بۆ کەسایەتی قوتابی.

**پێوەری دووەم: گشتگیری و فراوانی و جۆراوجۆری ئامانجەکان:**

ئەم پێوەرە (4) چوار ئاماژەی لەخۆگرتووە، ئەنجامی لێکۆڵینەوە کە دەریخستووە، بەهای ناوەندی شیاو کەوتووەتە نێوان (2.06) وەکو بەرزترین ئاست، (87. 1) وەکو نمترین ئاست، هەروەها ناوەندی پێوەری (96. 1)، ئەوە بەڵگەیە لەسەر بەدینەهاتنی ئەو پێوەرە، خشتەی (8)، روونی دەکاتەوە.

**خشتەی (8)**

**دووبارە بوونەوەی دەستەبەری ئاماژەکانی پێوەری دووەم و کێشە سەدییەکانی لە بواری ئامانجەکان**

| ژ. ڕاپرسییەکە | پلە | ئاماژەکان | دووبارە بوونەوە: بەنمرەی گەورە بەردەستە | دووبارە بوونەوە: بەنمرەی پەسەند بەردەستە | دووبارە بوونەوە: بەنمرەی لاواز بەردەستە | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 1 | ئامانجەکان لقەکانی زمانەوانی بەیکەوە دەبەستێتەوە | 57 | 30 | 49 | 2.06 | %68.63 |
| 4 | 2 | بەدیهێنانی جۆراجۆر لە ناوەڕۆکی بابەتی خوێندنی بنەڕەتی | 50 | 32 | 54 | 1.97 | %65.69 |
| 2 | 3 | لایەنە جیاوازەکانی گەشەی قوتابیان دەگرێتەوە | 48 | 33 | 55 | 1.95 | %64.95 |
| 3 | 4 | جۆراجۆری لە نێوان گشتی و تایبەتی | 39 | 40 | 57 | 1.87 | %62.25 |
| **ناوەندی پێوەری** | | | | | | 1.96 | %65.38 |

**لە خشتەی (8) روون بووەتەوە:**

- ئاماژەی بەدیهاتوو لە بواری ئامانجەکانی، ئاماژەی (ئامانجەکان لقەکانی زمانەوانی بەیەکەوە دەبەستێتەوە)، کە ناوەندی شیاوی گەیشتووە (2. 06)، بە کێشی سەدی (%68. 63) .

**بەڵام ئاماژە بەدینەهاتووەکان:**

- ئاماژەی (4)، (بەدیهێنانی جۆراجۆری لە ناوەڕۆکی بابەتی خوێندنی بنەڕەتی)، کە ناوەندی شیاوی (1. 97) و کێشی سەدی (65. 69%) دەستکەوتووە، ئەوە ئاماژە کە جۆراوجۆری لە ناوەڕۆکی بابەتی خوێندنەوەی کوردی، لە ئاستی داوکراودا نییە، ئەگەرچی ئەو جۆراوجۆرییە سوودی زۆری هەیە، هەروەها ڕەنگدانەوەی ئەرێنی لە بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی قوتابیان دەبێت.

- ئاماژەی (2)، (لایەنە جیاوازەکانی گەشەی قوتابییان دەگرێتەوە)، کە ناوەندی شیاوی (1. 95) و کێشی سەدی (64. 95%)ی دەستکەوتووە، ئەوە ئاماژەیە کە ئامانجەکان ڕەچاوی لایەنە جیاوازەکانی گەشەیان نەکردووە، بە تایبەتی کتێبی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی، کە دانراوە بۆ تەمەنێك، هەشت ساڵی تێنەپراندبێت.

- ئاماژەی (3)، (جۆراوجۆری لە نێوان گشتی و تایبەتی)، کە ناوەندی شیاوی (87 .1) و کێشی سەدی (62. 25%) دەستکەوتووە، ئەوە ئاماژەیە کە زۆربەی ئامانجەکان ڕەچاوی تایبەتییان نەکردووە، هەر کارامەیەك ئامانجی تایبەتی هەیە، هاوکات ئامانجی گشتی بۆ بابەتەکە هەیە، بەڵام ئامانجەکان فەرامۆشیان کردووە، پرسی فەرامۆشکردن بووە بە هۆکاری لاوازبوونی ئەو فێرکردنەی پێشکەشی قوتابییان دەکرێت، فێرکردنی لاواز ناتوانێت بیانگەیەنێت بە ئاستی فێربوون و تێگەیشتنی بابەتی فێرکردن.

**پێوەری سێیەم: تایبەتمەندی و پاڵنەری هەیە و شیاوی تێبینی و پێوانەکردنە:**

ئەم پێوەرە (4) چوار ئاماژەی لەخۆگرتووە، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە دەریخستووە، بەهای ناوەندی شیاو کەوتووەتە نێوان (2. 17) وەکو بەرزترین ئاست و (2. 05) وەکو نزمترین ئاست، ناوەندی پێوەری (2. 12) بەڵگەیە لەسەر بەدیهاتنی ئەم پێوەرە، خشتەی (9) روونی دەکاتەوە.

**خشتەی (9)**

**دووبارە بوونەوەی دەستەبەری ئاماژەکانی پێوەری سێیەم و کێشی سەدی لە بواری ئامانجەکان**

| ژ.زنجیرەیی | پلە | ئاماژەکان | **دووبارەکان** بەنمرەی گەورە بەردەستە | بەنمرەی پەسەند بەردەستە | بەنمرەی لاواز بەردەستە | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 3 | 1 | بە ئامرازی جیاواز پێوانە و تێبینی دەکرێت | 46 | 67 | 23 | 2.17 | %72.30 |
| 4 | 2 | بە پێچەوانەی رەفتاری پێشبینیکراو دوای تەواوکردنی پرۆسەی فێربوون لە فێرکردن بە شیاوی وەسفدەکریت | 67 | 22 | 47 | 2.15 | %71.57 |
| 1 | 3 | لە ساتی بەدیهێنانی بە ئامرازە جیاوازەکان بە نەرمی نواندا وەسفدەکرێت | 50 | 48 | 38 | 2.09 | %69.61 |
| 2 | 4 | لەگەڵ چالاکییە جیاوازەکانی فێرکردنی زمانەوانی دەگونجێت | 52 | 39 | 45 | 2.05 | %68.38 |
| **ناوەندی پێوەری** | | | | | | 2.12 | %70.04 |

**لە خشتەی (9) ڕوونکرتوەتەوە:**

سەرجەم ئاماژەکان لە بواری ئامانجەکان بەدیهاتوون، بەرزترین پلە ئاماژەکانی (2، 1، 4، 3)، کە ناوەندی شیاویان گەیشتووەتە (2. 17)، (2. 15)، (2. 09)، (2. 05)، بە کێشی

سەدییان(30. 72%)، (57. 71%)، (61. 69%)، (38. 68%). ئاماژەکان بەپێی ڕێکخستنی سەرەوخوار ڕیزبەندکراوە.

- بە ئامرازی جیاواز پێوانە و تێبینی دەکرێت.

- بە پێچەوانەی ڕەفتاری پێشبینکراو دوای تەواوکردنی پرۆسەی فێربوون لە فێرکردن بە شیاوی وەسفدەکرێت.

- لە ساتی بەدیهێنانی بە ئامرازە جیاوازەکان بە نەرمی نواندا وەسفدەکرێت.

- لەگەڵ چالاکییە جیاوازەکانی فێرکردنی زمانەوانی دەگونجێت.

**ئەنجامی بواری دووەم: ناوەڕۆکی خوێندن:**

ئەم بوارە (4) چوار پێوەری لەخۆگرتووە، ئەنجامەکەی دەریخستووە بەهای ناوەندی شیاو کەوتووەتە نێوان بەرزترین ناوەند (06. 2)، نزمترین ناوەند (75. 1)، کە دەتوانێت بڕیار لەسەر بەدینەهاتنی ئەو پێوەرە بدات، خشتەی (10) ڕوونی دەکاتەوە.

**خشتەی (10)**

**ناوەندەکانی شیاو بۆ پێوەرەکانی تەوەری بواری ناوەڕۆکی خوێندن و کێشی سەدی**

| پلەکان | پێوەر | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | ناوەڕۆکی ئامانجی پرۆگرامەکە دەخاتەڕوو | 2.06 | %68.48 |
| 2 | ڕەچاوی پێداویستیەکانی داهاتووی مامۆستایان و کۆمەڵگە دەکات | 1،98 | %66.18 |
| 3 | خستنە ڕووی بابەتەکانی خوێندن و بونیادنانی چەمکە بنەڕەتییەکان بە هاوسەنگی وەسفدەکرێت | 1.86 | %62.11 |
| 4 | بە پێداویستییەکانی قوتابیان وکۆمەڵگە دەبەستریتەوە. | 1.75 | %58.21 |
| | ناوەندی پێوەرەکە | 1.91 | %63.75 |

**پێوەری یەکەم: ناوەڕۆکی ئامانجی پرۆگرامەکە دەخاتەڕوو:**

ئەم پێوەرە (5) ئاماژەی لەخۆ گرتووە، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە دەریخستووە بەهای ناوەندی شیاو کەوتووەتە نێوان (16. 2) وەکو بەرزترین ئاست، (86. 1) وەکو نزمترین ئاست، هەروەها ناوەندی پێوەری (06. 2)، بەڵگەیە لەسەر بەدیهاتنی ئەم پێوەرە، خشتەی (11) روونی دەکاتەوە.

**خشتەی (11)**

**دووبارە بوونەوەی دەستەبەری ئاماژەکانی پێوەری یەکەم و کێشی سەدییان لە بواری ناوەڕۆکی خوێندن**

| ژ.پرسی | پلە | ئاماژەکان | دووبارەبووەکان | | | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | بە پلەی گەورە بەردەستە | بە پلەی پەسەند بەردەستە | بە پلەی لاوازە بەردەستە | | |
| 2 | 1 | بە ڕەگەزی خرۆشان و سەرنجڕاکێشان بە ئاراستەی قوتابییان وەسفدەکرێت | 62 | 34 | 40 | 2.16 | %72.06 |
| 4 | 2 | بە ڕیزبەندکراو لە ئاسانەوە بۆ ئاڵۆز وەسفدەکرێت | 58 | 38 | 40 | 2.13 | %71.08 |
